ده‌زگای رۆشنبیری و بڵاوکردنه‌وه‌ی کوردی
سه‌ره‌کی ئه‌نجومه‌نی کارگێری و سه‌رنووسه‌ر
مصلح مصطفی جه‌لالی

ساڵی ١٩٧٠ دامه‌زراوه

هاوکاری

التضامن

رۆژنامه‌یه‌کی هه‌فتانه‌یه

له‌م ژماره‌یه‌دا
میهره‌جانی رۆژی سه‌رکه‌وتن له‌پارێزگای سلێمانی له لاپه‌ره‌ی ٨ و ٩ دایه ..

پێنج شه‌ممه ١٩٨٤/١١/٨ ژماره ٧٦١ | ١٢ لاپه‌ره | به ٥٠ فلسه | الخميس ١٩٨٤/١١/٨ العدد ٧٦١

ئه‌نجوومه‌نی نیشتمانی تاقیکردنه‌وه‌یه‌کی ره‌سه‌نه باوه‌ڕی راسته‌قینه به دیموکراتیه‌ت ده‌رده‌بڕێ

سه‌رۆك صدام حسین یه‌که‌م کۆبوونه‌وه‌ی ئه‌نجوومه‌نی نیشتمانی ده‌کاته‌وه

به‌ڕێز سه‌ره‌کی فه‌رمانده صدام حسین دووپاتی کرده‌وه که ئێمه سوورین له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی هه‌موو هه‌ڵێك و هه‌موو توانایه‌کی له بارا بوو بده‌ینه شێوازی ئه‌نجوومه‌نی نیشتمانی تا مه‌یدانێکی ره‌سه‌ن و به‌کار بێ له هه‌ڵس و که‌وتی دیموکراتیانه‌داو له بیناکاری کۆمه‌ڵی نوێدا .

سه‌ره‌کی به‌ڕێز له وتاره‌که‌یدا به‌یانی رۆژی شه‌ممه‌ی رابووردو له کاتی ئاماده‌بوونیا له کۆبوونه‌وه‌ی ده‌وره‌ی دووه‌می ئه‌نجوومه‌نی نیشتمانیدا وتی : سه‌رکردایه‌تی زۆر به‌ته‌نگ ئه‌وه‌وه‌یه تاقیکردنه‌وه‌ی ئه‌نجوومه‌نی نیشتمانی ئاسایی و ره‌سه‌ن بێ و ده‌ربڕی راسته‌قینه بێ له باوه‌ری حزب و شۆڕش به دیموکراتیه‌ت و به‌شداری کردنی به‌کاری جه‌ماوه‌ری گه‌ل له رۆڵه‌کانی کۆمه‌ڵی نوێ .

به‌ڕێزی وتی : تاقیکردنه‌وه‌ی هه‌ڵبژاردنی ئه‌نجوومه‌نی نیشتمانی له ده‌وره‌ی دوومیدا راده‌یه‌کی قوڵتری پێ‌گه‌شتویی نواند دوایی ئه‌وه‌ی بیرو باوه‌ڕو بنه‌ره‌ته‌کان ناسران و دوایی ئه‌وه‌ی کۆمه‌ڵی عیراق هه‌نگاوێکی تری له‌سه‌ر ڕێگای پێشکه‌وتن و یه‌کگرتن و یه‌کێتی بڕی .

دوکتور سعدون حمادی سه‌ره‌کی ئه‌نجوومه‌نی نیشتمانی دواو ڕێزی نا له پشتیوانی کردنی فه‌رمانده صدام حسین بۆ ئه‌نجوومه‌نی نیشتمانی و له یاوشگرتنی دیموکراتیه‌ت و چه‌سپاندنی بنه‌ره‌تی به‌و ناوه‌وه‌ی ده‌ربڕی به‌کاری ڕێزگرتنی به‌های مرۆڤه .

دوکتور سعدون حمادی دووپاتی کرده‌وه که راسپارده‌و ئاموژگاریه‌کانی به‌ڕێز سه‌ره‌کی فه‌رمانده بنه‌ره‌ت ده‌بن بۆ کاری ئه‌م دامه‌زراوه‌و په‌ره‌پێدانی چالاکیه‌کانی و ده‌وری له بیناکاری دیموکراتیه‌ت و چه‌سپاندنی بنه‌ره‌تیدا .

له کۆتایی کۆبوونه‌وه‌که‌دا به‌ڕێزان ئه‌ندامانی ئه‌نجوومه‌نی سه‌رکردایه‌تی شۆڕش طه یاسین رمضان جێگری به‌که‌می سه‌رۆك وه‌زیران و طه محی الدین معروف جێگری سه‌رۆك کۆمار و به‌ڕێزان ئه‌ندامانی ئه‌نجوومه‌نی سه‌رکردایه‌تی شۆڕش و هاوڕێیان ئه‌ندامانی سه‌رکردایه‌تی قوتری حزبی به‌عسی عه‌ره‌بی شۆسیالست و به‌ڕێز سه‌ره‌کی دیوانی سه‌ره‌کایه‌تی ئاماده بوون .

ده‌قی وتاره‌که‌ی سه‌ره‌کی فه‌رمانده له‌ل ٣دایه

له بروسکه‌یه‌کدا بۆ سه‌ره‌کی فه‌رمانده جه‌ماوه‌ری سلێمانی ڕێشتیوانی بۆ ڕته‌وکردنی یه‌کێتی نیشتمانی دووپات ده‌کاته‌وه

جه‌ماوه‌ری پارێزگای سلێمانی ، له‌کۆتایی ئاهه‌نگه‌کانیا به‌بۆنه‌ی بیره‌وه‌ری یه‌که‌می سه‌ردانه‌که‌ی به‌ڕێز سه‌ره‌کی فه‌رمانده صدام حسین‌ه‌وه بۆ پارێزگاکه‌یان ئه‌م بروسکه‌یه‌یان ئاراسته‌ی به‌ڕێز سه‌ره‌کی فه‌رمانده کردوه :

بۆ به‌ڕێز سه‌ره‌کی فه‌رمانده

بۆ ره‌مزی ئه‌مری و فه‌رمانده‌ی میژوویی هاوڕێی تێکۆشه‌ر صدام حسین خوا پارێزگاری بێ .

رۆڵه‌کانی گه‌ڵی کوردت له پارێزگای سلیمانی که جوانترین رۆژان و شیرین ترین ساتی هیوایان به‌سه‌ر برد له‌میهره‌جانی سه‌رکه‌وتندا که له ٣ی تشرینی دووه‌مه‌وه ده‌ستی پی‌کردو بۆ ماوه‌ی سێ رۆژی به‌رده‌وام به‌ختیارو خۆشحاڵن جوانترین خۆشه‌ویستی و شانازی به به‌ڕێزتان بگه‌یه‌نن به‌بۆنه‌ی دوایی هاتنی میهره‌جانه‌که‌وه‌و سوپاس و ڕێزیان ده‌ربڕن به‌رامبه‌ر سه‌رپه‌رشتی دڵسۆزانه‌تان بۆ ئه‌م میهره‌جانه که نوماییشیکی جه‌ماوه‌ری بوو ، قوڵی په‌یوه‌ندی و یه‌کگرتویی رۆڵه‌کانی گه‌ڵی کوردتانی سه‌ڵاند له‌گه‌ڵ سه‌رکردایه‌تی میژوویتان و سووربوونیان هه‌تا هه‌تایه له‌سه‌ر ڕته‌وکردنی یه‌کێتی نیشتمانی و له‌سایه‌ی ره‌شماڵی عیراقی مه‌زن و بیروباوه‌ری حزبی سه‌رکرده‌مان و شۆڕشه پیرۆزه‌که‌ماندا .

به‌م بۆنه ئه‌مره‌وه به‌ڵێن دووپات ده‌که‌ینه‌وه که هه‌میشه سه‌ربازی وه‌فاداری به‌رگری کاربین له خاکی پیرۆزمان و هه‌موو گران‌به‌هایه‌کمان له‌لا هه‌رزان بێ له پێناوی به‌دی هێنانی سه‌رکه‌وتنی ته‌واودا به‌سه‌ر دوژمنی ئێرانی داخ له‌دڵداو به‌رده‌وام بین له به‌خشش له ره‌وتی تێکوشانی سه‌رکه‌وتودا به‌سه‌رکردایه‌تی میژوویتان بۆ بیناکاری عیراقی سه‌ربه‌رزو پێشکه‌وتوو رۆژانی داهاتوومان ده‌که‌ینه شایی له‌عیراقی ئازیزداو له‌سایه‌ی ئاڵای شه‌کاوه‌تانداو بۆیێشه‌وه .

جه‌ماوه‌ری سلیمانی

کۆبوونه‌وه‌ی به‌رزی کۆشنشی خێرخوازی له‌م مانگه‌دا ده‌بێ

سه‌رچاوه‌یه‌کی وه‌زاره‌تی ده‌ره‌وه‌ی به‌نگلادیش رای گه‌یاند که لیژنه‌ی کۆشنشی خێرخوازی سه‌ر به ڕێکخراوی کونگره‌ی ئیسلامی له سێیه‌م هه‌فته‌ی ئه‌م مانگه‌دا له ده‌کا کۆده‌بێته‌وه له‌پله‌ی به‌رزدا ده‌بێ به ئاماده بوونی سه‌رۆك وڵاتانی ئه‌ندام له لیژنه‌که‌دا .

بریاربوو کۆبوونه‌وه‌که له کۆتایی ئه‌م هه‌فته‌یه‌دا بێ به‌ڵام له‌به‌ر کوشتنی ئه‌ندیرا غاندی دوا خرا .

سه‌رچاوه‌که رای گه‌یاند به‌نگلادیش ئاماده‌یه بۆ میبواندارى کردنی کۆبونه‌وه‌ی به‌رزی ئیسلامی به‌پێی پێشنیاری سه‌رۆك حسین ئه‌رشاد له ته‌فه‌للایه‌کی نوێدا بۆ دوایی هێنان به‌شه‌ری عیراق و ئیران .

لیژنه‌یه‌کی جیهانی بۆ لێکۆڵینه‌وه له تاوانی رژێمی ئێران له کوشتنی دیله عیراقیه‌کاندا

نه‌ته‌وه یه‌کگرتووه‌کان : ئادع : له نه‌ته‌وه یه‌کگرتووه‌کانا بڵاوکرایه‌وه که‌وا نه‌مینداری گشتی‌ی ئه‌م ڕێکخراوه جیهانی‌یه جافیر پێریز دی کویلار ده‌سته‌یه‌کی پێکهێناوه بۆ ئه‌وه‌ی بڕوا له تاوانی کوشتنی دیله عیراقی‌یه‌کان بکۆڵێته‌وه له ئۆردوگای جورجانی ئێرانی له ده‌ی مانگی ڕابوردوودا .

دێکۆ کۆردوفیز یارمه‌تیده‌ری سیاسی‌ی ئه‌مینداری گشتی‌ی نه‌ته‌وه یه‌کگرتووه‌کان وتی ئه‌م ده‌سته‌یه له هه‌فته‌ی داهاتوودا به‌ره‌و ئێران ده‌ڕواو له‌وێ پێنج ڕۆژ ده‌مێنێته‌وه بۆ لێکۆڵینه‌وه له باره‌ی کاره‌ساتی کوشتنی دیله عیراقی‌یه‌کان له‌و ئۆردوگا ئێرانی‌یه‌داو ئه‌مه‌یشی به لیژنه‌ی خاچی سووری جیهانی گه‌یاندووه .

هه‌روه‌ها وتی ده‌سته‌که پاش ته‌واوبوونی ئیشه‌که‌ی له ئێران ده‌ڕوا بۆ عیراق و له‌وێیش هه‌مان ماوه ده‌مێنێته‌وه .

ده‌سته‌که سێ ئه‌ندامی تیایه له نه‌رویج و ژاپۆن و فه‌نزویلاو به سه‌رۆکایه‌تی بینون سیفان ده‌بێ که به‌ڕێوه‌به‌ری ئه‌مینداریتی نه‌ته‌وه یه‌کگرتووه‌کانه .

شابانی باسه عیراق داوای له نه‌ته‌وه یه‌کگرتووه‌کان کردبوو که به په‌له له تاوانه‌که‌ی ڕژێمی ئێران بکۆڵێته‌وه و بۆ ئه‌مه به‌ڕێز طارق عزیز جێ‌نشینی سه‌رۆك وه‌زیران وه‌زیری ده‌ره‌وه نامه‌یه‌کی ناردبوو بۆ دی کویلاری ئه‌مینداری گشتی‌ی ڕێکخراوه جیهانی‌یه که .

هه‌روه‌ها عیراق داوای ئه‌وه‌ی کردبوو که سرای ڕژێمی ئێران بدرێ له‌سه‌ر گۆی‌پێ‌نه‌دانی به‌و ڕێکه‌وتنه ده‌وله‌تی‌یانه‌ی که له‌باره‌ی پاراستنی دیله‌کانی شه‌ڕه‌وه مۆرکراون وه‌ك ڕێکه‌وتنی جنێف .

مورفی : سوریا بایه‌خ به وتوویژ له‌گه‌ڵ « ئیسرائیل » ده‌دات

ڕیشارد مورفی یاریده‌ده‌ری وه‌زیری ده‌ره‌وه‌ی ئه‌مه‌ریکا بۆ کاروباری رۆژهه‌ڵاتی ناوه‌راست دووپاتی کرده‌وه که رژێمی حافظ اسد زۆر بایه‌خ ده‌دات به وتوویژی نێوان لوبنان و قه‌واره‌ی زایونی که بریاره ئه‌مرۆ رۆژی پێنج شه‌ممه ده‌ست پی‌بکات .

مورفی ئه‌مه‌ی له‌کاتی کۆبوونه‌وه‌یدا له‌گه‌ڵ ئه‌سحه‌ق رابین وه‌زیری شه‌ڕی زایونی دوژمنداراگه‌یاند .

زیان گه‌یاندنی زیاتر به بنکه و مۆڵگاکانی دوژمن

ئێرانیه‌کان به‌رده‌وام هه‌ڵدێن و خۆیان به‌ده‌ست هێزه‌کانمانه‌وه ده‌ده‌ن

بۆ به‌رگری له عیراق و پاشه‌ڕۆژی زیاتر ڕووناکی رۆڵه‌کانی ، جه‌نگاوه‌ره‌کانی سوپای عیراقی دڵێر به‌رده‌وامن له به‌رگری کردنی مه‌ردانه له سنووری وڵات و به‌ره‌نگاری کردنی ئازایانه‌ی هێزه‌کانی رژێمی ئێرانی داخ له دڵ .

له‌م هه‌فته‌یه‌دا ، ماڵی گه‌وره به هێزه‌کانی به‌یاننامه‌کانی سه‌رکردایه‌تی گه‌یه‌نراوه . به‌تایبه‌تی ئه‌م گشتی هێزی چه‌کدارمان هه‌فته‌یه چه‌ندان جار رابان گه‌یاند که له هه‌موو ده‌وریه جه‌نگیه‌کانمان به‌ره‌کانی جه‌نگدا ده‌ستی هه‌ڵمه‌تی کوت و پڕیان بردۆته توندو جه‌رگ بڕ له دوژمن سه‌ر بنکه‌و مۆڵگاو وه‌شێنراوه‌و زیانی سه‌رو سه‌نگه‌ره‌کانی دوژمن‌و زیانی سه‌رو ماڵی زۆری پی‌گه‌یاندن‌و سه‌ره‌رای ده‌ست به‌سه‌را گرتنی چه‌ك‌و جبه‌خانه‌ی دوژمن له‌و سه‌نگه‌رانه‌دا .

بنکه تۆپه‌کانمان له‌م هه‌فته‌یه‌دا بۆردومانی راسته‌وخۆی هێزه‌کانی دوژمنیان کردوه‌و راسته‌وخۆ توانیوبانه نیشانه‌کان بپێکن‌و ئاگریان له زۆر بنکه‌ی هێزه‌کانی دوژمن به‌رداوه .

له‌م هه‌فته‌یه‌دا ، ژماره‌یه‌کی زۆر له ئێرانیه‌کان ، هه‌ندێکیان به خێزانه‌کانیانه‌وه له ده‌ست زوڵم‌و زۆری رژێمی خومه‌ینی جادووگه‌ر هه‌ڵاتوون‌و خۆیان داوه به ده‌ست هێزه‌کانی ئێمه‌وه‌و پێشوازیان کراوه‌و به سه‌لامه‌تی گه‌یه‌نراونه‌ته هیله‌کانی پشته‌وه‌ی به‌ره‌ی جه‌نگ .

راپه‌ڕین و مانگرتن فه‌له‌ستینی زه‌وتکراو داده‌گرێ

عه‌ممان : ئاژانسه‌کان : شاره‌وانی ناصره‌و ئه‌نجومه‌نی ناوخۆی ام‌الفحم مانگرتنه‌که‌ی کرێکارانیان توندتر کرد که پێی ناوه‌ته هه‌فته‌ی سێهه‌م‌و قوتابخانه سانه‌ویه کانیش خۆیان دایه پاڵ مانگرتنه‌که .

ئه‌م مانگرتنه دژی چالاکی نیشه‌جێ زایۆنی‌یه‌کان ده‌ستی پێ‌کردووه که له‌م دوو شاره‌دا شوولیان لێ‌هه‌لکێشاوه‌و جۆره‌ها کاری ناڕه‌وا ده‌که‌ن .

هه‌روه‌ها هێزه زایۆنی‌یه‌کان چه‌ند ڕۆژێکه دابه‌زیونه‌ته شه‌قامه‌کانی شاری نابلس و ئۆردوگای به‌لاطه‌وه‌و شه‌ڕ به دانیشتوانیان ده‌فرۆشن .

له لایه‌کی تریشه ڕادیۆی زایۆنی دوژمن بڵاوی کرده‌وه که وا دوو سه‌ربازه کوڕوکچه‌که‌ی که به تاوانی به‌شداری کردن له ته‌فه‌کردن به ساروخ له پاسێك له شاری قودسدا گیرابوون به‌ردران .

هیند به‌ره‌و هێمنی ده‌ڕوا
خۆله‌مێشی ئه‌ندێرا غاندی به‌سه‌ر شاخه‌کانی هیمالایادا بڵاوده‌کرێته‌وه

نیودیلهی : پایته‌ختی هیندیودیلهی ئارام بووه‌وه پاش تێپه‌ڕبوونی دوو ڕۆژ به‌سه‌رسپاردنی لاشه‌ی سه‌ره‌ك وه‌زیرانی به‌سه‌رچووی هیندئه‌ندێرا غاندی‌دا . به‌ڵام ژیان هێشتا نه‌چوه‌ته‌وه دۆخی جاران .

قه‌ده‌غه‌کردنی هاتووچو به ڕۆژا هه‌ڵگیرا بۆ ئه‌وه‌ی خه‌ڵکی شه‌ته‌ومه‌کی خوارده‌مه‌نی‌ی پێویستی خۆیان ده‌ستبکه‌وێ هێشتا قوتابخانه‌کان نه‌کراونه‌ته‌وه به‌ڵام هۆیه‌کانی هاتووچو ورده ورده که‌وتنه‌وه جم‌وجووڵ‌و سیخه‌کانیش هێشتا هه‌ر ده‌ترسن به ڕبشو مێزده‌ره دباره‌کانیانه‌وه له شه‌قامه‌کانا بکه‌ڕێن .

له‌لایه‌کی تریشه‌وه راجیف غاندی خۆڵی لاشه‌که‌ی دایکی کۆکرده‌وه که سووتێنرابوو به‌پێی داب و نه‌ریتی هیندۆسه‌کان‌و پاش ئه‌وه‌ی به شه‌مه‌نده‌فه‌ر ئه‌م خۆڵه به هه‌موو لایه‌کی هیندا ده‌که‌ڕێنرێ به‌سه‌ر شاخه‌کانی هیمالایادا بڵاوده‌کرێته‌وه .

بڕیار وایه خۆڵی لاشه‌که بخرێته چل قابی مسه‌وه‌و پاش گه‌ڕان به هه‌موو لایه‌کی وڵاتدا به‌کێ له‌م قابانه له‌و خانوه‌دا هه‌ڵبگیرێ که ئه‌ندێرا غاندی ژیانی گه‌نجایه‌تی تیا به‌سه‌ر بردووه‌و ئه‌وانی تریش کۆده‌کرێنه‌وه پێکه‌وه له فرۆکه‌به‌که‌وه به‌سه‌ر شاخه‌کانی هیمالایادا بڵاوده‌کرێته‌وه .

هه‌روه‌ها شابانی باسه که تێکڕای کوژراوانی ئه‌و شه‌ڕو کۆبه‌نده‌ی که به‌هۆی کوشتنی ئه‌ندێرا غاندی‌یه‌وه به‌رپابوو له ٩٠٠ که‌س تێپه‌ڕین .

به‌کورتی

ره‌بات :
ئه‌مینداری حزبی سه‌ربه‌خوی مه‌غرب محمد بوسته پشتیوانی ته‌واوی حزبه‌کای بۆ ڕێکخراوی رزگاری خوازی فه‌له‌ستین ده‌ربڕی‌وه‌و ناره‌زایی ده‌ربڕی وه‌به‌رامبه‌ر ده‌ست خستنه کاروباریه‌وه .

قاهیره :
ئه‌میر طلال عبدالعزیز نێرراوی ڕێکخراوی یونسیف سه‌ره‌کی به‌رنامه‌ی گه‌شه‌پێدانی خه‌ڵیج سه‌ردانه‌که‌ی بۆ میسر دوای پێ‌هێنا .

مه‌درید :
خوان کارلوسی مه‌لیکی ئه‌سپانیا کونگره‌ی جیهانی پاراستنی سرۆشتی له پایته‌ختی وڵاته‌که‌ی کرده‌وه .

صنعاء :
له‌م هه‌فته‌یه‌دا ئه‌نجوومه‌نی سنووقی نه‌ته‌وه‌یی فه‌له‌ستین له شاری صنعا کۆبونه‌وه‌ی ساڵانه‌ی خۆیی به‌ست .

تونس :
وه‌زیری ده‌ره‌وه‌ی تونس له‌گه‌ڵ وه‌زیری ده‌ره‌وه‌ی مالتا ئالیزی نیرگونا کۆبۆته‌وه‌و له په‌یوه‌ندی نێوان هه‌ردوو وڵاتیان دواون

Institut Kurde de Paris

له بروسکەیەکدا بۆ سەرەکی فەرماندە صدام‌حسین

سەرەك وئەندامانی ئەنجوومەنی یاسادانان بەیمان دەدەن بۆ هەوڵدان و بەخشین بۆ چەسپاندنی تاقی کردنەوەی ئۆتۆنۆمی

سەرەكو ئەندامانی ئەنجوومەنی یاسادانانی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستانی پەیمان تازەدەکەنەوە بۆ سەرەکی فەرماندە صدام‌حسین بە بەردەوامبوون لە [redacted]ان و بەخشش لە پێناوی خزمەتی شۆڕش و ئامانجەکانی و بەرجەستەکردنی خواستەکانی سەرکردایەتی .

لەو بروسکەیەی بۆ سەرەکی فەرماندە هەواڵە کرابوو لە کۆتایی کۆبوونەوەی کردنەوەی خولی دووەمی ئەنجوومەنەکە تیادا ئەوەیان‌دووپات کردەوە ئامادەیی خۆیان دەربڕی بۆ زیادەستهێنانی سەرکەوتنی زیاتر لە هاوشانی هێزەچەکدارە دلێرەکانماندا دژ بە دوژمنی ئێرانی داخ‌لەدل .

لەمەی خوارەوەش دەقی‌بروسکەکەیە :-

بەڕێز سەرەکی فەرماندەصدام حسین . لەگەڵ ئەو سەرکەوتنە یەك لە دوای‌یەکەی کە قارەمانانی هێزە چەکدارە دلێرەکانمان‌وەدەستی دەهێنن بۆ بەرگری‌کردن لە شەرەفی‌نیشتمان‌و سەربەرزی‌و کەرامەت‌و نرخە مرۆڤایەتیەپیرۆزەکان دژ بە لێشاوی درندانەی تەتەرەکان کە‌رژێمی ئێرانی داخ لەدل نوێیەریەتی .

وە لە گەرمەنی ئاهەنگەکانی گەلەکەماندا بەبۆنەی سەرکەوتنەبەرزەکانەوە کە لە کەرتی جموجۆڵەکانی فەیلەقی دووبەدەستهێنرا ، ئەنجوومەنی یاسادانانی ناوچەی‌کوردستانی ئۆتۆنۆمیش دووەم خولی ئاسایی سالی١٩٨٤ دەست‌پێدەکات .

ڕەوتی ساڵانی ڕابووردولە تەمەنی ئەنجومەنی یاسادانان‌و ئۆتۆنۆمی‌دابەشێوەیەکی گشتی ڕاستی ئەو تاقی‌کردنەوە دەگەمەنەدووپات دەکاتەوە ، بەپێی ئەوەی شێوازێکی بێهاوتایەبۆ پێخۆشحاڵی‌ی گەلی کوردمان بە مافە نەتەوایەتیەڕەواکانی لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتووگەشاوەو پەرەسەندودا بۆ هەتا هەتایە ئەو گرەوانەیان‌پووچ‌کردەوە کە دام‌و دەزگاکانی ئیمپریالیزم‌وزایونی ئاواتە خوازی بوون‌و بەرجەستەکردنی یەکێتی گەلی عیراقە بە عەرەب‌و کورد‌و سەرپاکی‌کەمایەتیەکانی تر‌و پتەوبونی چارەنووسی‌بەسەرکردایەتیە مێژوویی‌و ئازاکەتان .

لەم بۆنەیەوە بەختەوەروشەرەفمەندم ئەی سەرەکی فەرماندە کە بە ناوی خۆم‌وئەندامانی ئەنجوومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان‌و جەماوەری نارچەکەوە گەورەترین سوپاست پێشکەش بکەم‌و ڕێز بۆ ئەو سەرپەرشتیە بەردەوامەی لە لایەن بەڕێزتانەوە بۆ دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی . لە خوا داواکارین کە ڕەوتە سەرکەوتووەکەمان پتەو کات‌و سەرکەوتن ببەخشێتە سوپا دلێرەکەمان پەیمان تازە دەکەینەوە کە سەربازی بەوەفاین بۆ پاراستنی نیشتمان‌و بەختکردنی گشت بەهاو نرخێك لەم ڕێگایەدا تاوەکو هەموو ئامانجەکانمان دێتەدی بۆ بنیاتنانی باغەی عێراقێکی پێشکەوتوو کەشە سەندوو سەربەرزدا بەسەرکردەی گەلی عیراقی مەزنمان بمێننەوە کە هەرئەوە سەرکەوتنی یەك لەدوای‌یەك بەدەستدەهێنێ لە ژێر ئالای شەکاوەتاندا . پیرۆزبایی گەرمی قارەمانەکانی هێزە چەکدارە دلێرەکانمان دەکەم کە جوانترین داستانی قارەمانیەتی دەنەخشێنن لە بەرەکانی پێشەوەدا . نەمری بۆ شەهیدە دلێرەکانمان ئەوانەی بەخۆینی گەشی خۆیان سەرکەوتنیان بۆ عێراق نووسی .

ئەحمەد عەبدولقادر
نەقشبەندی سەرەکی ئەنجوومەنی یاسادانانی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان

پێشانگای بەغداد ئاڵوگۆڕی بازرگانی تێدەو دەکاڵە نێوان عێراق و وڵاتانی بەشداری تێیدا دەکەن

پێشانگاکە لە هەمو جیهاندا بە ناوبانگە و ڕێزی هەیە

کەس ناتوانێ گرنگی‌ی پێشانگاکان بخاتە پشت گوێ لە وڵاتە پێشکەوتووەکانا چونکە ئەم پێشانگایانە بە هۆیەکی ڕاگەیاندن دادەنرێن پێشانگای بەغدایش بە یەکێ لە پێشانگا سەرکەوتووەکانی جیهان دادەنرێ‌و یەکێکە لەو پێشانگایانەی کە لەمەوبەر لە بەغدادا دەکرانەوەو ئیستا جێگایەکی گەورەی هەیە لە ناو پێشانگاکانی جیهاندا .

بەبۆنەی کردنەوەی خولی (٢١)ی پێشانگای جیهانی‌ی بەغداوە لەگەڵ بەڕێز فلاح میرزا بەڕێوەبەری گشتی‌ی پێشانگاکانی عێراق جاوپێکەوتنێکمان کرد . لە بارەی کردنەوەی ئەم خولەوە لەگەڵیا دواین .

بەبەڕێوەبەری گشتیمان وت :

چۆن بیری کردنەوەی پێشانگای جیهانی‌ی بەغدا پەیدابوو ؟

- بیری کردنەوەی پێشانگای جیهانی‌ی بەغدا لەوەوە سەری هەڵدا کە عێراق دەبەوێ پێوەندی‌یەکی ئابووری‌ی پێشکەوتوو دابمەزرێنێ لەگەڵ وڵاتانی جیهانداو بەتایبەتی لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا کە پێوەندی‌یەکی ئاشکراو دیارمان هەیە لەگەڵیانا ئەمە بێجگە لەو دەورە گەورەیەی کە پێشانگا دەیبینێ لە گواستنەوەی داهێنان‌و گۆڕانکاری تەکنۆلۆژی لەبارەی ئەو بەرهەمانەی کە دەوڵەتان پێویستی‌یان بە زانینی زانیاری زۆرتر هەیە لەبارەیانەوە سەرەڕای دانیشتوانی ئەو وڵاتەی کە پێشانگاکەی تیا ڕێکدەخرێ.

پاش شۆڕشی ١٧-٣٠ی تەمووزی پیرۆز ژمارەی ئەو دەوڵەتانەی کە بەشداری‌یان تیا کرد زیادبوو تا لەم خولەدا گەیشت ٧٣ دەوڵەت کە مەلبەندەکانیان بالاترین جۆری تەکنۆلۆجیاو پێشەسازی‌یان تیایە .

مەبەست لە ڕێکخستنی ئەم پێشانگایە چی‌یە ؟

- مەبەست لە ڕێکخستنی ئەم پێشانگایە ئاڵوگۆڕکردنی شارەزایی‌و زانیاری‌یە لە بواری پێشەسازی‌و جۆرەها داهێناندا لەگەڵ بەرپان‌کردنی ئاسۆی پێشەسازی نیشتمانی .

ئایا بەڕێوەبەرایەتی پێشانگا هیچ جۆرە شتێکی چاپکراوی ئامادەکردووە بۆ ناساندنی سەرلێ‌دەران‌و ئەوانەی لە دەرەوە دێن بۆی پێ‌ی ؟

- بەڵێ چاپکراوی وا هەیە بەڕێوەبەرایەتی‌ی پێشانگا بە هاوکاری لەگەڵ وەزارەتی ڕۆشنبیری‌و ڕاگەیاندندا ئامادەیان کردووە بۆ ناساندنی پێشانگاکەمان بەوانەی لە دەرەوە دێن‌و ئەوانەی سەر لە پێشانگاکەمان دەدەن لەگەڵ ئەو دەستکەوتانەی کە لە وڵاتماندا هاتوونەتە دی بە سەرەکایەتی سەرەك‌و پێشەوامان تێکۆشەر صدام حسین .

گرنگی‌ی پێشانگاکەو ئامانج‌و پاشەڕۆژی چین ؟

- وەك باسمان‌کرد پێشانگاکە گرنگی‌یەکی زۆری هەیە لە چوارچێوەی ئەو ئامانجانەی کە دەیانهێنێتەدی بە گوێزانەوەی ئەو داهێنانەی کە لە پێشەسازیدا کراون .

لە ساڵی ١٩٨٤دا عیراق لە چەند پێشانگای دەرەوەدا بەشداری کردووە ؟

- ساڵی ١٩٨٤ وڵاتمان لە ١٢ پێشانگادا بەشداری کردووەو ئەم بەشداری‌کردنەیش لەگەڵ فەرمان‌و ئامۆژگاری‌یەکانی سەرکردایەتی‌ی حزب‌و شۆڕشدا دەگونجێ لەوەدا کە حەز بەوە دەکەین لەگەڵ گەلانی جیهاندا بەئاشتی بژین‌و بۆئەوەی مافی سروشتی خۆمان ڕوون‌بکەینەوە لەوەدا کە حەزمان لەوەیە بەئاشتی بژین لەوکاتەدا کە هێزەکانی خراپە لە قوم‌و تاراندا بەردەوامن لەسەر دەستدرێژی چەپەلیان بۆ سەر وڵاتمان‌و دەستکەوتە مرۆڤایەتی‌و شارستانی‌یەکانی. بەشداری‌کردنمان لە پێشانگاکانی دەرەوەداو ئەو مەدالیایانەی کە وەرمان‌گرتووە تیایانا باشترین بەڵگەن لەسەر تیشکی خۆشەویستی‌و ئاشتی‌ی عیراق بە پێچەوانەی ئەوەی کە ئێران بەڕەو شەڕو وێرانکاری‌و خەڵك هەڵواسین ڕووی وەرچەرخاندووە .

ژمارەی مەڵبەندەکانی کەرتی گشتی لەم خولەدا چەندە ؟

- لە پێشانگاکەدا مەڵبەندێکی زۆر گەورە هەیە بۆ پێشەسازی‌ی نیشتمانی لە هەموو کەرت‌و چالاکی‌یەکانیاو سەردەرەکان ئەو هەڵەیان دەبێ کە سەیری تازەترین بەرهەمی عیراقی بکەن هەروەها چالاکی‌ی تریش هەیە بۆ کەرتی تایبەتی .

ئەنجا بەڕێوەبەری گشتی قسەکەی بەمە تەواوکرد :

- پێشانگای بەغدا کە ناوو جێگایەکی باڵاو دیاری بۆ خۆی وەدەستهێناوە لەناو پێشانگا جیهانی‌یەکانداو لای دەوڵەت‌و کۆمپانیاکان قەدرێکی باشی هەیە‌و دەورێکی گەورە دەگێڕێ لە پتەوکردنی پێوەندی بازرگانی‌و ئابووری لەنێوان وڵاتمان‌و وڵاتانی‌تری جیهاندا کە لەم بەیەکگەیشتنەدا بەشداری دەکەن کە لەم ساڵانەی دوایدا بەهۆی یارمەتی بەردەوامی سەرکردایەتی حزب‌و شۆڕشەوە لە نەش‌ونما پەرەپێداندایەو سرنجی زۆربەی دەوڵەتان‌و ئەوانەی ڕاکێشاوە کە خەریکی بازرگانی‌و ئابوورین .

ئەنجوومەنی یاسادانانی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان یەکەم کۆبوونەوەی خولی دووەم دەبەستێ

سەرەكو ئەندامانی ئەنجوومەنی یاسادانانی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان‌بەڵێن ئەدەنە سەرەکی فەرماندە صدام حسین بۆ پێشکەشکردنی هەوڵ‌و بەخششی زیاتر بۆ خزمەتی‌عێراقی سەربلند‌و شۆڕشە سەرکەوتووەکەی‌و بەختکردنی گیان لە پێناوی خاکی نیشتمانداا .

ئەمەش لە یەکەم کۆبوونەوەی خولی دووەمی ئەنجوومەنی یاسادانانداا هات‌کۆبوونەوەکە دەستی پێکرد بە دەقیقەیەك ڕاوەستان‌ماتەمینی بۆ گیانی شەهیدە دلێرەکانمان ئەوانەی بۆ بەرگری‌کردن لە کەرامەتی عێراقیەکان شەهید بوون لەجەنگی شەرەفمەندی جەنگی قادسیەی صدامی نەمردا .

پاش ئەوە بەڕێز ئەحمدعبدالقادر نەقشبەندی سەرەکی ئەنجوومەنی‌یاسادانان ووتاری کردنەوەی خوێندەوە وتیدا بەڵێنی دا بۆبەردەوام‌بوون لە بەخششی بە پیت‌و کارکردنی دڵسۆزانەی بێووچان لە پێناوی سەربەرزی عێراق‌وڕابەڕین‌و پێشکەوتوو گەشانەوەی تاقی‌کردنەوەی‌ئۆتۆنۆمیداو ئەنجامدانی باری سەرنجەکان‌و بنچینەکانی ئەودیموکراتیەی ئەنجوومەنی یاسادانان گرتویەتە بەروەهەروەها پتەوکردنی ڕەوتی ئۆتۆنۆمی‌و چەسپاندنی باری‌سەرنجەکان‌و بەهاکانی لە پێناوی پتەوکردنی یەکێتی‌نیشتمانی وبە دەسپێشانی‌کردنی ئەو بەرنامەیەی کە‌ئەنجوومەنەکە پەیڕەوی دەکات هەر لە سەرەتای‌دروست‌بوونیداا لە ساڵی ١٩٨٤وە سەرەڕای هەموکۆسپ‌و تەگەرەیەك .

ئەوەشی دووپات کردەوەکە خولی ئێستای ئەنجوومەن داواکێراوە بۆ بەخششی‌گەورە بۆ بەرەنگاری‌کردنی هەموو جۆرە پیلان‌وتەلەکەبازیەك کە دژ بە تاقی‌کردنەوەی دیموکراسیانەی ئۆتۆنۆمی دەکرێ .

هەڵمەتی نیشتمانی سەرجەم بۆ پەرەپێدانی بەرهەم‌و توانای بەرهەمدان

کرێکارانمان لە مەیدانی‌کاردا لە نایابترین تاقی‌کردنەوەدا ئەژین ئەمیش‌ئەنجامی ئەو هەڵمەتی نیشتمانیە سەرجەمەیە کەبۆ زۆرکردنی بەرهەم‌و بەرزکردنەوەی توانای‌بەرهەمدان هەیە .

کرێکارانمان پاڵ پێوە ئەنێ بۆ ئەوەی گۆرانی شۆڕشگێری لە کۆمەڵدا بکەن کە بیگەیەنێتە قۆناغێکی نوێ‌ی پێشخستنی بەرهەم‌و بۆ ئەم مەبەستەش‌و ڕوون‌کردنەوەی چاومان بە بەرێز جهاد خماس ئەندامی مەکتەبی ڕابەڕاندن‌و ئەمینداری پەیوندی‌کردنی بەرهەم لە یەکێتی نیقابەکانی کرێکاران کەوت‌و وتی :

هەڵمەتی نیشتمانی سەرجەم بۆ پەرەپێدانی توانای تاکە ئامانجێکی کاتی نیە بگرە هەر وەك ئەیزانین بە پیرەو چونێکی تێگەیشتوانەی ڕێنیشاندانەکانی سەرکردەی سەرکەوتن هاوڕێ صدام حسینە کە کار لەگەڵ بنیاتنانی نوێ‌ی عیراقداو لە بوارەکانی گەشەسەندن‌و بەخششی گەورەو ئەو خۆبەختکردنانەدا بروات کە سەربازەکانی سەرەکی فەرمانده صدام حسین لە سەنگەرەکانی سەرکەوتن‌و شەرەفدا پێشکەشی ئەکەن دژی دەستدرێژی‌کردنی نەزانەکانی قوم‌و تاران .

لەم تێگەیشتنە بەرو باوەرداری‌ی هەڵمەتەکەوە ئەو هەڵمەتەی کە یەکێتی گشتی نیقابەکانی کرێکاران سەرکردایەتی ئەکات بە ئەرکێکی بنەڕەتی دالەنرێ لە ناو ڕێکخراو حزبی‌و جەماوەری‌و پلەی کۆمەڵ‌و دەزگا جۆر بە جۆرەکانی دەوڵەتدا .

وامان دانا کە بەرهەمی تاکە یەك لە بوارەکانی کاری بەرهەمداندا هەشتکە لە بەخششی بیر و باوەڕدارانەی و پێوانەی ڕەنگدانەوەی بیری حزبەو ئەم هەڵمەتەش خۆپیشاندانێکی ئابووری‌و پەروەردەیە بۆ باڵاترکردنی ئابوری نیشتمانی‌و زۆرکردنی پێویستی‌یەکانی شەری ڕەواو پیرۆزمان .

ڕێکخراوە نیقابی‌یەکان سورە لەسەر گەشەپێدان‌و قوڵکردنەوەی کاری دیموکراتیانەو بەهێزکردنی بەبوەندی ئەم کارە لە ناو کرێکاراندا بۆ بەرەپێدان‌و پێشخستنی بەرهەم.

ذکریات محمد حسن

Institut kurde de Paris

هاوکاری لەگەڵ ڕازگری‌نووسینگەی باکوری حزب [redacted]

عێراق قەڵایەکی گەورەیەو ناپۆخێ

● **لقی هەولێر :**

دوا بەدوای سەرکەوتنەکانی‌سوپای دلێرمان لە فەیلەقی دووەمدا ، شارەکانی عیراق،وە لەگەنیاندا شارەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی چەندان‌خۆپیشاندانی تایبەتی‌و میهرەجانی خۆشەویستی‌خۆیان ساز کرد کە تا ئێستاش بەردەوامەو تیایداهاووڵاتیان تێکڕا بەشداری دەکەن ...

لە هەولێری پایتەختی ئۆتۆنۆمی کە ئامادەیە بۆ هەمو فوربانی‌دانێك لەپێناو عیراقی مەزن ، چاومان بەهاوڕێ ڕازگری ناوچەی‌باکوری پارتی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب بەرێز ادریس قصاب باشی کەوت‌و لە وەڵامدا بۆ هاوکاری دواو وتی :

عیراقی مەزن ، هەر لە ڕۆژەکانی شەڕەوە کە ئێرانی داخ لەدل فەرزی کردە سەرمان گەورەترین داستانی سەرکەوتنی تۆمار کردو بەتووندی بەرپەچی کاربەستانی ئێرانی دایەوە کە دەستیان بۆ خاکی پیرۆزمان درێژ کردو ویستیان ئەم عیراقە ئازیزە بکەنە مەیدانی پیلانە گڵاوەکانی خۆیان ..

جەنگ بەردەوام بو ، ئێران دوچاری شکستەو ماڵ‌وێرانی بوو ، کەچی عیراق ڕۆژ بە ڕۆژو بەدرێژایی ساڵانی کوشتار دەنگی بەرزتر بۆوە ، دلێرانە وەستا، گەل لە دوای ڕابەری کاروانی سەرکەوتن صدام حسین چەکی هەڵگرت ، لە هەموو شەڕەکانی ئەم چەند ساڵە پەندی گەورەی دایە دوژمن بۆ ئەوەی هۆشی بێتەوە سەر خۆی ..تا ئەم چەند ڕۆژانەی ڕابردوو کە ویستی بەختی خۆی لە «سیف سعد» تاقی‌کاتەوە ..

کەچی جەنگاوەرانی عیراق بۆی لە سەنگەردا بوون ، دووبارە قوربانی گەورەیان داو خاکی پیرۆزیان لە چنگی سەگە هارەکانی ئێرانی ڕەگەزپەرست ڕزگار کرد ...

سیف سعد نەکەوت‌و سیف سعد ناکەوێ ، بەڵکو دەبێتە نیشانەیەکی زیندووی عیراقیەکان .. وایان دەزانی سیف سعد دەبێتە مەیدانی ئەوان ، بەڵام کەل دەزانێ چۆن ، لێرە لەم عیراقە مەزنە خاك دەپارێزێ ..

تا سەری خۆیان دا لەبەرد ..نەیان‌زانی عیراق قەڵایەکی سەختەو ناکەوێ.. هەر بەم بۆنەوەش ، هەولێر دووپاتی دڵسۆزی‌و وەفاداری خۆی دەکاتەوە بۆ هەموو قوربانی‌دانێك .. بەڵێنی ئەوەش ئەدەینە سەرکردەی کاروان صدام حسین کە بەخۆین ئەم قەڵا بەرزە بپارێزین ..

تێڕوانینەوە

ماوەی سێ‌و چوار مانگێکەلایەنێك لە سلێمانی خەریکی ڕاکێشانی بۆری ئاوی ناوشارن ، ئەوەی سەرنج ڕاکێشە ! لەم ڕۆژانەی‌دوایدا جێگای کارکردنیان گەیشتە ئەو قامەگشتی‌یە نێوان شەقامی سالم‌و گەرەکی ڕزگاری ،کەبەشێوەیەکی هونەری‌و خێرا هەڵیەکەندرێت‌و بۆریەکان‌دانەنرێت‌و دانەپۆشرێتەوەو قیرتاویش نەکرێت ، کەچی‌هەر ئەولایەنە هەرچی کۆڵانی ناو شاری سلێمانیەهەڵیاندڕیوە ، ماڵ‌نەماوە لەدەست تەپو تۆز بێزاری‌دەرنەبڕێت ، هەندێ لەر شوێنانەش خۆی قیرتاو بوەیان کونکرێتی بەردەرگای ماڵان بوە ، پاش ئەوەی‌بوریەکانیان داناوە هەروا بەگڵەکە داپۆشراوەتەوەبەنیوەناچڵ ، ئەم بۆ وا !؟ ئەبێت بڵین ئەوەی لەبەرچاوانە لەبەر دڵانە ...

ئازاد

ووتەکەی بەڕێز سەرەکی فەرماندە صدام حسین لەکاتی کردنەوەی یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجومەنی نیشتمانی دا

٢ / ١١ / ١٩٨٤



(((بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان)))

برایان ..

سەرەکو ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی .. سلاوتان لێبێ لەگەل خێرو بەرەکەتی خوادا ..

شادمانم بە کردنەوەی یەکەم کۆبوونەوەی دووهەم ئەنجومەنی کە لە ولاتمانا هەلدەبژێرێ لەبەرئەوە سلاوو پیرۆزبایینتان پێشکەش دەکەم بە بۆنەی متمانەکردنی گەل پێتانو .. هەلبژاردنتان بۆ ئەم ئەرکە پیرۆزە .

ئەنجومەنی نیشتمانی وەك چۆن راپۆرتی ناوەندی کۆنگرەی نۆیەمی هەرێمایەتی حزب دووپاتی کردەوە .. یەکێکە لەو دەزگا ناوەندییانەی کە شۆڕش بنیاتی ناونو .. ئەو شانبەشانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش خەریکی ئەرکی یاسادانانە کە ئەرکێکی سەرەکییە نەك لە بارەی دەستووری یا قانوونییەوە بە تەنیا .. بەلکو لە سووچی ویستی قوولی نیشتمانی سەرتاپاوە بۆ بنیاتنانی کۆمەلگا تازەکەمان کە حزبی سەرکردە .. حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست نەخشەی کێشاوە .

هەروەها ئەنجومەن .. شانبەشانی حزبو دەزگا دەستووریەبەجۆرەکان خەریکی ئەرکی چاودێری‌کردنی دەزگاکانی دەولەتو .. کاروباری بریار لەسەردانی بۆجەو .. نەخشەی پەرەپێدانو چاودێری‌کردنی باشی جێبەجێ کردنیەتی .. بێجگە لە ئەرکە سیاسیو کۆمەلایەتییەکانی تری کە بالاتر داو .. لەگەل بەرەوپێش‌چوونی توانای دەربڕینی ئەم بیروباوەڕەدا .

● تاقیکردنەوەیەکی ڕاستو ڕەسەن ●

شێوەی .. ئەنجومەنی نیشتمانیش .. بەو جۆرەی کە خولی پێشوو هەیبوو و .. وەك ئەوەی لە ئەنجومەنی تازەدا هەیەو لەسەر ڕێزگرتن لە ڕای گەل وەستاوە لە هەلبژاردنی ئەوەی نوێنەریەتی لە ڕێگای بنیاتنانی کۆمەلگای تازەدا بەپێی بیروباوەڕو ئامانجەکانی شۆڕش .. شێوەیەکە شیاوی تازەکردنەوەی بەردەوامە لەگەل مانەوەی پێوەندییدا لەگەل بنجی کرۆکی بابەتەکەدا .. کە بڕێتییە لەوەی کە گەل خۆی دەستی هەبێ لە هەلبژاردنی ئەوانەی لای وایە باشتر دەتوانن ئەو دەربڕنو نوێنەری بن لە کاری دیموکراسیو بنیاتنانی کۆمەلگای تازەدا .

خولی ڕابوردوو یەکەم تاقیکردنەوە بوو لەم شێوەیە لە ژیانی گەلی عیراقداو ئەوەتان لە بیرە کە لە کردنەوەی ئەنجومەنی نیشتمانیی یەکەمدا وتم .. چونکە بە ڕاستی ئەو تاقیکردنەوەیە ڕاستەقینەو ڕەسەن بوو .. و جۆرە ڕوالەتێکی هەبوو جیاواز لە هاو تاقیکردنەوەکانی جیهان .. ڕوالەتێکی وا کە ڕاستیی ئەو کۆمەلگا تازەیەی دەردەخست کە دروستی دەکەین .. ئەو کۆمەلگایەی کە لەسەر ڕاستگۆیی لەگەل دەروونەدا دامەزراوەو .. لەسەر پێوەندیی ڕەسەن لە نێوان حزبو سەرکردایەتیو گەلدا .. کۆمەلگایەك کە هەموو عیراقییەکان بەشداری دەکەن کە بنیاتنایاو بە هەمان سووربوونو دلسۆزی خەریکی باراستنو پێشخستنینی .

لەم ئەنجومەنە دووهەمەیشتانا بەشێوەیەکی گشتی هەمان بناغەو بیروباوەڕ بەکارهێنراوە کە لە هەلبژاردنی ئەنجومەنی یەکەمدا بەکارمان هێنا .. ئەو بناغانەی کە وەك تاقیکردنەوەیەکی بێوێنە شانازییان پێوە دەکەین و .. وەك وتم ڕوالەتەکانی گەلەکەمانو سروشتی شۆڕشەکەمان دەردەخەن کە لە دەروونی گەلو بەرژەوەندییە جەوهەریەکانیەوە هەلقولاون .

تاقیکردنەوەی هەلبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی پلەیەکی قوولتری گەیینی دەربڕی .. پاش ئەوەی بنەڕەت و بیروباوەڕەکان زانران و .. پاش ئەوەی کۆمەلگای عیراق مەودایەکی تری بڕی .. لە ڕێگای پێشکەوتن و بەیەکداچوون و یەکێتیدا .

ئەگەر بەشداری‌کردنی میللی لە هەلبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانیی یەکەمدا جوان و فراوان بووبێ .. بەشداری‌کردن لە هەلبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانیی دووهەمدا جوانترو .. فراوانترو .. بەڕاستی .. ڕوالەت جیاواز بوو .

● خەیاتی دوژمن خاوبوو ●

ئەم بەشداریە لە کۆڕی ئەو بەرهەلستییەدا دەرکەوت کە نیشتمانمان دەیکا دژی دەستدرێژی ئێران و .. لە چوارچێوەی سووربوونی بەهێزو ڕەسەنی عیراقدا ڕووی‌دا بۆ ڕووبەڕووبوونی ئەم دەستدرێژییەو .. وردو خاش‌کردنیو .. بەردەوامبوون لەسەر ژیانو بەردەوامبوون لەسەر بنیاتنانو .. بەردەوامبوون لەسەر بەرەوپێش‌چوون .

ئەو شێوەیەی کە عیراقییەکان بە پیاوو ئافرەتەوە بەشداری‌یان کرد پێی لە هەلبژاردنی دووەم ئەنجومەنی نیشتمانی‌یاندا بە جۆرێکی ڕاستەقینەو خولقێنەر سروشتی ئەو ئارەزووە ڕەقە دەردەبڕێ کە پشتی ئەو جەنگە دەگرێ کە ولاتمان دەیکاو ڕاستیی هەلوێستی پیاوانو ئافرەتانی عیراق دەردەبڕێ بەرامبەر بەم جەنگەی کە سوپاس بۆ خوا سەرکەوتووین تیایاو .. کە دەبێ بگەینە نوخته کۆتایی تیا بە دوا سەرکەوتن بە یارمەتی خوا .

دوژمنی کینە لە دلو نەفامی ئێرانی .. ویستی بە هۆی کات دانانی دەستدرێژییەکەی بۆ سەر کەرتی سیف سعد لە ڕۆژی ١٩/١٨ی تشرینی یەکەمو ڕۆژانی دوایدا دوو مەبەست بەدیبهێنێ یەکەمیان شاردنەوەی ئائومێدییەکەی لەو قانوون دەسنیشانی کردوونو .. کە لە خولی ڕابوردوودا بە هاوکاریو ڕێك‌وپێکی لەگەل سەرکردایەتیو دەزگا دەستووریەکانو دەزگاکانی دەولەتو جەماوەری گەلدا جێبەجێی کردن .

وە هەروەك چۆن ڕاپۆرتی ناوەندی کۆنگرەی نۆیەمی هەرێمایەتی دووپاتی کردەوە .. سەرکردایەتی زۆر سووربوو لەسەر ئەوەی کە تاقیکردنەوەی ئەنجومەنی نیشتمانی سروشتیو ڕەسەن بێتو بەشێوەیەکی ڕاست باوەڕی حزبو شۆڕش دەربڕێ بە دیموکراتی‌یەتو بە بەشداری‌کردنی کاریگەری جەماوەری گەل لە بنیاتنانی کۆمەلگای تازەدا .. بەتایبەتی چونکە عیراق لە مێژووی تازەیدا تاقیکردنەوەیەکی ڕەسەنی لەم جۆرەی نەدیوە .. چونکە پاش ئەو پارلەمانە دەستکردانەی کە لە هەندێ قۆناغی پێش شۆڕشی تەمووزی ١٩٥٨دا هەبوونو کە بە فێڵوفڕو ساختەو بەرتیلو زۆر دەهێنرانە کایەوە ئیتر دەزگای یاسادانان لە ولاتدا نەبوە کە بە هۆی هەلبژاردنی ڕاستەوخۆ پەیدابووبن لە لایەن گەلەوەو .. ئەم دەزگایە سەری هەلنەدا تا پاش ئەوەی کە تاقیکردنەوەی شۆڕشی حەفدە - سی‌ی تەمووز بەتەواوی جێگیربوو ، لە حوزەیرانی سالی ١٩٨٠دا .

● پەیڕەوی‌کردن بە دیموکراسی‌یەت ●

وە چونکە کۆمەلگاکەمان .. برایان .. کۆمەلگایەکی ڕاپەڕیوە .. تاقیکردنەوەکە تایبەتی‌یەکەی خۆی لە کەلەپووری گەلو دەروونیو .. ویستە سەربەستەکانیو .. بلیمەتی‌یە خولقێنەرەکەی .. هەلدەکۆڵێ .. لە سەرەتاوە سەیری ئەنجومەنی نیشتمانیمان وا کرد کە پەیڕەوی‌یەکی دیموکراسی‌یە پێوەندە بە بارودۆخەوەو سروشتی ئەم بارودۆخە دەردەخاو .. لە هەمان کاتیشدا بەشێوەیەکی زیندوو و خولقێنەر پێوەندی هەیە لەگەل ئەو وێنە فراوانو بالاترەی ژیانو کۆمەلگادا کە ئاواتی بۆ دەخوازینو .. کە بیروباوەڕی حزبو شۆڕشو ئامانجە بەرزەکانیان نەخشەیان دەکێشن .

بیروباوەڕو شێوەکان حالەتێکی ژیانو .. ئادەمیزادانەن .. بەو شێوەو هۆیانەشەوە کە بۆ دەربڕینی دیموکراسی‌یەت بەکاردەهێنرێنو .. شتێکی ئاسایی‌یە کە ئەم شێوەو هۆیانە لەگەل پەرەسەندنی ژیانا بەردەبێتنو هەر شێوەیە لە شێوەکانی دەربڕینی دیموکراسی‌یەت .. هەرچەندە لە بیروباوەڕیشەوە هەلقولابێ هەر وەك شێوەیەکی ڕێکخستنی وا سەبردەکرێ کە شیاوی پەرەسەندنو تازەبوونەوەبێ لەگەل بەرەوپێشچوونی ژیانو بەرەوپێش‌چوونی تێڕوانینی وێنەی فراوانترو نییە کەوا لەم هەلبژاردنەدا بەشداری‌یەکی دیاریان‌کردو .. ئەمە مانایەکی قوولی هەیە لە ژیانی نیشتمانا .

چونکە لەبەر باری ئەو شەڕەی کە نیشتمان دەیکاو .. چوونی سەدەها هەزار پیاو بۆ بەرەو .. مەحرووم بوونیان لە مافی هەلبژاردن بەپێی یاسای ئەنجومەنی نیشتمانی کە ڕێگای ئەوە نادا ئەوانەی لە هێزە چەکدارەکانان دەنگ بدەن .. لەبەر ئەمە ڕێژەی ئافرەتان لەناو ئەوانەدا کە مافی دەنگدانیان هەیە بەرزتر بوو لە هەلبژاردنی ئەنجومەنی پێشوو و وەك ڕاهاتووین ئافرەتانی عیراق لەم هەلبژاردنەدا بە هەموو چالاکیو توانایەکەوە بەشداری‌یان کردو .. بەم جۆرە بەخشندەیی‌یەکی تازەیان خستە سەر بەخشندەیی‌یە نیشتمانی‌یەکانیان کە پێوەندی‌یەکی قوولی بە بەرگری‌کردنەوە هەبێ لە نیشتمانو بە بەرەوپێش چوون بە هەموو ئازایەتیو چاونەترسی‌یەکەوە بە ڕێگای بنیاتنانو .. بە ڕێگای پێشکەوتنو گەشەکردنو ژیانێکی باشتردا .

هەلبژاردنەدا کە چەند مانگ لەمەوبەر کردیو زۆربەی هەست پێکراوی گەلی ئێران بەشداری تیا نەکردو ڕاستیو ڕەسەنایەتیو حەماسەتی تیا نەبوو و ڕاستیی ڕژێمەکەی دەرخست کە ڕژێمێکی ستەمکارو سەرنەکەوتووەو .. دووهەم ئەوەیە کە ناکۆکی بڵاوبکاتەوەو هەلبژاردنەکەی عیراق پەك بخا بۆ ئەوەی ئەو ڕژێمە وا پێشانی گەلەکەیو ڕای گشتیی جیهانی بدا کە بارودۆخمان باشتر نییە لە بارودۆخیو .. بەلام لە مەیدانی جەنگدا خەیالی خاوەو هەلسەنگاندنەکانی لە مەیدانی سیاسیو دەروونیشدا پووچە .. چونکە لە کاتێکدا کە ڕۆلە دلێرەکانتان .. لە هێزە چەکدارەکاندا هەلمەتیان دەبردە سەر دوژمنو تێکیان دەشکاندو .. سەرەڕۆیی‌یە پووچەلەکەیانی وردوخاش دەکرد .. ملیۆنەها لە عیراقی‌یەکان بە پیاوو ژنەوە بە کۆمەل کۆمەل بەرەو سندووقەکانی دەنگدان دەڕۆیشتن لە دێهاتو شارەکانی عیراقدا .. بۆ ئەوەی بە تاوو هۆشیاری‌یەکی ڕەسەنەوە بەشداری بکەن لە هەلبژاردنەکەدا .

● هەلبژاردنێکی پێگەیبوتر ●

ئاواو بەم جۆرە پیاوو ئافرەتە عیراقی‌یەکان تێکەیشتبوون خۆیان دەربڕی بۆ سروشتی جەنگ .. هەروەها بەم شێوە ڕەسەنو خولقێنەرە هاوکاری‌ی خۆیانیان دەربڕی لەگەل ڕۆلە جەنگاوەرەکانیاناو .. بەم جۆرە سەرکەوتنیان وەدەستهێنا لە ئەرکەکەیاناو .. لە کاتێکدا ئەو ڕۆلە دلێرانە سەرکەوتنیان وەدەستدەهێنا لە ئەرکەکەیانا لە بەرەی سیف سعد .

ئێمە شانازی دەکەین بەم ئەنجامانەو بەم سەرکەوتنە .. چونکە عیراقی مەزن .. عیراقی تەمووزو .. عیراقی قادسیە توانی نموونەیەکی نایاب پێشکەش بکا لە ژیاناو چ قوربانی‌یەك کە پێویستە بۆ بەرگری‌کردن لێی .

زۆر لەو ولاتانەی کە مەترسی ڕوویان لێدەکا .. یا لە باری شەڕدا دەژین یەنا دەبەنەبەر جۆرە شێوەیەکی ناکاوو هەلبژاردن دوادەخەن یا تەنەنی پارلەمانی‌یەکان درێژە پێدەدەن تا باری ناکاو بەسەردەچێ . بەلام لە عیراقی بەهێزی ڕاپەڕیودا کە متمانە بەخۆی دەکاو .. متمانەی بە ئێستاو داڕۆژی هەیە سەرکردایەتی سووربوو لەسەر کردنی ئەم هەلبژاردنە هەرچەندە شەڕ هێشتا هەر بەردەوامە .

کردنی هەلبژاردن بەم شێوە ڕەسەنە .. کە تاناو پێگەیبوی دەگەیەنێ .. کردەوەی دیموکراسی‌ی بردە پلەیەکی تازەوەو ئەم پلە نەوعی‌یە پێشکەوتووەی خستە بەردەم ڕای گشتی جیهان بەجۆرێکی وا هەموو هەولێ یا نا ئاشکرایی‌یەك لابەرێ بۆ دانانی ئەم کردەوەیە لە چوارچێوەی ئەو کردەوە ڕەخنە لێگیراوانەی کە لە هەندێ ولاتانی جیهانی سێیەمدا دەکرێن لەبەر هەندێ هۆی نارەسەن کە لە شێوەدا هەیە . هەلبژاردن بەو جۆرە نەکرا کە کردەوەیەکی ڕاستەقینەیەو بەس بەلکو بە تاوێکی گەرمەوە ڕێژەیەکی ئێجگار زۆر لە هاوولاتی‌یانیش بەشداری‌یان تیایا کردو .. بە شێوەیەکی گشتی هەلبژاردنەکە پێگەیبوتر بوو و .. وردتر بوو لە تاقیکردنەوەکەی پێشوو بۆ ئەو نوێنەرانەی کە کارامەتر بوونو .. زۆرتر لکابوون بە جەماوەرەوەو باشتر ڕایانیان دەردەبڕیو باشتر خزمەتی بەرژەوەندی‌یەکانیان دەکردو .. ئێمە شادمانین بەم زیادبوونە دڵخۆشکەرە لە ژمارەی ئافرەتانی ئەندامی ئەنجومەندا کە گەل هەلبژاردن بۆ ئەوەی ببن بە نوێنەری .. گەل سی‌وسێ ئافرەتی عیراقی هەلبژارد بۆ ئەوەی نوێنەری بن پاش ئەوەی ژمارەیان لە ئەنجومەنی پێشوودا شازدە ژن بوون .

● بەشداری‌کردنێکی دیار ●

بەم بۆنەیەوە سلاوێکی تایبەتی لە ئافرەتە عیراقی‌یە سەربەرزەکان دەکەم .. شتێکی شاراوە نییە کەوا لەم هەلبژاردنەدا بەشداری‌یەکی دیاریان‌کردو .. ئەمە مانایەکی قوولی هەیە لە ژیانی نیشتمانا .

چونکە لەبەر باری ئەو شەڕەی کە نیشتمان دەیکاو .. چوونی سەدەها هەزار پیاو بۆ بەرەو .. مەحرووم بوونیان لە مافی هەلبژاردن بەپێی یاسای ئەنجومەنی نیشتمانی کە ڕێگای ئەوە نادا ئەوانەی لە هێزە چەکدارەکانان دەنگ بدەن .. لەبەر ئەمە ڕێژەی ئافرەتان لەناو ئەوانەدا کە مافی دەنگدانیان هەیە بەرزتر بوو لە هەلبژاردنی ئەنجومەنی پێشوو و وەك ڕاهاتووین ئافرەتانی عیراق لەم هەلبژاردنەدا بە هەموو چالاکیو توانایەکەوە بەشداری‌یان کردو .. بەم جۆرە بەخشندەیی‌یەکی تازەیان خستە سەر بەخشندەیی‌یە نیشتمانی‌یەکانیان کە پێوەندی‌یەکی قوولی بە بەرگری‌کردنەوە هەبێ لە نیشتمانو بە بەرەوپێش چوون بە هەموو ئازایەتیو چاونەترسی‌یەکەوە بە ڕێگای بنیاتنانو .. بە ڕێگای پێشکەوتنو گەشەکردنو ژیانێکی باشتردا .

عیراقی مەزن توانی نموونەیەکی جوان بدات لە ڕوانینە ژیان و بەرگری لێ کردنیدا

برایان .. سەرەکو ئەندامانی ئەنجومەن ..

لە کاتێکدا کە پیرۆزبایینتان بۆ تازە دەکەمەوە بە بۆنەی هەلبژاردنتانەوە بە ئەندامی ئەنجومەن تکاتان لێدەکەمو ئەمەیش هیوای ئێمەیە پێتان کە ئەو پەڕی هەوڵتان بدەن بۆ پێشخستنی ئەم تاقیکردنەوە دیموکراسی‌یە تازەیەو .. بەو شێوەیەی کە پێویستە سووربنو بەوردی ئیش بکەنو لە خۆبووردووبن لە کاتی کردنی ئەو ئەرکانەتانا کە یاسای ئەنجومەن دەسنیشانی کردوونو کە گەلی هەلبژاردن هیوای وایە نوێنەرایەتیی بکەن لە کردنیانا .

منو هاوڕێکانیشم لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشدا و لە ئەنجومەنی وەزیراندا بۆتان دووپات دەکەمەوە کە چیمان لە تواناندا بێ بیکەین بۆ هاوکاری‌کردن لەگەلتاناو ئاسانکردنی ئەرکەکەتانو هاتن بەدەم چالاکی‌یەکانتانەوە بۆ ئەوەی ئەم دەزگایە ئەرکە پیرۆزەکانی بکاو ئەو هیوایانە بینێتە دی کە ئاواتمانە وەك سروشتی کۆمەلگاو ڕژێممانو ئێمە لامان وایە کە لە ڕێگای بنیاتنانو پێشکەوتنا جۆرە شێوەیەك پەسەند بکەین .. هەموو پشوویەکی دەدەینێو هەموو توانایەکی دەدەینێ بۆ ئەوەی ئەو مەبەستە وەدی‌بهێنین کە هەلمان بژاردوە بۆی .. لەبەر ئەوە ئێمە سوورین لەسەر ئەوەی هەموو پشوویەکو هەموو توانایەکی ڕەخساو بدەین بە ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ ئەوەی مەیدانەکەی ڕەسەنو کاریگەر بێ لە پەیڕەوی‌کردنی دیموکراسی‌یەتو بنیاتنانی کۆمەلگای تازەدا .

لە کۆتایی وتارەکەمدا سوپاسو شانازی پێشکەش بە هێزە چەکدارە تواناو دلێرە عیراقی‌یەکانمان دەکەم کە ولاتیان پاراستو .. کاریکی وایان کرد ڕەوتی ژیان کە کردنی هەلبژاردن یەکێکیەتی ڕەخساوبێ بە کوێرایی ئەو دەستدرێژی‌یە چەپەلەی کە ڕووی کرابووە خاکو .. ژیانو .. ئاواتی پرشنگدارمان .. سلاویان لێبێ .. لە هەر شوێنێ بن لە بەرەی بەرگری‌کەری شەڕداو .. سوپاس بۆ ئەم دەستکەوتە نیشتمانی‌یەی کە ئەوەکان بە بیرێکی نەسڕاوەوە یادی دەکەنەوە .

هەروەها سوپاسی هەموو دەزگاکانی دەولەت دەکەم کە شەونخونی‌یان کرد بۆ ئامادەکردنی هەلبژاردنەکەو ڕێك‌وپێك‌کردنی بە گوێرەی ئامۆژگاری‌یەکانی سەرکردایەتی بەو جۆرە گوێ پێدانو پاکیو ئەمانەتە .

برایان هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەکەم لە ئەرکەکانتاناو .. خوا سەرتان‌خا لە خزمەتکردنی نیشتمانا .

سلاو و خێرو بەرەکەتی خواتان لێبێ .

Institut kurde de Paris

بەشی چوارەم

وردبوونەوەیەك لە شوێنەوارە دێرینەکانی شاری هەولێر

■ مەغدید حاجی ■

ڕێگا ژێرزەمینییەکانی قەڵای هەولێر :
هەر لە دێر زەمانەوە کوردەکانو خەڵکی وڵاتو ناوچەکانی تری رۆژهەڵات شارو شارۆچکەیان لەسەر قەڵا دەستکردو سروشتییەکاندا دامەزراندوونو بە خانووبەرەو بازارو پەرستگاو مزگەوتو دامودەزگای تر ئاودانیان کردوونەتەوە .

سەرەرای ئەمەش ئەم شارە قەڵایانە بۆ بنکەی سەربازیو بەرگریکردنو کۆگای ئازووقەو کەرەستەی جەنگی کەلکیان لێ بینراوەو پاسەوانەکانیشیان لە ژێر سەرکردایەتی فەرماندە لێهاتوو و بە ئەزموونەکاندا سەرپەرشتیو چاودێری ڕێگاوبانەکانی دەوروبەری قەڵاکانیان کردوونو لە کاتی پەلاماردانەکانی دەست درێژکارو داگیرکەرانیشدا دەست بە چەك ڕابەریونو دەرگا مەحکەمەکانیان داختووونو لەمدیوی شوورەو قوللەکانی بەرگریکردندا لە بەرامبەر دەستدرێژکاراندا وەستاون .. لە مێژووی گەلی کوردیشماندا رۆلە بەجەرگەکانی ناو قەڵاکان بە دەیان داستانی پاڵەوانێتیو گیانفیداکاریان تۆمارکردووە .

یاقووتی حەمەوی لە (معجم البلدان) دا رای گەیاندووە کە قەڵاکەی هەولێر سەختە .. ، ڕووداوەکانی مێژووش ئەمە دەسەلێنن . سەختی قەڵاکەش بۆ شوورەو دەرگا مەحکەمو قوللەکانی بەرگریکردنی دەگەڕێتەوە ، سەرەرای ئەوەی کە چەند بنکەیەکی سەربازانیشی تیابووە .. بوونی ئەمانەش هەمووی بەلایەنی کەمیەوە رێیان لێدەچێو ئەقل قبوولیان دەکات دیارە کە بە درێژایی رۆژگاریشو لە ئەنجامی کارتێکردنی هۆیەکانی سروشتیو بە هۆی ئەو کەرەستە خۆڕانەگرانەی بۆ بیناکردنیان بەکارهاتوون ڕووخاونو شوێنەواریان نەماونەتەوە .

خۆ ئەگەر ئەم هۆیانەی بەرگریکردنە نەبووبن تۆ بڵێی ڕووی سەختی ئەم قەڵایە لەچی بەدی دەکرا ؟!(١) .

جا قەڵایەکی وەکو قەڵای هەولێر کە هەروەکو هەندێ مێژوونووس دەڵێن ، کەوتبێتە ناوەڕاستی دەشتێکی فراوانو نە شاخاوی سەختیشەو نە سەرچاوەی ئاوی زۆریشی تیابووەو گەلێك قەڵای لەم سەختتریش لە بەرامبەر هێرشە توندو فراوانەکانی وەکو هێرشەکانی مەغۆلو تەتەرەکان بە ئاسانی کەوتوونو خۆیان بە دەستەوە داوە ..

جا دەبێ هۆیەکانی مەحکەمیو خۆڕاگری قەڵاکە تەنیا بۆ خاڵەکانی سەرەوە بگەڕێنەوە یا هۆی تر لە ئارادا بووبن سەرەرای شەڕزانیو ئازایەتی کوردەکانی ناو قەڵاکە ؟؟ دەبێ لە قەڵای هەولێردا ڕێگای ژێرزەمینی نهێنی زۆرو ڕێکوپێك نەبووبنو قەڵاکەیان بە جیهانی دەرەوەی نەبەستابێتەوەو لە کاتی گەمارۆدانەکانو پێویستیدا بەکاریان نەهێنابن ؟! .

لەبەر ڕۆشنایی ئەو کوناودەرانەی یا بە دیمەن ڕێگا ژێرزەمینیانەی کە لە ساڵی ١٩٧٨دا لە بناری لای ڕۆژئاوای قەڵاکە وەدەرکەوتن ، لەو کاتەی دوکانەکانی دەم شەقامی مزەفەریەیان دەرووخاندن بە نیازی فراوانکردنی شەقامەکە ، هەروا لە ئەنجامی دەستگیربوونی زانیاری تری لەم بارەیەوە ..

مامۆستای مێژونووسو شوێنەوارناسمان زبێر بلال ئیسماعیل وەڵامی پرسیارەکەی داوینەتەوەو نووسیویەتیو دەڵێ :

[لە ناو کوناودەرە دۆزراوەکان یەکێکیان فراوانەو مرۆڤ دەتوانێ بە راوەستاوی بە ناویدا بڕوات ، بەڵام هیچ شوێنەواری بیناکاری چ بە کەرپووچ یا بە بەرد لە بەشە دۆزراوەکانی ڕێگا ژێرزەمینییەکان بەدی ناکرێت ، دەیشبێ لە کاتی خۆی سابیبتە ـ سقف ـ کانو دوو لا دیواری نەفەقەکان بە کەرپووچ بیناکرابن بۆ ئەوەی لە مەترسی ڕووخانو دارمان دوور بووبن .. ئێستاکەیش لەبەر ئەوەی دەرگاکانی چوونە ژوورەوەی ئەم ڕێگا ژێرزەمینییانە لە سەر قەڵادا داخراونو پربوونەتەوەو کوناودەرەکانیش هیچ مەنفەسێکیان نییە مرۆ ناتوانێ زۆر بە ناویاندا بڕواتو لە بنچو بناوانیان بکۆڵێتەوە(٢) .

لە بارەی مێژووی دروستکردن یا کردنەوەی ئەم کوناودەرانە مامۆستا زبێر دەڵێ : [لەوانەیە ئەم کوناودەرانە لە سەردەمەکانی ئیسلامیدا بە نیازی بەرگریکردن لە قەڵاکەدا دروستکرابنو مێژووی کردنەوەشیان بۆ کۆتاییەکانی دەولەتی عەباسییەکان بە تایبەتی بۆ سەردەمی دەولەتی ئەتابەکی دەگەڕێتەوە .

ئاشکرایە کە قەڵاکە ڕووبەڕێکی دیاریکراوی هەیەو ئاویشی کەمەو بە ساناییش ئازووقەو پێداویستییەکانی ژیانو کەرەستەی جەنگی بۆ نەدەگوازرایەوە ، بەتایبەتی لە کاتی گەمارۆدانیدا بۆیە ئەم کوناودەرانە بۆ ئەم مەبەستانەو مەبەستی سەربازی تر بەکارهاتوونو پەیوەندی نهێنی نێوان قەڵاکەو جیهانی دەرەوەیان بۆ بەرگریکەرو دانیشتووانیدا مسۆگەرکردووە](٣) .

سەبارەت بە بەکارهێنانی کوناودەرەکان بۆ مەبەستی جەنگیو سەباربازی لێکۆڵەرەوە هێرشو گەمارۆدانەکانی لەشکرەکانی مەغۆلو تەتەرەکان بە تایبەتی گەمارۆدانەکەی ساڵی ٦٥٦ك / ١٢٥٨ ز دەکاتە نموونەو دەڵێ : کە سوپاکەی مەغۆل بە سەرکردایەتی (ئەرقیونیان) قەڵاکەیان بۆ داگیرنەکرا دەستیان بە گەمارۆدانی کردو گەمارۆدانەکەیش شەش مانگی خایاندو بێ هوودەش بوو بۆیە ئارامیان لەبەر هەڵگیراوەو شوێنەکەیان جێهێشتووەو ئەرکی داگیرکردنەکەیشیان بۆ بەدەرەددین لۆلۆی فەرمانڕەوای مووسل جێهێشتووە .. جا لە کاتی ئەم گەمارۆدانەدا هەروەکو هەندێك سەرچاوەی مێژوویی دەڵێن بەرگریکەرەکان ڕێگای ژێرزەمینییان بەکارهێناوەو بە شەوانو لە کاتی ناوەختدا بە ناویاندا چوونەتە دەرەوەو دەستیان لە دوژمنە پەلامارەرەکان وەشاندووەو مەنجەنیقەکانیان لێسوتاندوونو ژمارەی زۆریشیان لێکوشتوون ئینجا بە هەمان ڕێگادا گەڕاونەتەوە سەر قەڵاکە(٤) .

ژمارەیەکی تر ڕێگای ژێرزەمینی (انفاق) لە قەڵاکەدا لە ماوەی جیاجیادا دۆزراونەتەوەو دەرگای یەکەمیان یا سەرەتاکانیان لە شوێنە جیاجیاکانی سەرقەڵاکەدایە بەڵام دەرگاکانی تیا دەرچوونی دەرەوەیان کەوتوونەتە دەشتایەکەی دەوروپشتی قەڵاکە .

بەر لە چەند ساڵێك کوناودەرێك لە لای باکووری قەڵاکە بەرامبەر فەرمانگاکانی دادوەری دۆزرایەوە . پەنجاو پێنج ساڵیش لەمەوبەر لەوکاتی دوکانەکانی سەر شەقامی مزەفەریەی ژێر قەڵا دروستدەکران ، ئەو دوکانانەی لە ساڵی ٩٧٨ دا ڕووخێنران بە نیازی فراوانکردنی شەقامەکە کوناودەرێکی تر دۆزراوەتەوە دە ساڵ دواتریش یەکێکی تر لە نزیکی ئەمیان بەدەرکەوتووە جا لەوانەیە یەکێك لەو دوو کوناودەرانەی لە ساڵی ٩٧٨ دا لە لای ڕۆژئاوای قەڵاکە دۆزرایەوە هەمان نەفەقی بەر لە پەنجاو پێنج ساڵەکە بێت ..

شایانی باسە کە ئەم ڕووەی لە دیویدەرەوەدا لە کوناودەرەکان وەدەرکەوتوون دەرگای دەرەوەیان نین بەڵکو قۆناخێکن لە ڕێگاکانیاندا بەرەو دەشتایەکەو هەندێك دوور لە قەڵاکە کۆتاییان هاتووەو وەدەرکەوتوون(٥) .

بەڵام دەرگاکانی چوونە ژوورەوەشیان لە سەر قەڵاکەدانو مامۆستا زبێر بەم شێوەیەی خوارەوە دەستنیشانیان دەکات : یەکێکیان کەوتۆتە کۆڵانی حەرەم لە لابالی خواروی قەڵاکە نزیك دەرگای سەرا ، میرو گەورە پیاوەکانیش لەم شوێنەدا نیشتەجێبوون . دەرگای کوناودەرێکی تر کەوتبووە نزیك مزگەوتی ئەبوبەکر ئەفەندی ، سێیەمین دەرگاش یا ڕووی دەرەوەی سێیەمین ڕێگای ژێر زەمینی دەکەوتە لای باکووری قەڵاکە نزیك دەرگای ئەحمەدیە(٦) .

— ماویەتی —

● **پەراوێزەکان :**

١ ـ دکتۆر محسن محمد حسین ، قلعتان عظیمتان ، گۆڤاری کاروان ، ژمارە ١١ ، بەشی عەرەبی ، ل ١٤٩ .

٢ ـ زبیر بلال اسماعیل ، اکتشاف انفاق تاریخیه فی قلعة اربیل ، ڕۆژنامەی (العراق) ، ژمارە ٦١٨ فی ٩ اذار ١٩٧٨ .

٣ ـ هەمان سەرچاوەی سەرەوە .

٤ ـ هەمان سەرچاوەی ، لە چاوپێکەوتنێکی تایبەتیشدا لەگەڵ مامۆستا زبیر بلال ئیسماعیل لە ڕێکەوتی ١٩٨٤/٣/٢٢دا لە شاری هەولێر دووپاتی بۆچوونەکانی خۆی کردەوە دەربارەی بوونی ڕێگا ژێرزەمینییەکانو هۆیەکانی بەکارهێنانیان .

٥ ـ لە دیدەدەنییەکی زانای پایەبەرز ڕەشاد موفتی (٧٢ ساڵ) لە ڕێکەوتی ١٩٨٤/٥/١١ داو بە ئامادەبوونی ژمارەیەك لە تەمەن درێژەکانی خەڵکی قەڵای هەولێر گفتوگۆمان دەربارەی بوونو بەکارهێنانی ڕێگا ژێرزەمینییەکانی قەڵاکە کرد ..

مامۆستا ڕەشاد کە بنەماڵەکەیان ٦٠٠ ساڵ دەبێت لە قەڵای هەولێردا وەکو بنەماڵەیەکی زانستیو ئایینپەروەر ناسراوەو هەمیشە خاوەنی مزگەوتو قوتابخانەی ئاینی بووینەو لە مێژووی شارەکەشیان ئاگادارن ، لەم ڕووەوە مامۆستای ناوبراویش وای بۆ دەچێ کە لە کاتی گەمارۆدانەکانی قەڵاکە لە لایەن هێرشەکانی مەغۆلو پەلامارەدەرەکانی تردا خەڵکی ناو قەلا ڕێگا ژێرزەمینییەکانیان بەکارهێناون ..

هەروا مامۆستا ڕەشاد گوتی : دەرگای دەرەوەی نەفەقێکیان لە لای گردی قالیج ئاغای دەرچووە .

بەڵام لە چاوپێکەوتنێکیشماندا لەگەڵ مامۆستا ئیحسان حوسێن ئیسماعیلدا بەرێوەبەری شوێنەوارەکانی هەولێر لە ڕۆژی ١٩٨٣/١٢/٣١ دا لە بارەگای پرۆژەی پەرەپێدانی قەڵای هەولێر گوتی ئەم ڕێگا بتکۆڵکراوانەی کە لە ساڵی ٩٧٨ دا لە بناری لای ڕۆژئاوای قەڵاکە بەدەرکەوتن ڕێگای ژێرزەمینیو نەفەق نین بەڵکو بریتین لە شوێنەواری دزی ئاساری چونکە لە دووا سەردەمەکانی عوسمانیو سەردەمی پاشایەتیدا گەڵێك گەڕیدەو شوێنەوارناسە ئەوروپاییەکان بە یاریدەی فەرمانبەرەکانی ئەو کاتە لە شارە کۆنەکانماندا بە دووای دۆزینەوەی شوێنەواری کۆنو دەستگیربوونی پارچە کەلەپووری دەگمەنو دێرینە دەگەڕان و دەمان دزینو بۆ وڵاتەکانی خۆیانیان دەبردنەوەو بە مووزەخانەکانیان دەفرۆشتن .. جا دوور نییە تاخمێك لەمانە بووبنو ئەم شوێنانەیان لە دامێنی قەڵاکەدا بنکۆل کردبێو ئاشزانین ئاخۆ چیان دۆزیوەتەوە یان تا ؟ » .

بێگومان لە دووارۆژ پشکنینی زانستیو ڕێکوپێك لەم قەڵایە دێرینەدا گشت ئەم گرێیانەمان بۆ دەکاتەوە .

٦ ـ ڕۆژنامەی (العراق) ژمارە ٦١٨ .

ئێمە بۆ وشەی (نفق) کوناودەرو ڕێگای ژێر زەمینیمان بەکارهێناوە ، وشەی (کوناودەر)یش بۆ ئەم مەبەستە لەلایەن مامۆستا گیوی موکریانی لە فەرهەنگی مەهاباد دانراوە .

ناوبردانەوەیەك لە مێژوو

سەنحاریب پاشا بناغەی شاری نەینەواو پرۆژەکانی ئاوپاکێشان

بەشی دووەم

غفور میرزا کریم

سەنحاریب پاشا پاش ئەوەی بینجینەی شاری نەینەوای دامەزراند دەستوبرد دەستی کرد بە تاودان کردنەوەو جوانو رازاندنەوەی بەچەشنێ کەنازناوی پەکە شاری رۆژهەڵاتی بەسەردا برا .

کۆڵەکەی بەرزی پەرستگاو کۆشك و ئەلارد خانووبەرەکانی شار کە دیوارو بنمیچەکانی بە جوانترینو باڵاترین هونەری نەخشو نیگاری ئاشوری رازابوەوە ئەوەندەی تر قەبارەی شار گەورەترو وێنەو نیگاری جوانتر ئەکرد هەروەها بەپێی داب و نەریتی دامەزراندنی بناغەی هەموشاری لەو رۆژگارەدا ... شاری نەینەواش دەوری بە شورەی بەرزو قایمو قەڵاو قولەی سەخت تەنرا تا شار بتوانی لە بەردەم شاڵاوی هێرشبەران دا خۆی ڕابگری لەسەر ئازادیو سەربەخۆیی خۆی ..داکوکی بکا. هەروەها سەنحاریب پاشا لەناو شاردا شەقامی زۆر گەورەو پانی ... وەقیرتاو کراوی کردەوە وەلە دوایی دا پایتەختی بە ڕێگاوبانی گەورە بەستەوە بە شارەکانی ترەوە بەتایبەتی بە شاری هەولێرەوە .

شیاوی باسە وەکو مێژوونوسان دەڵێن ئەم ڕێگاوبانانە لە نێوان پایتەختو هەولێرو شارەکانی تردا ئەوەندە گەورەو پان بوو کە پانایی یەکەی بە ٧٨ پێی دائەنێن وەبەچەشتێ لە بەردی گەورە دروست کرابوو کە تەنانەت لەوەختی زستانی تۆفو بارانیبش دا کاروانو عەرەبانەش بتوانی بەسواریو ئاسانی پێیدا بڕوا بەراستی ئەمە ئەوەمان نیشان ئەدا کەلەم ڕۆژگارەدا تا چ رادەیەك جوڵانەوەی بازرگانی لە نێوان شارەکاندا لەبەرەوو گەشە سەندنابو تەنانەت عەرەبانەش کە داهێنانێکی نوێ بوو بە کاروباری کومەڵایەتی ئابووریش لەم ڕێگەوبانەدا بەکار ئەهات .

راستئەوێ کردنەوەی شەقامی گەورەو ڕێگاوبانی زۆر لەو کاتەدا بە دیاردەیەکی پێشکەوتوویی و شارستانی ئەژمێرێ لە وەختێکدا ئەگەر مرۆڤ چاو بە رۆژگاری مێژوودا بخشێنی ئەبینی کە تا ساڵەکانی پێش جەنگی بەکەم « سەفەربەرك »بە دیاری کراوی لە کاتی جەنگدا هیچ شەقامێ لە بەغدا دانەبوو خلیل پاشا سەرکردەی لەشکری عوسمانی لە بەغدا لە کاتی جەنگدا یەکەمین شەقامی لە بەغدا دا کردەوە بەناوی (خلیل پاشا جادەسی) کە لە دوایی دا ناوەکەیان کرد بە (شارع الرشید)ئەمە لە لایەك لە لایەکی تریشەو ئەگەر بەڕابووردووی شارەکانی عێراق دا چ لە دەوری عوسمانی یا دەوری دوا بڕاوی پاشایەتی بڕوابنرێ ئەبینین ڕێگاوبان لە نێوان شارەکان دا ئەوەندە دواکەوتوو بەربووتو بێ کەلك بو کە کاروان ڕۆیشتنی بە ناویا دووچاری کێشەیەکی زۆر ئەبوو .. تەنانەت ڕێگاوبانە کۆنەکانی پێش ژاینیش وەکو ڕێگای نەینەواو- هەولێر یا ڕێگای نێوان طەیسەفون شارەزور، هەمەدان ... ڕۆژگاری ناهەموار ڕێگاوشوێنی واکوێر کردبوەوە کە

بڕوانە ل ١١

بە ڕێگاوە

■ ئاسۆ ■

نێوەرۆیەك بە دەم خەیاڵەوە بەرەو ماڵەوە ئەرۆیشتمەوە لە پر پیرەمێردێکی ئەفەندی پۆشی چاوبلکە لە چاوی زەررە بین ئەستوری کیسە بە دەست لە سەر شۆسەی شەقامێکەوە ترازا بە لێواری شەقامەکەو بێ دەنگ بە پاڵ شۆسەکەوە درێژ بوو .

پیش ئەوەی من بگەمە سەری لاوێکی ٣٠ ساڵە لە ئۆتۆمۆبێلە فولکس واگونە پاساتە کەی هاتە خوارەوەو گەپشتە پیرەمێردە ترازاوە ڕاکشاوە کە ئەختێك بە زەحمەت بۆی ڕاست بووەوەو شانو پشتی تەکانو میوەو سەوزە ڕژاوەکەی بۆ کۆکردەوەو دایەوە دەستیو ئەوسا بە جێی هیشت دیار بوو پیرەمێردەکە دانشتووی گەرەکەکە بوو .

لەم بەسەرهاتە دوو دیاردەی ژیانی مرۆڤایەتیم هاتە پیش چاو .

یەکەمیان : بۆچیو چۆنو لە بەرچی ئەبێ مرۆڤو گیان لە بەرانی تری ئەم جیهانە بێنو گەشە بکەنو کامڵ ببنو پیربنو بێ هیزو لاوازو ئەندام داهێزراو و ببن و ئنجا بمرنو بکوژینەوە ؟!

گەوهەری ئەم دیاردەیە چییەو بۆچی باشەو کێ کەلکی لیوەرئەگریت ؟

بۆچی مرۆڤ تا بەسەر جیهانەوەبە پاریزگاری هیزو تواناو لاویتی خوی نەکات ؟

ئەم پرسیارانەو سەدان پرسیاری تر تا ئێستا بێ وەڵامن . زانستی مرۆڤایەتی تا ئیستا هەر ئەوەندەی بۆ ساغ بۆتەوە کە باسای ژیان بەم شێوەیە هاتووەو لەمەو لاش هەر وا ئەروات .

کۆن نوێ دروست ئەکاتو خۆی لە ناو ئەچێت . بووە (موجودات) بزیوەکانی سەر

بڕوانە ل ١١

کورتیەك لە مێژووی شانۆیا عیراقی

■ وەصفی حسن ردینی ■

حقی الشبلی دبیتە ئێکەمین کەس دچیتە دەرفەی وەلاتێ [جاخێ چویە پاریس] بو خاندنا شانوێ و دەمێ زفریە عیراقێ ل ساڵا ١٩٣٩ پشکا تەمسیلیا دامەزراند ل ئاموژگاریا ئاواز و موسیك یانکو معهد الموسیقی ەوا ل ساڵا ١٩٣٦ هاتیە دانان ، ئەڤجا پشتی پشکا تەمسیلیا هاتیە دانان پشکا هونەرێت تەشکیلی ژی هاتە ڤەکرن و نافێ وێ بو معهد الفنون الجمیلة .

بێ گومان ئاموژگاریا هونەرێت جوان ـ معهد الفنون الجمیلە ـ کارەکێ مەزن کرە سەر پێشکەتنا شانوێ ل گشت عیراقی و گەلەك نفیسەڤانێت شانوێ پەیدابون ژ وان « جمیل صدقی الزهاوي ، موسی الشابندر ، سلیم بطی ، ندیم الاطرقچی ، جمیل قیطان ، صفاء مصطفی » و ژ نفیسەڤانێت شانویا هوزانێ ژی عبدالحمید الراضی و خضیر الطائی و محمد الهاشمی .

ل ناڤە راستا ساڵێت چلێ ئێکەمین قولە « دفعه » ژ قوتابیێت ئاموژگاریێ دەرچون ژ وان سامی عبدالحمید و جعفر السعدي و جاسم العبودي و یوسف العاني و بدري حسون فرید ...

ئەڤان هونەرمەندا هژیان و وەرار ئیخستە قادا شانوێ ئەو ژی ب هویێ دروستکرنا سێ تیپا کومەلایەتیو رامیساری پەیدابون ل عیراقێ و ڤێ چەندێ کار کرە سەر بزاڤا شانوێی چنکو گەلەك تیپێت قەدغە (ممنوع) زڤرینەڤە و کەڤتنە کارێ شانوێ و هندەك تیپێت نوی پەیدابون وەك تیپا « الفنون الشعبیه » و تیپا « المسرح الجمهوري » و تیپا « شباب الطلیعه » و تیپا « ١٤ تموز » .

بڤی رەنگی جارەکا دی گەشبین و وەرار کەفتە جیهانا شانوێ ل عیراقێ و شیا هەتا رادەکی جەماوەری لخو کوم بکەت و کاری بکەتە سەر ... لێ گیروگرفت هەرمان وەك نەبونا ئەکتەرێت ژنگو هولێت مەزن و دەقێت خومالی ..

پشتی ساڵێت ١٩٦٨ و ١٩٦٩ شانویا عیراقی پینگاڤەکا دی ژی یا پێشکەڤتی هاڤێت جاخێ حوکمەتێ پتر بایەخ دایێ و دەرگەهەکێ مەزن بو ڤەکری و حوکمەت رابو ب دانانا دەزگەهەکا گشتی بو شانوێ و سینەمایێ « المؤسسة العامة للسینما والمسرح » ڤێ دەزگەهی پیشکەڤتنا شانوێ ب هەمی رەخاڤە ب ستوێ خو گرت و هندەك تیپ دامەزراندن وەك تیپا (الفرقة القومیة للتمثیل) ل ساڵا ١٩٦٨ و گەلەك ژ هونەرمەندێت « مصلحة السینما والمسرح » ئەوا ل ساڵا ١٩٦٠ هاتیە دانان خودا دگەل ڤێ تیپێ .

ئەوژی (الفرقة الشعبیه للتمثیل) ساڵا ١٩٤٧ و تیپا [المسرح الحدیث] ساڵا ١٩٥٢ و [المسرح الحر] ساڵا ١٩٥٤ .

بزاڤا ڤان تیپا کەفتە ساڵێت پینچێ یانکو ل سەردەمێ رژیما مەلەکی یا بن گور ... ڤان تیپا بزاڤا خو یا شانوێ گرێدا ب خەباتا میللەتی عیراقیڤە یێ هەژارو ژیر دەست لەورا بونە جهێ رێز گرتنێ و خوشتڤیێ لنك میللەتێ عیراقی .

پشتی پەیدابونا شورەشا چواردەی تیرمەهێ ل ساڵا ١٩٥٨ با پیروز هندەك بارودوخێت

بڕوانە ل ١٠

Institut kurde de Paris

ئەلقەی هەفتەم

گەشتێك بە ناو جەنگەڵ و وەرزەکانی تەراد کوبەیسی دا

■ د. نافع عقراوی ■

بەکارهێنانی ئەفسانە ..

« ئەرستو » دەڵێت : یەکەتی « خەرافە » [ئەفسانە ، چیرۆك و داستان] وا دەرناکەوێ کە بابەتەکەیان تەنها کەسێك بێ ، چونکە ژیانی تاقە کەسێك پڕە لە رووداوی جۆراو جۆر کە نابێ بە یەکەتی یەك ... دیسان تاقە کەسێك ئەتوانێ زۆر کار بە جێبێنێ کە نابنە تاقە کارێك ، لە بەر ئەوە هەموو ئەو هوزانفانانەی « هیرقەل » یاتیان نووسیوە « مەبەست ئەو بەیت و مەلحەمانەی باسی کارو قەهرەمانیەتی و ژیانی هیرقەل دەکەن » هەڵەیان کردوە کە وایان زانیوە ئەگەر پاڵەوان تاقە کەسێك بێ وا دەردەچێ کە ئەفسانە یەك بێ ، بەڵام بە پێچەوانەی ئەمەوە لە کاری « هۆمیرۆس »دا کە بە چاکی بۆی چووە لە کاتی نووسینی « ئودیسا » دا و هەموو رووداوەکانی ژیانی « ئودیسیوس »ی نەگێڕای تەوە .. ئەگەر چی میحوەری کارەکە لە سنووری شتێکدا بووە . مانای ئەم قسەیە ئەوە دەگەیەنی : خورافەیەکی [حیکایەت ـ ئەفسانە] دروست کردووە کە جەوهەری نهوی مێژوویان دەکرد ..

دەکاو ئەگەر پارچەیەکی لێبکرێتەوە هەمووی تێك دەچێ »(١) .

ئەوەی « ئەرستو » گوتوێتی تا ئێستا ژی دروستە ، چونکە بەکارهێنانی ئەفسانە ئەگەر مەبەست موحاکاتی کارێك بێ ، ئەبێ پەیوەندی و ئیلتزامی بەو کارەوە هەبێ .. کەچی ئەگەر مەبەست چیرۆکی ژیانی تاقە کەسێك بێ ، گێڕانەوەی ژیانی بە دوورو درێژی پێویست نیە چونکە هیندەك شت هەن ئەگەر زیاد بکرێن یان نەگوترێن هیچ گرینگ نیە بەلکو لە چیرۆکی مرۆڤەکدا ئەوە گرینگە کە « پاڵەوانێکی ئەفسانەیی یاراست » وەك ژیانی مرۆڤێك یان رەنگدانەوەی چەند کارێکی مرۆڤایەتی بکا ، لە بەر ئەوەی بە بەدوا یەك دا هاتنی رووداوەکان لە سەر باسایەکی پێویستی و ئیحتیمال دەبێ وەك ئەرستو دەڵێت ... بۆیە ئەتوانین بڵێین کە مەلحەمەی « گلگامش » رۆمانێکی نموونەیی یە بۆ پاڵەوانێکی مێژوویی و ئەفسانەیی ، لەگەڵ ئەوە ژیدا کە بیرو کارەکەی رۆمانەکە بە مانایەکی تایبەتی وەو پشتی بەستیوە ، کە ئەو ژی ئامێو مەبەستی رۆمانەکەیە ، واتە سەفەری « گلگامش » بۆ لای باپیری « ئوتونابشتم » بۆ ئەوەی ماددەی نەمری پەیدا بکا .. کەچی ئەو رووداوانەی پێش ئەم سەفەرە قەومان : بەیەکگەیشتنی « گلگامش » و « ئەنکیدو »و جەنگی « گلگامش » لەگەڵ دێوی جەنگەلدا « خەمبابا » و کوشتنی گای ئاسمانی ... پاشان مردنی « ئەنکیدو » لە دوایی‌دا ... ئەڵێم ئەم رووداوانە هەموویان سەرەتابوون بۆ لوتکە دراما کە بە دەرچوون و بەلاهێلانی « گلگامش » بۆ هەموو خوشی‌یەکانی ژیان تەواو دەبێ ... کە سەفەر دەکاو دەچێ لە مردن هەڵ دێ .. مردنی « ئەنکیدو » و گەڕان بە دوای نەمری‌دا کە بە نموونەی باپیری « ئوتونەبیشتم »دا دیارە .

٢ ـ ئەدەب و هونەر لەم ماوەی دوایی لە چەرخی سەرمایەداری‌دا هەر وەك « فیشر » دەڵێت : بە دوای غومورو تەم و مژو تاری‌دا دەگەڕێ و بە دوای ئەفسانەکاندا دەگەڕێ لە ئەنجامی هەست بە نامۆیی کردندا(٢) .

جیهان لەم چەرخە سەرمایەداری‌یەدا ... جیهانێکی پڕ پیشەسازی‌یە کە زیندەوەران تیا بوونەتە کەل و پەل ... مرۆڤ لە مناڵەکانی نامۆبووە ... واقیعی کۆمەڵایەتی بۆتە جێگای پرس ... بێ‌بەهایی گەیشتۆتە سنوورێکی مەزن ، تا نووسەرو هونەرمەندانیش وایان لێ‌هاتووە دەست بۆ هەموو شتێك درێژبکەن تا بتوانن لە نێوکلی دەرەوەی شتەکان دەربچن .

پێویست و ئارەزووی دۆ لایەنە بۆ ئاسانکردنی ئەم واقیعە و ئیکتیفا بە لایەنە جەوهەری‌یەکان ، حەزکردن بە ئێنانە دەی گەردوونێك کە هەموو مرۆڤایەتی بەیەك بگەیێنێ هەر بە رێگای پەیوەندی‌یەکانی مرۆڤایەتی سەرەتایی دەبێ نە وەك بە پەیوەندی‌یەکانی مەتریالی و ماددی « ئەم حەزکردنە دوو لایەنی‌یە دیاربوونی ئەفسانە لە هونەردا ئەنجام دەدا » .

بەکارهێنانی ئەفسانە لە لای هیندەك نووسەران لە ژێر سایەی سەرمایەداری هەر بۆ ئەو هیندەیە کە دوور بکەونەوە لە وەرگرتنی هەڵوێستێك بەرامبەر گیروگرفتە جەوهەری‌یەکانی کۆمەڵ ، یان ژی وەرگرتنی هەڵوێستێکی بێ‌هەڵوێست ـ « اللامنتمی » کە خۆی دووردەخاتەوە لە پێویستی‌یەکانی هاوبەشکردن لە گوڕانکاری‌یەکانی کۆمەڵداو هەر هیندی دەمێنتەوە کە قەوارەی هەستی خۆی بپارێزێ . زۆر لە وانەی ئەفسانە هەڵدەبژێرن لە جێگای واقیعی کۆمەڵایەتی پڕ گۆڕان بە رێگایەکی بێ‌تێکەیشتنەوە هەڵدەبژێرن لە بەر ئەوەی لە گۆڕانی کۆمەڵ ئەترسن هەر وەك « گروترود شتاین » دەڵێت ، یان مرۆڤ دوور دێخنەوە لە کۆمەڵ و وای لێدەکەن : بێ بە مەخلوقێکی تاك و تەنهاو بێ‌توانا لە بەربەرەکانی کردنی هێزی قەدەردا . یان وای دەنوێنن کە تەنیا بە روخسار زیندەوەرێکەو هیچ هەست و نەستێکی نی‌یە ، کەچی ئەمە هەموو شتێك نی‌یە دەربارەی ئەدەب و هونەر لە سایەی جیهانی سەرمایەداری‌دا ، هەر لە بەر ئەوە ژی گەڕان و پشکنین بە دوای فورم و روخساری نوێ‌دا بۆ دەربڕین لە پەیوەندی‌یەکان و گوڕانکاری‌یەکانی کۆمەڵایەتی نوێ لە ژێر سایەی پەیوەندی‌یەکانی بەرهەمی سەرمایەداری‌دا ئەوەی ئەنجامبوو کە پرۆگرامێکی نوێ پەیدابوو لە گوڕانی واقیعی کۆمەڵایەتی بۆ ئەفسانە لە لای « کافکا »و « بریخت » . هەر چەندە جیاوازی‌یەکی زۆر لە نێوانیاندا هەیە .

لەو کاتەی « کافکا » لەگەڵ هەزاراندا بوو کە چی بروای بە هێزی گوڕانکاری ئەوان بۆ واقیعی خۆیان نەبوو ... « بریخت » بڕوای بە توانای گۆڕانی جیهان هەبوو . « کافکا »و « بریخت » هەردووکیان لە نووسینەکانیاندا واقیعی کۆمەڵایەتی‌یان دەنواندو لە بەر ئەوە واقیعیان نامۆ دەکرد هەروەها لە بەر ئەوەی ئەفسانەکانی کۆن نموونەی پوختی رابردووی مێژوون .. نووسینەکانیان هەولی گفاشتن و لە ژێر تەوژم دانانی یەکەتی‌یەکی درامی تێدایەو « موحاکاتی کارێك »

ئەمەی کە « فیشر » پێشکێشی کرد مانای ئەوە دەگەیێنێ کە ئەفسانەکان وەکو پێشان رێبازی نامۆبوونی مرۆڤ لە واقیعی کۆمەڵایەتی‌یەکەی و پاشان پاڵی پێوە دەنێن بۆ گۆڕانی ... دوور ژی نی‌یە رێبازی پارچەو بڵاوبوونەوەی بێ ، چونکە ئێمرو ئەفسانە رێبازێکە بۆ چەسپاندنی مرۆڤ لە واقیعەکەی و پاڵ پێوە نانی بۆ گۆڕانی ئەم واقیعە .

لە بەر ئەوەی وەك « گارودی » دەڵێت : هیندەك ئەفسانە هیچ خزمەتی ئێمە ناکەن ... دوور ژی نی‌یە زیانمان پێ‌بگەیێنن ، دیسان هیندەك واقیع و گومراکردنی مرۆڤ ... یان ژی نامۆبوونی ئەفسانە هەن ربێ مەرکەزی داهێنان لە دەروونی ئێمەدا نیشان دەدەن ، ئاسوی چاکمان بۆ دەکەنەوەو

بڕوانە ل ١١

ـ پشکا ئێکێ ـ

برادەر «سامی سلێمان حاجی» بابەتەکێ ڕەخنێ دناڤ دلێ ژمارە (٧٤٨ و ٧٤٩)ی ڕۆژنامە هاوکاریدا بەلاڤ کر بدو پشکا لبن ناڤێ (کی دبێت کێماسی‌یە ؟) لسەر وی بابەتێ من بەلاڤ کری دژمارە (١٧)ی گوڤارا (کاروان)ا هێژادا لسەر «ئەو پەیڤێن ژ دوو ڕامانـاو پتر هەین دزمانێ کوردیدا».

گەلەك سوپاسی‌یا کەکێ خو یێ هێژا (سامی) دکەم لسەر ببها زانینا بابەتێن زمانەوانی و پویتە پێ کرناوی ،کو دوو سێ جارا ئەڤ بابەتە خاندی‌یە .

بڕەنگەك گشتی ڕەخنەگر دڤێ یێ زاناتر بیت ژ دانەری، گەر زاناتر ژی نەبو نابیت ژێ کێمتر بیت هەگەر دێ کەفیتە ئاستەنگا ژێ قوڕتال نابیت . بو نمونە ڕەخنە گرێ شعرێ دڤێ چو ژ شاعری کێمتر نەبیت و یێ چیرۆکێ هەروەساو ..تاد.

زمانێ کوردی زمانەکێ ڕەسەنە ، گەلەکی بەرفرەهە دەرافێ هەمی نڤیسنیا هەیەو گەلەکی زەنگینە .

پشتی کو کەك (سامی) خو ژچەند ڕێزکێنی پڕ بها ڕازی کری و خودان قەلەم های داینە خو کێشانا گوڤەندا زمانی و نڤیسنێ ، زەندو باسکێن خو هەلدینەو وەسا یا کاردایە دەریا زمانی بڕەنگەك سادە دناڤدا گەڕایە چونکی (گەر زمانێ مە یێ وەسابا ل عێراقێ و تورکیاو ئێرانێ و سوریاو سوفیەتی ، هەمی وەك یەك پێ ئاخفتبان ئەڤ دوزێن ئەم تێ دکەلین نەدبون ، بەلێ زمانێ کوردی پێکهاتی‌یە ژگەلەك شێوا هەر شێوەك ژی ژ دەفەرەکێ بو دەفەرەکا دی ودێ شێین بێژین ژ گوندەکی بو گوندەکێ دی جودایی دناڤ گەلەك پەیڤادا هەیەو تا نوکە نە ئەزو نە تو و نە چو

کێ دبێت کە ئەو نەکێماسی‌یە

بهجەت محمد هروری

دکتورێن بسپورو زمانەوان نەشیانە زمانەکێ کوردی یێ ئێککرتی بینن گوڕێ کو ئەو هەمی جهێن برادەری کوتین وەك یەك پێ باخفن .

ئەڤە بڕەنگەك گشتی لسەر گوتارا هەڤال (سامی) ،لێ دا بچینە دناڤدا وهندەك تێبینی‌یان دەست نیشان کەین دا بزانین کا (کی دبێژیت ئەڤە نەکێماسینە)و کا برادەرێ مە کار کری یان دەست ڤالە هاتی‌یە گوڤەندا زمانی .

١ ـ برادەری ژ زار نوکێ قەلەمێ من گوتی‌یە «کێماسی‌یە بو زمانی گەر پەیڤەکێ ژ دوو ڕاماناو پتر هەبیت» ئو ئەز پێ گونەهبار کریمەو .. دبێژیت : بەرێ خو بدە فەرهەنگێن عەرەبی‌و ئنگلیزی کا ئەوان ژی ئەڤ پەیڤە نینن .

کەك (سامی) بڤی ڕەنگێ تە نڤیسی دناڤ کێشێن ڕێزکێن کوتارا مندا هەیە؟.. مە ڕەما من ژ خویا کرنا فان پەیڤانو بەلاڤ کرنا فی بابەتی ئەوە کو ئەز حنێری‌یا زمانی‌و زەنگینی‌یا وی دانمە پێش چافێن خوینەرێن هێژا .من ژلایێ پەیڤانفە زمان دسێ پشکادا دانی‌یە ..نەپێتڤی‌یە هەما بنڤێسم ، لێ یا پێتڤی پشکا (٣)یە دبێژیت :

ئەو پەیڤێن ژ دو ماناو پتر هەین دو پشکن :

أ ـ پەیڤەك بتنێ دوو ماناو پتر هەنە ، هەردوو ماناژی ئێك پەیڤن وەکی پەیڤا (شیر) = أ شیر (حلیب)

ب ـ شیر (سیف)

ـ دەما پەیڤا (شیر) دهێتە گوهێن مە هزر پێ دڤێت کا ئەڤ (شیرە)ە (سیف)ە یان (حلیب)ە ئو ئالزین ڕوی ددەت ئەڤ چەندە من بکێماتی هژماتی‌یەو من گوتی‌یە خوزی زمانی شیان هەبویا کو هەر مانایەکێ پەیڤەکا خوسەر دابایێ .

ب ـ پەیڤیەکێ ژدوو ماناو پتر هەین ، لێ هەر مانایەکێ (پەیڤەکێ) مانا خۆ یا خوسەر یاهەی ، ئو بڤی ڕەنگی ئالزین ڕوی نادەت : وەکی پەیڤا (خر) = أ گروفر .

= ب ـ هەمی .

برادەر (سامی).. دزمانێ کوردیدا بیت یان یێ عەرەبی یان یێ ئنگلیزی لسەر وان پەیڤێن ژدوو ماناو پتر هەین ئو ئالزین چێدبیت ، هەروەکی گەلەك هەڤال لێ هلنگفین ، بتنێ دێ پسیارەکێ کەین :

پەیڤا (بەر) = بۆ نمونە :

١ ـ بەر = حجر ، (بەرێن دیوارو کەلەکا) .

٢ ـ بەر = انتاج ، بەرهەم ، (بەرێ دەستێ هەوە جوتیار خەلکێ هەمیا نانێ خو خار) .

٣ ـ بەر = عرض ، (ئەڤ قوماشە یێ دوو بەرە) .

٤ ـ بەر = بەرێ سەعاتێ ، (١٧ بەر) ، (٢١ بەر) .

٥ ـ بەر = امام، (ئاستەنگ یێن کەفتینە (بەر) سنگێ من) .

٦ ـ بەر = ناحیە، ڕەخ، (گیای ژ (بەر)ێ من نەدروی)

٧ ـ بەر = نظرە ، [(بەر) ێ وی یێ لمن] .

ئەرێ کیشك چێترەو بێ ئالوزی ترە سەرفەرازترەو بێ کیماسی ترە ؟ ئەگەر بێژنە فان هەر (٧) تشتا (بەر) . یانژی هەر ئێکی ژفان

بڕوانە ل ١١

شیعری ■ پیربال مەحمود ■

لەسەر زەوی‌یەکی ڕەنگین
نەخشابوو شارێکی سەنگین
ئەدرەوشایەوە وەکو بوك
وەك شاشۆخێکی ئێسك سوك
ئەوەندە جوانی پێ‌بوو
فیلەکای ڕێبواری ڕێ‌بوو
بۆ حەسانەوە لە بالی
ڕووم کردە ئاسۆی سامالی
چوومە ناو بازاڕی پاکی
پرسیم لە قەلاکەی تاکی
پێم بڵێ ئەی قەلای بالا
ئەی ترۆپکی ئاڵ و والا
ئاخۆ تۆ چیت ؟ چ شارێکی ؟
چ ناوبانگ و ناودارێکی ؟
چ مەزراێکی سەوزینی ؟
چ ئەدووری و چ ئەچینی ؟
تەنها هەر ئیسك و گەنم و جۆ
یا ئاواش بیری سەربەخۆ ؟
تەنها هەر گوڵ و هەر نەمام
یا ئاواش هۆنراوەی بەتام ؟
چ هاوینە هەوارێکی ؟
چ بەهەشت و گولزارێکی ؟
چ یادێکی لە مێژوودا ؟
لە جیهانی کۆن و نوودا ؟
چ سرێکت حەشارداوە
لەم گوڕەپان و لەم ناوە ؟
سری (عەشتار)ی خوداوەند ؟
یا (داریوس)ی سیامەند ؟
چ نەخشەی یا چ سنووری ؟
چ میرات و کەلەپووری ؟
چ گەوهەرێکی نازداری ؟
وەی ! چەند گەش و پڕشنگداری ؟
وەك نیگاری نەوجەوانێ
وەك چەپکی دەس باخەوانێ
وەك پەلکە زێرینەی چەماو
بەرامبەر ئاوێنەی هەتاو
دیاری لەسەر زەوی‌دا
لە چاوی کێوی و کەوی‌دا
دڵ ئەڕفێنی وەکو پەری
وەك شا کچو شۆخەزەری
کە ئەمانەی بیست لە زارم
وەڵامی داوە پیارم ..
ووتی : وەك چۆن ئەڵێی ئەوم
گوێ‌گرە لە وتەی دەووم
گەر نەزانی مێژووی کۆنم
نازانی من چیم و چونم ؟
نازانی بۆ وێنەم شەنگە ؟
بۆ دیمەنم ڕەنگاوڕەنگە ؟
بۆ پەیکەرم وا ڕوونساکە
دڵ ڕاکێشەرێکی چاکە ؟
باپێت بڵێم ئەی ڕیبوار
چ نرخێکم ؟ چ یادگار ؟
ئەمن خۆری ڕۆشەنبیریم
زانستی و زیرەکی و زیریم
سەروچاوەی ئاوەدانیم
پێشکەی خۆشی و کامەرانیم
نیشتەجێی (ئینسان)ی کەویم
سەیرکە (ئاکار)ی زەویم
خانوو بەرەو کۆشك و تەلار
نەخش و نیگاری سەر دیوار
لە کۆنەوە بە ووریایی
بە چەلەنگی و بەزانایی
یەکەم چرۆی شارستانی
لە ناخم سەری هەلهانی
ئینسانی کۆن (نیاندرتال)
لێرە ڕاهاتە کشتوکال
لێرە داری بەی و بادەم

بڕوانە ل ١٠

ئەدیب و نووسەر

چ ئەدیب بی و چ نووسەر
یان شاعیری بە جەوهەر
لە کوردستان سەران سەر
گەرخۆی بکات بە تەتەر
بە پێنووسی وەك نەشتەر
بنووسی دەردو کەسەر
شان بە شانی ئەم گەلە
چەندی خزمەت کا هەلە

× × ×

ئەدیب و نووسەری دیار
ڕەنجی ناچی بە خەسار
گولە لە یەخەی لاوان
وەك مناڵی بێ تاوان
بیرو هەست و ئاواتی
هەر خۆشی بۆ وولاتی
گەر بیدەن لە سێدارە
تەرك ناکا ئەم کارە

× × ×

هەموو پێنووسێکی پاك
لە کوردستان تاك بە تاك
هە روەك خەنجەری دەبان
دەرنەچووبی لە کاڵان
ئەبێ هەل بستی لە خەو
گەلی کورد بکا پتەو
دانەمێنێ وەك قەرزار
گەر نا ئەبی شەرمەزار

× × ×

خەرمانی نووسەر گەلە
گەردماو بی خۆی قەلە
وامەزانن داماوین
لە کاروانا جێ ماوین
ئێمە گەلێکی دیارین
بە دەستی خۆ بە کارین
ئەوەی دەستمان بۆ درێژکا
داغی دەکەین وەك بڕێشکا

مامۆستاسید جلال سید حسن بەرزنجی

Institut kurde de Paris

بەرگری میللی سلیمانی و مەلبەندی ئاگر کوژاندنەوە

- بەشێوەیەکی گشتی بەرگری میللی سلیمانی کاروبارەکانی چۆن بەرێوەئەبات .
- دەورەکانی فێرکردنی بەرگری میللی .. بۆچی ؟
- کەئاگرێك ئەکەوێتەوە چۆن بەرگری کوژاندەوەی ئەکەن .
- ئەرکی سەرشانی هاوڵاتیان ، لە بەرگری میللیدا چۆن دەستنیشان ئەکەن .

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانەو هەندێ شتی نوێ دەربارەی بەرگری میللی چوینە دبداری فەرمانبەرانی بەرێوەبەرایەتی ناوبراو ، پێشەکی عبدالقادر حسین احمد بەرێوەبەر ، بەگشتی زۆر لایەنی لەکاروباری بەرگری میللی و تیپەکانی ئاگر کوژاندنەوە بۆ باسکردین ، دو بەدوای ئەو بەرێز ئەفسەری ئاگر کوژاندنەوە لێپرسراوی کاروباری راهێنانی بەرگری میللی کاك عباس قادر محمد وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە .. وائێمەش ئەیخەنیە پێش‌چاوی خوێنەرانی هاوکاری ..

بەرێوەبەر : ـ

هەر لەسەرەتای دروستبونی ئەم بەرێوەبەرایتیەوە ، هەوڵی ئەوە دراوە ، کەتابتوانی جێگای خۆی لەدڵی هاونیشتمانیاندا بکاتەوە ، چونکە تەنها فریاکەوتنێکی خێرامان لەکوژاندنەوەی ئاگرێکدا ، کەهەندێ جار کارەساتی هەزین و ناخۆشی بەدوادا دێت ، ئەبێتە مایەی بەختەوەریمان و رازی‌بوونی هاونیشتمانیان کەئاواتی ئێمەیە . لەروی بەرێوەبردنی کاروبارەوە لەسەرتاپای پارێزگاداو لەیەکەکانی بەرێوەبردنی‌کاردا ئامێری ئاگادارکردنەوەی خێرامان داناوە ، ئوتومبیلەکانی ئاگر کوژاندنەوە هەمووکات لەئامادەبدان جگە لەوەی ئوتومبیلی نوێمان هێناوە ، کرێکارو کادری لێهاتووی تەواومان بۆدامەزراندوە ، لەناوشاری سلیمانیدا سیانزوە مەلبەندی ئاگر کوژانەوەمان کردۆتەوە لەشوێنەکانی کارگێرایتیەکانی دەوڵەتدا ، بەشی تایبەتیمان دروست کردوە کەهاوبەشی تیپەکانی سەربازی ئەکەن لەبەرەکانی جەنگدا ، بەپوەندیمان هەمیشە بەردەوامە ، لەگەڵ فەرمانبەراتیەکان‌و هاوڵاتیان تا بە گشتلایەکمان بتوانین لەبەرەنگاری ، ئەو هێرشە درندانەو ئارەوایانەدا کەدوژمن ئەیکاتە سەر وولاتمان بەشداری بکەین‌و ئەرکی‌خۆمان بەجێبێنین ، بۆ ئەم مەبەستە ٨٦٤ پەناو پەساری تایبەتیمان بۆ هاونیشتمانیان تەرخان کردوە کەتیایاندا لەبۆمباباران‌ی ئارەوای دوژمن خۆیان بپارێزن . خەڵکیمان لەم ڕوەوە ڕێنمایی کردوە ، لەسەرپەرشتی دروست کردنیاندا . جگە لەکۆری فراوان‌و بەردەوام بۆ ڕێکخراوە جەماوەریەکانی پارێزگا ، چونێتی خۆپاراستن‌و ئامادەبوون بۆ هەموو کارێکی بەرگری میللی ، لەم بوارەدا هەندێ تاقی‌کردنەوەی زیندومان کردوە ، کەتیایدا هەموو پێویستیەکانی کارگوزاری بەکارهێنراوە ، سەردانی بەردەوامی کارگەو شوێنە گشتیەکانمان کردوە سوربوین لەسەر دڵنیایی کارکردنی ئامێرەکانی ئاگر کوژاندنەوەو پشکنین‌و ئاگاداربوون لەئاسایشی پیشەسازی‌و لابردنی ئەو شتانەی کەڵك نابەخشن‌و دابین‌کردنی شتی‌نوی لەجێگایاندا .. ئەمانەو ئامادەیی خۆمان دەرئەبڕین بۆ پێش‌کەش‌کردنی زیاتر ...

ئەفسەری ئاگر کوژاندنەوەو سەرپەرشتکاری دەورەکان : ـ

سەرەتا ئەمەوێت دەربارەی ئەو دەورانە بدوێم کە بەرێوەبەرایەتیەکەمان پێهەڵئەستێ ، تائێستا حەفتا دەورەی جۆربەجۆری لەبەرگری میللیدا کراوەتەوە ، کەتیایدا فەرمانبەرانی دەزگاکانی دەوڵەت فێری وانەکانی بەرگری میللی‌و ئاگر کوژاندنەوەو کەلێك بابەتی بەکەڵكئەبن . کەئەبێتە هۆیەکی سەرەکی لەکاتی پیویستیدا بۆچارەسەرکردن‌و فریاکەوتن . لەو « ٧٠ » دەورەیدا ٢٠٦٣ قوتابی لە دامەزراوەکانی دەوڵەت بەشداریان تیاکردوەو سەرکەوتبیان بەدەستهێناوە ، جگەلەو دەورە تایبەتیانەی کەبۆ کارگەو کەرتەکانی گشتی‌و سوشیالیستی‌و تایبەت تەرخانمان کردوە ، لەمانگەدا دەورەیەکمان بو یەکێتی لاوان‌و قوتابیان کردوە کەتیایدا زیاتر لەپەنجا قوتابی فێری وانەکانی ئاگر کوژاندنەوە ئەبن .

مەلبەندەکانی ئاگر کوژاندنەوەمان لەزوربەی ناوچەکانی سەر بە پارێزگا کردۆتەوە ، جگە لەهەردوو مەلبەندی کوژانەوەی سلیمانی‌و شۆڕش ، ئێمە لەهەموو ئاگر کەوتنەوەیدا دەوری خێراو کاریگەری خۆمان ئەبینین‌و هەوڵئەدەین بەزووترین کات فریای ئەو شوێنەبکەوین‌و بیگەینی .. جابۆئەم مەبەستە حەزئەکەم مشتی دەربارەی هەردوو تیپی ئاگر کوژاندنەوەی سلیمانی‌و شۆڕش بۆ دانیشتوانی شاری سلیمانی ڕوون بکەمەوە .. یەکەم ژمارەی تەلەفونەکان، سلیمانی ٢٢٢٦٤٣ ، شۆڕش ٢٢٠٩٧٠، دووەم مەلبەندی سلیمانی گەرەکەکانی سەرو سلیمانی ئەگرێتەوە ، مەلبەندی شۆڕش گەرەکەکانی خوارو ئەگرێتەوە ، لەبەرئەوە داواکاریمان لەهاوڵاتیانی ئازیز ئەوەیە کاتێ پەیوەندیمان پێوەئەکەن بەپێی نزیکی‌و دوری شوێنەکان تەلەفونمان بۆبکەن ، وەناونیشانی تەواو بدەن تا بەزووترین کات بگەینە ئەو شوێنانەو بەربەستی ئاگرەکە بکەین‌و کارەساتی ناخۆش ڕوونەدا .. ئەرکی هاوڵاتیان دیارە لە هەموو ڕوویەکی پەیوەندی کۆمەڵایتیەوە ، ڕێنمایمان بۆ هەموو لایەك ئەوەیە ئاگاداری ئاگر کەوتنەوەبن ، بەتایبەتی کە بەرێگاکانی دەرەوەی شاردا ئەڕۆن جگەرە فڕی نەدەنە ناو پوش‌و دەغڵ‌و باخەوە ، هەروەها شت نەسوتێنن لەو جێگایانەدا ، لەناو ماڵدا ئاگاداری دامەزراندنی کارەبا بن ، نەوت‌و غاز لەشوێنی باشدا دابنرێ ، شقارتە نەدرێتە دەست منداڵ ، ئەمەو هەروەها فەرمانبەریەتیەکانی دەوڵەت لەو ڕوانەوە ئاگاداربن ، کاتی بەجێی‌هێشتنی دڵنیایی تەواریان هەبێت لە هەموو شت‌ومەکەکانی ناو فەرمانبەرێتی ، زوربەی ئەو ئاگرانەی لەماڵاندا ئەکەوێتەوە بەهۆی غازەوەبە ، کەپیویستە کەیبانوی ماڵ ئاگاداری دەبەغازەکان بێت، بەکراوەیەی بەجێ‌نەهێڵی‌و بچێ شقارتە بێنی‌و دایی گیرسێنێ ، پاشان چارەسەری لێچونی‌غاز ، بەگۆرانی غازەکەو لابردنی ، ڕێنمایمان بۆبرا شوفێرەکانمان کە زۆر پێویستە ئاگر کوژێنەوەیان پێ‌بێ‌و دڵنیاین لەکارنەکەوتنی‌و بەکارهێنانی ، ئێمەش لەگەڵ ئەمانەدا ، ئامادەین بۆ هەموو ڕوون‌کردنەوەیەکی پێویستە ، تاڕادەیەکی پێویست دەورەکانی ئەم بەرێوەبەرایەتیە زوربەی لایەنەکانی بەرگری‌کردنی میللی بەئاسانی تیا شیکار کراوە ، بەردەوامیشین لەسەر ڕاژە کردنی ، هاوڵاتیان .

بۆ بەرچاوی ئێوە..

لەرادیوی کوردی بەغدا

بۆچی «ڕوخسار» بوو بە«ڕووخەسار» .. .

● دەنگ‌و زمانزانی دوو مەرجی بنەڕەتین لە کاری (موزیعایەتی) لە ئیزگەدا ، چونکە خاسیەتی ئەم ئیشە بەم دوو مەرجە دەڕازێتەوەو پێش دەکەوێ .. لە«ئیزگەی کوردی بەغدا» ئەم دوو مەرجە زۆر بە زەحمەت بەرچاو دەکەوێ ... ئەگەر هەندێك جار بڵێین نیە (ئەوە حەقی مەشروعی خۆمانە) کە ئەم قسانەش دەکەین لە ویژدانی خۆمانەوەیە ، چونکە ئەم ئیزگەیە مولکی گوێگرانە .. وا هەست دەکەم کە نەهێچ لیژنەیەکی «چاودێری‌و نە زمانزانی» لە ئیزگەی کوردی بە چراش نادۆزرێتەوە ... بۆ ڕاستی مەسەلەکە یەك دوو نموونە دەهێنمەوە کە مایەی ناخۆشی هەموو گوێگرێکە ...

أ ـ ئێوارەی ڕۆژی یەك شەممە ڕێکەوتی ١٤ـ١٠ـ١٩٨٤ سەعات ٦٫٥٨ دەقیقە لە کاتی پێش‌کەش کردنی بەشی دووەمی بەرنامەی داواکراو برادەری پەخش‌کەر «مذیع» سەرەڕای ئەوەی کە دەنگێکی زۆر (ناسازی) هەبوو ،ئینجا خۆشی نەیدەزانی چۆن قوربەسەری زمانی کوردی دەکات ...

«ڕوخسار» ئەو ناوە مۆسیقی‌یە خۆشە کە هەموو کوردێك بە فۆنە تیکێکی شیرینەوە دەریدەبڕێ کەچی ئەم برا «موزیعە» لەجیاتی ئەوەی بڵێ «ڕوخسار پێش‌کەش دەکا ..» وتی «ڕووخەسار پێش‌کەش دەکا» خۆزگەم بەرنامەی گۆرانی داواکراو ڕاستەوخۆ نەدەبوو و تۆمار دەکرا تاکو ئەم حەقیقەتە وون نەبوایە ... (جا توخوا ئەمە ویژدانە مادام لە سەنعەتەکە نازانی بۆ ڕەزیلی دەکەی) .

ب ـ دۆستێکی ڕۆژنامەنوسم بۆی گێڕامەوە وتی :ـ (لە گۆڤارێکدا بیرەوەری موزیعێکی وڵاتێکا خوێندمەوە . دەڵێ لە ژیانی ئزگەییەم‌دا نەچوومەتە بەر مایکرۆفۆن بەبێ ئەوەی ئەو شتەی ویستومە بیڵێ نەمنوسیبێتەوە) کە ئەم قسەیەم هێنایەوە هەڵبەت نموونەیەکی ترم هەیە لە بابەتانەوە کە ئیزگەی کوردی بەغدا بە پێچەوانەی ئەم قسەیە جوڵاوەتەوە ...

کەچی لە بەیانی ڕێکەوتی ١٢ـ١٠ـ١٩٨٤ لە کاتێکدا مذیعکی رادیوی کوردی کە دەنگوباسی یەکەمی دەخوێندەوە « بێ‌گومان ڕاستەوخۆ لەسەر دەقیقە عەرەبی‌یەکەی » دوو دەقیقە دەوەستا ئینجا ووشەیەکی دەردەبڕی حەرام ئەگەر گوێگرێك لەم دەنگوباسە گەیشتبێ ... بەڕای ئێوەش ئەگەر ئەو مذیعە ئەم دەقە عەرەبی‌یەی تەرجەمە بکردایە باشتر نەبوو ... یان خۆ لە کۆ کردنەوەیە .. ئەمە کارێ ئیزگەیی‌نیە ، بەڵکو کارێ گیرفان پڕ کردنە .. بەڵام بۆ.. ئەی ویژدان بەرامبەر بە گوێگری ئەم ئیزگەیە ...

ناظم دلبەند

لقی هەولێر

ڕووبەڕوو

بەرێکەوت گوێم لە رادیۆی کوردی دەبێ .. سەر لە بەیانیەکی ئەم مانگەو لە بەرنامەی «بەیانی باش» گوێم لەوەی خوارە وەگرتبوو ،کە ئەك هەر ناشێ‌و ناگونجێ لە رادیۆ کارەساتی وا ڕوو بدات ،بەڵکو جێی گومانە کە دەزگایەکی ڕاگەیاندن ئەم بۆ چوونە بخاتە ڕوو ..

«گوێگرانی خۆشەویست. ڕەخنەگر ، هەر ڕەخنەگرێ، ئەدیبێکی پاشکەوتوو» !! کە لە هیچ بوارێکی ئەدەبی‌دا سەرناکەوێ‌و خووی خۆی ئەداتە ڕەخنە گرتن !!» .

وەك بڵێن : خەڵکینە ... وەرن ڕەخنەگران ڕسواکەین و هەرچی ڕەخنەگران دەیڵێن‌و دەیکەن ... ئاسنی ساردو سڕ دەکوتنەودو بڕوایان پێ مەکەن .

یەکەم :

بەیانی باش .. چ پەیوەندی بەو مەسەلەوە هەیە کە ئایا ڕەخنەگر ئەدیبە یان نا ؟!

دووەم :

نازانم ئەوە چ خزمەتێك دەگەیەنێ کە ڕەخنەگران بەو سووك‌و ئاسانی‌یە تەماشا بکرێن ؟! ..

یان... مەسەلەکە هەر تەنیا پڕکردنەوەی ماوەی بەرنامەکەیەو .. ئەمەش لەسەر حسابی ڕەخنەگرانی داهێنەر .. نەء.. لەوانەیە ئەم خەڵکە بە نەخوێندەوار بزانن !! .

شێرزاد

لقی هەولێر

لە نەرشیفی کەلەپوری هەولێرەوە ..

حاجی حەمیدی چەخماخچی

تفەنگی جامبێزارو ماهوزەرەکان بە دینارێك ڕەش دەگردەوە

● هەر لە قەیسەری ناوباژێری زۆر لەو کەسە سەنعەتکارە بەهرەدارانەت‌بەرچاو دەکەوێ‌و ژیانێکی گولەمەرگیان بەسەر بردووە، (حاجی حەمیدی چەخماخچی) پەنجاو چوار ساڵ تەمەنی‌بردووە .

هەر لە عومری چوار ساڵی‌یەوە لەگەڵ حاجی (ئەسوددی چەخماخچی) باوکی خەریکی ئیشی چاك کردنەوەو ڕەش‌کردنەوەی تفەنگی (ماهوزەڕو جامبێزارو حوسکە) بووە کە لەسەردەمی شەڕی ئینگلیزەکان بەکار دەهێنران .. سەرەڕای دروست‌کردنی خەنجەری کوردەواری‌یانەو پڕکردنەوەی فیشەك‌و کەل‌وپەلی کشتوکالی وەك (داسوکەو قەیناغو زۆر شتی تر...) بە پێکەنینەوە پێشوازی لێ‌کردین‌و خۆی هاتە دوان ...

ـ فەرموون دەزانم چیتان دەوێ . زۆر جاری تریش هاتوون ..

● سەربردەیەکی ئەو ئیشەمان بۆ ناگێڕیتەوە ..؟

بابم ئەو ئیشەی فێرکردووم .. تەمەنم سێ ساڵ بوو ، واتە بەر لە ٥٢ ساڵ من لەم کارە ئیشم کردووە .. دیاربوو هەندەك جاران بابم باسی تفەنگی (ماهوزەرو جامبێزارو حوسکە)ی دەکرد .

● ئەم تفەنگانە ئەو ساکە بە چەند بوون ..؟

ـ تفەنگ بە (٦) دینار بوو ،ئێمەش ئەکەر چاکمان بکردبایەوە لە کاتی شکانی یان ڕەشمان بکردبایەوە یان دەرزیلەمان بگۆڕیبایە (یەك دینار)مان وەردەگرت ..زۆر جارانیش لەگەڵ باوکم هەگبەی کە ڕەستەمان هەڵدەگرت دەچوینە گوندەکان بەتایبەتی (دەشتی دزەیی‌یایەتی) بە زۆری لە فەسلی بەهارێ وەك دەڵێن وەختی (ماستو کەنگری..)

● هەر ئێوە لە هەولێرێ ئەو ئیشەتان دەکرد ..؟

ـ نەخێر . (٢٠) دوکان زیاتر بووین .. لەمانە «بەکر خەنجەرچی . وەهاب خەنجەرچی . عبدالله حسین. شێخ محمد چەخماخچی . طاهر چەخماخچی . جبار . یونس زۆری‌تر .. » .

● هەر لەم دوکانە بوون.؟

ـ (ئاهێکی هەڵکێشا) ئەرێ وەڵلا هەر لەو دوکانە بووین (سەرێکی بەرز کردەوە) تەماشای ئەو ڕەشایی‌یەت کردیە ، ئەوە جاران کارەبا نەبوو کورەمان دانا بوو (بەهەمبانەی) فوومان لە ئاگرەکە دەکرد تا زیاتر بگەشێتەوەو ئاسنەکە زوو سوربێتەوە ..

● مادام ئاشنایەتیتان لەگەڵ جوتیارەکان زۆر خۆش بووە ..؟

ـ زۆر .. خەڵکی گوندی ملیان زۆر پاکە ئێستاکە کە زۆربەیان لە شارن هەموو جارێك سەرمان لێدەدەن ..

● ئەی ئێستاکە دەبینم خەریکی چەفۆ تیژکردنەوەو شتی تری ..؟

ـ بەخردای ئێستا تەنها ئیشی کشتوکالی دەکەم‌و کەل‌وپەی بیناگەری دروست دەکەم‌و چەقۆو مەقەست تیژ دەکەمەوە ..

● باشە هیچ تفەنگێکت نەماوە لەم تفەنگە کۆنانە..؟

ـ وەڵلاهی هەمبوو ،بەڵام لەم ساڵانەی دوایی چەند مامۆستایەك لە بەغداوە هاتن بە دیاری بردیان دیار بوو بۆ (مەتحەفیان) بوو منیش کردمە دیاری ..

● مندالەکانت فێرە ئەو ئیشە نەبووینە ..؟

ـ فێربووینە ، بەڵام ئیش ناکەن ، چونکە خەریکی مەکتەب‌و وەزیفەنە ...

● زۆر سوپاس ..

ـ ئەمن مەمنون ...

لقی هەولێر

ئیقاریەکێ

ئیقاریەکێ
پشتی ئەڤ ڕۆژە د چت ئافا
ڤەدمریت تیرێژا چافا
دێ چافا ل دور خو گێڕینی
تو کەسێ ل وارا نابینی ،
شەڤبێریەکێ ل گەل ببورینی
ئیقاریەکێ
پشتی سەرێت هەمی ڕێکا ..
لتە بەرزە دبن
دێ سەحکەبە هەڤالەکی ،
لدەفتە ڕوینیت
خەمێت دڵێ تە ب ڕەڤینیت
بوتە ستراتا ب لورینیت
ئیقاریەکێ
مینا بەلاتینکەکا گێژ
بێهنێت گولا دێ تە کێشن
کادی یا ئاگرو چرا
دێ ڕوندکێت چاڤێت تە ڕێژن
کوڵ‌و کوڤان ،
دێ خینا دڵێ تە مێژن
ئیقاریەکێ
دڵێ تە دێ ئێت کوزرین
دناڤ ئاگرێ خەریبادا
دێ نقوبی ..
د دەریا بیرو هزرادا
دێ بەرزەو بەلنگاز مینی
د ناڤ خوزی‌و ئەگەرادا
ئیقاریەکێ
پشتی هەردو پێت تە شل دبن ..
بگەڕیانێڤە
هەردو چاڤێت تە ژی زل دبن ..
بنێڕانێڤە
دێ پەشێمان زڤڕی یەڤە
ئاگرێ د ناڤ دڵێ تەدا
ژ نویکا دێ کەش بیتە ڤە
ئیقاریەکێ
هو شرینێ ، گەر تو زڤڕی
تو دێ بینی ،
ئەو هەڤالێ تو لێ دگەڕی ،
مالا خو یا ژ گوندێ هەوە ..
ڤەدەر کری
بەلێ دێ تە ..
گوهـ ل دەنگ‌و گازیێت وی بت
لپشت قوناغێت ..
ئەو ژ چاڤێت تە دویر کری
دێ بێژتە تە ،
وەرە جوانێ ..
وەرە بەلاتینکا دەلال
ئەزم بێهن ،
ئەزم جرا ،
ئەزم هەڤال

هەڤاڵ خامە

■ صالح یوسف صوفی ■

هەڤال خامە ...
شرین خامە ...
ڕوندك و گرنژین خامە ... !
چ گافا من خەمەك هەلگرت ،
تو خەمخور و مەستی خامە
چ گافا من کرە گری ،
تە ژی دبینم ...
ب ڕوندك و گری ... خامە
چ گافا دوو دل پێك خوش بوون
توی هەڤالێ سێ‌یێ خامە
وەرە خامە ...
هەڤال خامە ...
دڵێ من یێ بوویە ئێتوین ،
بو یارەکا وەکی ڕۆژێ ... !
وەرە پەیڤا ...
شرین پەیڤا ... !
د ناڤ بەرا من و وێ دا ...
... ڕێزکە خامە
توی هەڤالێ سێ‌یێ خامە
من تو دیتی ... ل گەل خانی و ...
مەم و زینێ
من تو دیتی ...
ل گەل فەرهاد و شرینێ
من تو دیتی ، دناڤ دەستێت جزیری دا
د گرنژی
من تو دیتی و کەلا دمدم ،
ب پەیڤێت تە ...
دهنژی

وەرە خامە ...
شرین خامە ... !
ئەڤە ژمێژە ،
ئەز و چیرۆکەك ، هەڤالین
چیرۆکەکا چەند درێژە ... !
ئەڤینەکا چەند ژمێژە ... !
نەدزانم سەر کەنگی بو
ئەژی بنێ وێ ل کیرێیە ...
ڤێجا وەرە ... خامە وەرە ...
ڤێ چیرۆکا مەیا درێژ ،
ب پەیڤێت خو ، چاك دانرێژە

■ کریم جمیل بیانی ■

Institut Kurde de Paris

وردەکاری یەك لە رەخنەکانی قەرەداغی

دەمەوێ بەش بە حاڵی‌خۆم وەڵامی ئەو رەخنانەی مامۆستا محەمەد عەلی‌قەرەداغی بدەمەوە کە دەست نیشانی کردبوو لە دیوانی‌شاعیری نەمر میرزا خەلیل منەووەر کاکەیی ، لە رۆژنامەی هاوکاری ژمارەی (٧٤٣،٧٤٤،٧٤٥) رۆژانی ٢١و٢٨-٦-١٩٨٤ و ١٢-٧-١٩٨٤ی زبلاو کراوەتەوە .

نووسینی هەردەوێل کاکەیی

سەرەتا سوپاسی مامۆستای ناوبراو دەکەم بۆ ئەو رەخنانەی کرتویەتی لە کتێبەکەو کۆکەرەوانی هۆنراوەکانی شاعیر ، واتە لەمن‌و مامۆستا مستەفا نەریمان ، جا ئەگەر لە تەقەلاو لێکۆلینەوەو کۆششەکەی راست بووبێ یان نا ! ئێمە شانازی پێوە دەکەین‌و ئومێدمان سەرکەوتنیەتی .

ناشوکری نەبێ هەرچەندە نووسەرو پسپۆڕو رەخنەگری شارەزاو تایبەتیمان نی‌یە کە بتوانن بابەتی ئەدەبی هەڵسەنگێنن بە شێوەکی رەخنەگرانەی راستەقینە ئەگەر ببێتیش بە دەگمەنە ، بۆیە وتویابە هەر رەخنەگرێ پێش ئەوەی دەست بداتە خامەو رەخنە نووسین دەبێ شارەزایی‌یەکی تەواوی هەبێ لە هەموو شێوەو بابەتەکانی گۆشەو کون‌و قوژبنی ئەدەب و زاراوەکانی زمانی نەتەوەکەی بۆ ئەوەی بتوانێ بە شێوەکی زانستیانە رەخنە بنووسێتو نەکەوێتە ناو هەڵەو هەڵەکاری‌و سەر لە خۆی‌و خوێنەرانیش تێك بدا بەداخەوە لە رەخنەکانی مامۆستای بەرێز کاك محەمەد قەرەداغی وا دەردەکەوێ هیچ شارەزایی‌یەکی دەربارەی رێزمانی زاراوەی (ماچۆ) نی‌یەو ئاگایشی لەوە نی‌یە کە گەلێ جودایی هەیە لە نێوان زاراوەی (ماچۆ)و (گۆران)دا، هەرچەندە رەگو ریشەی هەردوو زاراوەکە یەکەو لە یەك سەرچاوەیش ئاویان خواردووەتەوە بەڵام بەدرێژایی رۆژگار گۆرانی خوێنەر هیچیان لێ‌نەزانێ‌و ئەمانیش نەهاتوون لە پەراوێزەوە شتێکیان لەسەر بنووسن وەك ناوی دێکانی (عەلی سەرای)و (عەرەب کۆیی)و (فەکەو ....) .

وەرەخنەگر ناوی دێی (عەلی‌سەرای) بە هەڵە بەم جۆرە نووسیوە (عەلی سەرایی) .

دیارە وەك خۆی وتەنی (خوێندنەوەیەکی سەر پێی) نەهاتووە پێش ئەوەی رەخنەکانی بنووسێ سەرانسەری دیوانەکە بە وردی بخوێنێتەوە ئەگەر بهاتایە تەماشای لاپەڕەی (٣٢)ی کتێبەکەی بکردایە دەیزانی دێی (عەرەب کۆیی)و (عەلی سەرای) سەر بە (داقووق = تاوغ)ن بەڵام راستە جێگای (فەکە)مان دیاری نەکردووەو نەمان وتووە سەر بە هرێمی شاری (عیمارە)یە .

لە جێگایەکی تر دەڵێ «دەبوایە سوودیان لەو شیعرەی لە ژمارە (١٥)ی گۆڤاری (کاروان) وەربگرتایە کە کاك عومەر فارس محەمەد بڵاوی کردووەتەوە» .

وەکاتێ گۆڤاری ناو براو کەوتە نامەخانەکانی کوردی‌یەوە دیوانەکەی خەلیل منەووەر لە ژێر چاپدا بە زۆریشی نەمابوو کۆتایی بە چاپەکەی بێ ئەوەندیشی نەخایاند کەوتە بازاڕەوە ، ئەمە لە لایەکەوە لە لایەکی دیکەوە کاك عومەر فارس محەمەد خۆی سوودی لە مامۆستا نەریمان وەرگرتووەو لە نووسراوەکەیدا دەست نیشانی بۆ ئەو لێکۆلینەوە کردووە کەوا لە لایەن مامۆستا (نەریمان)وە بڵاو کراوەتەوە لە گۆڤاری بەیان ژمارە (١٦)ی ساڵی ١٩٧٤ی‌ز بەناونیشانی (شاعیری دەشتی گەرمیان خەلیل منەووەر) هەروەها کاکی نووسەر شتێکی تازەی ئەوتۆی نەنووسی‌وە کە پێویست بکا ئێمە لە دیوانەکە دا باسی بکەین .

دەڵێ لە لاپەڕەی (١٩٦)دا کە سەراسەری شیعرەکان جنێوەو زۆریان سەرو گوێلاکی سلێمانی‌و گول عەنبەر دەکوتنەوە ، کەواتە دەبوویان ئەمانەبش نەنووسرایان ، یان ئەو بیانووی هونەرە بۆ شیعرەکانی شێخ رەزاو باسی ئافرەتانیش بهاتایەتە کایەوە.

وەدەبوایە رەخنەگر ئەو پێشەکی‌یەی بۆ داستانە شیعرەکە نووسراوە لە لاپەڕەی (١٩٥،١٩٦)ی دیوانەکەدا بە وردی بیخوێندایەوە رەنگە ئەو کاتە ئەم قسەیەی نەکردایە ، چونکە ناوەرۆکی ئەو داستانەی کە لەلا پەڕەی (١٩٦)دا بڵاو کراوەتەوە لە ژێر ناو نیشانی (بەیان مەقتەل سەیید ئەحمەد بەرزنجە دەر شەهر موصل) واتە دەربارەی کوشتنی سەی ئەحمەد بەرزنجە لە شاری موو- . دژی زۆرداران‌و تاقمی ئەصناف (تاجرانی) سلێمانی راوەستاوە نەك دژی چەماوەری بەشەرەفی سلێمانی ، دەستەی تاجران‌و خۆفرۆشان بوونەتە هۆی دەرکردنی سەرانی شێخان لە سلێمانی‌و دوور حستنەوەیان بۆ شاری مووصل .وا دیارە ئەم کارەیش کەلێ کاری لە هەستو نەستی خەلیل منەووەر کردووە بۆیە هەستاوە دەردە دڵی خۆی بەنووسینی ئەو داستانە مێژوویی‌یە هەڵئەرێژێ .

جا ئەگەر لە بڕبڕەی هۆنراوەکەدا جار بەجاری تورە بووبێ‌و هێرشی کردبێتە سەر هەندێ لە خەڵکی بێ تاوان ئەوە ئێمە وەکو لە لاپەڕەی (١٩٦)ی دیوانەکەدا وتوومانە لەگەڵ شاعیر نیمان‌و پشت گیریشی ناکەین ، بەڵام بڵاو کردنەوەی دەقی داستانەکە بە بێ کەمو زیاد شتێکی رەوایە چونکە پەیوەندی بە مێژووەوە هەیە، بژار کردن‌و قرتاندنی هەندێ وشەو خشتی داستانەکە کارێکی نارەواو زیان بە خشتیکی گەورەیە ، دەبوایە کاکی رەخنەگر پەنجەی بۆ ئەو هۆنراوەیەیش بکێشایە کە شاعیر ستایشی شاری سلێمانی‌و خەڵکەکەی دەکات‌و شانازیان پێوە دەکات ، بڕوانە لاپەڕەی (١٥١)ی دیوانەکە کە دەڵێ :

شاری سلێمانی شاری شێرانەن
جاگەی ئەکرادو شاری شبێخانەن
نەموئکی غەیرەو نەهێن عوسمانلی
شاری پیران‌و پاشای بابانی

مەزنترین گونەهبارێ

صدیق خالد هروری

+ هەبوو نە بوو
لگوندەکی مرۆڤەك هەبوو
د گوتنێ :
توی گونەهبار
– بۆچی هەر ئەو مرۆڤ
بتنێ ؟ !
+ ئەو مرۆڤ ببوو قەرەچو
هەمی خەلك بۆ . .
ببوونە دار !!
– چەوان . .
ئەو هەمی دار نەبوون
دارەك
بفرێ قەرەچی بشکێنن .
ل‌مانا خۆ بکەنە چارەك؟؟!
+ ئەفە نەکر
دەما دیتی
دار دەستکەو
ئاسن بفر
ژخۆ وەستیان
دەستو پێ لێ شکەستیان
هیفی لێ مر
– ئێدی پاشی . .
فی مرۆڤی
چ بسەری ئیناو
چ قەوماند ؟؟
+ چیا ڤیا
ئەو کرو ، . .
بۆ ناڤبرێ
..بسەرێ ڕی‌یا
هەما بۆ بونە بزۆت‌و
خارنا خۆ پێ دکەلاند !!
– ژچرا ئەڤجار هەر ئەڤەیەو
ئەڤەیە دگوتنێ :
گونەهبار ؟
چەوان هەما خەلکێ گوندی
نەشیانە ئێکێ بتنێ
دۆژمناتی بخۆ کری کار ؟!
نی بوویە دۆژمنێ هەما
+ تەف گەر بکەن
دشێنە ئێکی
ئەون
گونەهبارێد مەزن
ئەگەر نەکەن
– لەو دۆژمنێد کەوی
کەون
لەو گەر گونەهبارێن وانا
ئەو کەس بیتن
هەما خەلکێ گوندی
پێ دی
گونەهبارن
گونەهبارێد مەزن
ئەون .

« شولی بکە ب ئاساس
دا دڵی تە نەکەت وەسواس »
« ژ پەندێت کوردان »

بنەکۆك

■ عبدالواحد مەهمەدانی ■

— ١ —

ئەلو ئەلوو ئەلوو گەلۆ
رابەو گوهێ خوە بدە ڤێ ئاخفتنێ‌و بکە گوهار
ل گوهێ خوە

ڤێ گۆتنێ
هەکەر شویرێ ناڤ قازانێ
سەر کوچ‌کەکی
ئاگرێ ترکێت زراڤ‌و هیر
ها .. نە قۆرمێت ستیرو پیر
لاو بکەلت
برچك بێنێ و بفیرهت و بهەڵێت
ژ نیکا گەلۆ
بزانە و بێ پشتراست بە
کو ئەو شویر سەرتیکی دێ دەت‌و دێ مەهت

* * *

— ٢ —

ئەرێ ئاڤێ
گەمیڤانێ سەر کەلەکێ باش نەروینت
هەردوو مەجدەڤا
لگەل ئێك ب‌کار نەئینت
هەر چارەکێ
پێلەك ، بریی‌یەك دێ لێ دەت
ئو سەرو سەر ئەو دێ کەڤت
خەلك لێ نابت هاریکارو دێ ژێ ر
– ما نە وەیە هەی هو ئاڤێ
– بەلێ بەلێ
پاشی ئێکجار نکارت
خوە بکەهینتە رەخێ دێ خاپیری
لدیماهیکێ دێ فەنتست
روناهیێ
بلنداهیێ
ئەو ب چاڤا نابینت
ئەو نابینت

شیعر ■ بدل رفو ■

ئەز مرن

نە روژەکێ .. نە چارەکێ
ئەرێ من و مرنێ هەڤالینێ
لگەل ئێك هەبو
ل بیرا من بو ئەگەر روژەکێ
مرن هاتە لای من
دێ ل کیرێ من ڤەشێرن .. ؟!
بن سیبەرا دارێت گویزو بەرویا
جهێ منە ....
بەرامبەری قەبرێ « مم و زینێ »
مالا منە ....
پەیڤێت من نڤیسین بو هەژارو
برسی‌یا نانێ منە ....
دەنگێ کەوا لقلقینا تەمبیرا
دڵێ منە ...

* * *

ئەرێ بێژن ... سەر تەرمێ من
ئەڤە بو ئەوێ گوشتێ لەشی
کرە خارن بو خەلکێ جیهانێ
هەر وەسا نەبێژن رێکا « بایرون » رێکا ویبو
مێتنا لێڤێت شرینا کارێ ویبو
« بایرون » هوزانڤانەکێ مەزنبو
بەلێ ئەز لاوکەکێ کوردم
ئەو بایێ ب چیایێ مەتینا دکەڤیت
بخو بخو دبیتە هۆزان
گرنژینا زاروکێت مللەتێ من
ئاوازەکە وسترانەکە و هوزانەکە
دیتنا چیایا هوزانە
دیتنا بارانا هوزانە
دیتنا وەڵاتی هوزانە
ئەرێ بو چی‌یە بمە هۆزانڤان ... ؟!

* * *

بەلێ ئەفرو کەتیمە سەر تەختەکێ درێژ
ئەندام لن بوینە دەریا ژانا
بەلێ نامرم ... نامرم
چنکی من ژڤانە گەل سروشتێ
ئەز بێمە ڤەشارتن بن سیبەرا
دارێت وەڵاتێ من
من ژڤانە گەل جیهانێ
روندکێت دایکا من بکەت
چراو ڤەنەر
تا کاروانێ هەژارو برسی‌یا
بکەهیتە قوناغێ

* * *

Institut Kurde de Paris

زانستی کشتوکاڵ

ا - هەوجاری تەقلە باز (وێنەی ٣) (vererssible ploygh) .

ئەم جۆرە هەوجار لە دوو رێزی گاسنی لابڕ پێك‌هاتووە . یەکیان گاستی لابڕی لای راستە ئەوەی تریان گاسنی لابڕی لای چەپە هەردوو رێزەکە لەسەر شاصی هەوجارەکە بە هۆی تەوری درێژی هاوبەش دەبەسرێت . وە هەروەها ئەم تەورەش تەوری وەرگێرانی گاسنەکانە بۆ لای راست‌و یان بۆ لای چەپ . گۆشە لە نێوانی هەردوو رێزدا کەیەکیان کاردەکات ئەوەی تریش کار ناکات یەکسانە بە ١٨٠° پلە .

لە کاتێ کە کێڵان بۆ رووکارێکی « سەمتێکی » دیارکراو تەواو « کۆتایی » دێت ، هەوجارەکە بە پێچەوانە لەگەڵ شاصی بەگوێرەی تەوری درێژایی بۆ رووکارێکی تر بە پلەی ١٨٠° وەردەگێردرێت لە ئەنجامی ئەمەدا گاسنەکان بە پێچەوانەی گاسنەکانی تر دەکەونە کارکردن .

شفیر بەهۆی رژێمی هیدرولیکی یاری گاسنەکان دەگۆرێت .

ب - هەوجاری هاوسەنگ (وێنەی ٤) (balance ploygh)

ئەم جۆرە هەوجارە دوو شاصی راست‌وچەپی هەیە بە گۆشەیەکی دیارکراو بە رەقی‌دەبەسرێت . (توند دەکرێت) لە شاصی‌یەکان گاسنەکانی وەرگێری خاك بۆ لای راستەوە دەبەسرێت ئەوەی تریان گاسنی وەرگێری خاك بۆ لای چەپەوە . دەبەسرێت . وە بە هۆی پێچکەی پالپشت هەوجارەکە لەناوراستەوە ڕادەگیرێت .

لەکاتی کارکردن بە رووکارێکی دیارکراو یەکێك لە شاصی گاسنەکان دەکەوێتە کارکردن ئەوەی تریان بەرز دەبێتەوە بۆ باری گواستنەوە یانی بۆ باری کار نەکردن . وە لەوکاتەی کە رووکاری « سەمتی » کارکردن بە پێچەوانەی پێشوو شاصی گاسنەکانی تر دەکەونە کارکردن یانی رووکاری « سەمتی » وەرگێران دەگۆرێت ، وە شاصی گاسنەکانی پێشوو لەکارکردن دابوون بۆ یاری گواستنەوە بەرزدەبێتەوە بەم جۆرە کێڵگەیەکی لووس دەتوانرێت بهێنرێتە کایەوە .

ج - هەوجاری گەرتی (وێنەی ٥) (Section ploygh)

ئەم جۆرە هەوجارە لە دووبەشولە تراکتۆر دەبەسرێت بەهۆی دوو میکانزمی هەڵگر . کە بەشێکیان لە پاشەوە لەگەڵ میکانزمی هەڵگری پاشەوەی تراکتۆرەکە دەبەسرێت ئەوەی تریان لەگەڵ میکانزمی هەڵگری پێشەوەی تراکتۆرەکە « کە ئەم میکانزمە تایبەتیە لە پێشەوەی تراکتۆر دروست دەکرێت بۆ ئەم مەبەستە » دەبەسرێت ، گاسنەکانی پاشەوەی هەوجارەکە لە کاتی کارکردن‌دا خاك بۆ لای راستەوە وەردەگێرن .



لە کاتی جولانەوەی تراکتۆر بە رووکارێکی « سەمتێکی » دیار بەهۆی رژێمی هیدرولیکی تراکتۆر گاسنەکانی پاشەوە دەکەونە کارکردن وەزەوی هەڵکنراو بۆ لای راستەوە وەردەگێرن . گاسنەکانی بەشی پێشەوەی هەوجارەکە بۆ باری گواستنەوە بەرز دەکرێتەوە .

لە پاش گەڕانەوەی تراکتۆر یانی گۆڕینی رووکاری « سەمتی » کارکردن گاسنەکانی پێشەوە بەهۆی رژێمی هیدرولیکی تراکتۆر دەکەونە کارو خاکی هەڵکنراو بۆ لای چەپەوە وەردەگێرن . وە گاسنەکانی پاشەوە بۆ باری گواستنەوە « بۆ باری کارنەکردن » بەرز دەکرێتەوە .



به سەرپەرشتی بەریز سەرۆکی فەرماندە صدام حسین

سلێمانی لە رۆژی سەرکەوتندا ئاهەنگی سەرکەوتن دەگێڕێ



لە ئاهەنگی سلێمانیەوە ....

لە ژێر دروشمی « سلێمانی رازاوەیە لە ژێر سایەی سەرکردەی سەرکەوتو صدام حسین » دا جەماوەری شاری سلێمانی لە فیستفالێکی گەورەدا یادی نەورۆژە پیرۆزەیان .. کردەوە کە سوپای داگیرکەرانی سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێنا لەبەرەکانی جەنگ لەناوچەی پێنجوین ، کە سەرەکی تیایدە خۆی رابەرو پێشرەوی کرد .. لە گەرانەوەیدا لە شاری سلێمانی خۆشەویست خەڵکی ئەم شارە بەشەرەفەی بەسەرکردەوە .. بوباردرا کە رۆژی ١٩٨٤/١١/٣ لە شاری سلێمانی ...

لە کاتی ئەوەی ئەو رۆژە خۆپیشاندانێکی جەماوەریانە سازکرا ، کە سەرتاپا هەموو شاری سلێمانی بەشداریان تیدا کرد ، پرۆگرامی ئەم فستفالە بە کردنەوەی ئاهەنگەکانی سەرکەوتن دەستپێکرا ، رێپێوانێك سازکرا کە نزیکەی زیاتر لە سێ کاتژمێری خایاند ، تیایدا بەریز وەزیری حوکمی محلی لەری سەرەکی فەرماندە ئامادەبوو لەبەرێکردنی کەژاوەکانی فیستفال ، هەروەها بەریزان فەرماندەی فەیلەقی یەکەمو ئەمینی گشتی دارایی و ئابوری و پارێزگاری هەولێرو جێگری وەزیری تەندروستی و گەلێکی تر لە لیپرسراوان ئامادەی کردنەوەی ئاهەنگەکانی (سەرکەوتن) بوون لە شارەکەدا .. بەریز جعفر عبدالکریم بەرزنجی - پارێزگاری سلێمانی ووتاری سلێمانی خوێندەوە ،

تیایدا بەخێرهاتنی میوانەکانی کردو ئەو راستیەی دووپات کردەوە ، کە جەماوەری شاری سلێمانی هەمیشە سوورن لەسەر پاراستنی سنوورو بەگیان و دڵ پارێزگاری لە نیشتمان ئەکەن .. ئینجا بەریز عدنان داود وتاری پێشوازی کردنی فیستفالی سەرکەوتنی لە رۆژی سلێمانیدا خوێندەوە ، بەناوی سەرەکی تێکۆشەر (صدام حسین)ەوە سوپاسی جەماوەری شاری سلێمانی کرد ، کە ئاهەنگی رۆژی سەرکەوتن ئەگێڕن ، بەبۆنەی ئەو رۆژە پیرۆزەی کە سەرەکی سەرکردە مژدەی سەرکەوتنی هێنایەوەو لەناوتانا مایەوە ، جێگای شانازین کە ئەمڕۆ ئاهەنگی سەرکەوتن ئەگێڕن بۆ پتەوکردنی یەکێتی نیشتمانی و نوچدان بە دوژمنی داگیرکەرو بەشداری کردنتان لە پارێزگاری خاکی وولات سەربەرزیە . پاشان بەرێ پێوانو ریکخستنی کە ژاوەی رازاوەو جوان ، رۆژی سەرکەوتن بوە نیشانەی سەرکەوتنی هەمیشەیی ، کە تیایدا جەماوەری سلێمانی و جەنگاوەرانی سوپای میللی و کارگەو فەرمانبەرایەتی و هەڵگران نیشانەی ئازایەتی و خێزانی شەهیدانو هەموو بەشەکان قوتابیان و ئافرەتان و رێکخراوە پیشەیی و جەماوەریەکان جەماوەرێکی زۆری قەزاو ناحیەکان بەشداریان کرد هەستی خرۆشاوی خۆیان دەرئەبڕی ، ناوبەناو بە هەڵپەرکێی گوردی و گوڵ بەخشینەوەی منالانی باخچەکانی ساوایان و نمایش نامەکردن ، بەردەمی سەکۆی پێشوازی کردنیان ئەرازانەوە .

بۆ ئەوەی زیاتر لەناخی خرۆشاوی جەماوەری شاری سلێمانی خویانەوە ، ئەم رۆژە بەسەر بکەینەوە ، ئەم گفتوگویەمان لەگەڵ بەریز پارێزگاری سلێمانیدا ساز کرد .

● **بەریز جعفر عبدالکریم بەرزنجی پارێزگاری سلێمانی فەرمووی :**

ئەم رۆژە مەزنەی کە بۆتە رۆژی سلێمانی ، جێگایەکی کاریگەرو گەورەی هەیە لە دەرونی هاوڵاتیانی ئەم پارێزگایەدا ، سەردانی سەرەکی فەرماندە تێکۆشەر صدام حسین ، کاتی خۆی سەرپەرشتی سەرپاڕانی کرد لە جەنگی رەواماندا ، دژی داگیرکەرانی . بەڵ لەناوچەی پێنجوین و سەرکەوتنی لەگەڵ خۆ- ئینا بۆ شارەکەمان و هەموو عیراق ، بەشداربوونی لەکانی ئەم شارە لە جەنگداو ، بەدەستهێنانی سەرکەوتن و سەربەرزی رۆژانی رابوردوی ئەم شارە دوپات ئەکاتەوە ، لە کاتێکا بۆ پارێزگاری کردنی نیشتمان دژی فارسە رەگەزپەرستەکان ، لە بیرەوەری ئەم رۆژە زیندوەدا کە ئالای سەرکەوتن لەبەرەکانی پێنجوین بەرزکرایەوە ، هەرگیز لە دڵو دەرونماندا ئەمێنێتەوەو لە یادو بیری رۆڵەکانی سلێمانیدا هەر زیندوە .

ئامانجەکانی ئاهەنگ گێڕانمان ، رووونو ئاشکرایە ، لەم رۆژەدا ، رۆڵەکانی ئەم پارێزگایە

رابوردوی خویان ئەهێنەوەیاد ، کە شان بەشانی برا عەرەبەکان ، پارێزگاریان لەخاکی عیراق کردوە ، مێژوو ئەگێڕیتەوە ، جگە لەوەش هەموو پارێزگایەك ، رۆژیکی هەیە لەناو رۆژاندا شانازی پێوە ئەکات ، سلێمانیش هیچی لە شارەکانی تر کەمتر نیە کە شانازی بە رۆژی مێژووی خەباتی خۆی بکا .. بەتایبەتی ئەو بایەخدانو گرنگیەی سەرەکی فەرمانده پێیداوین ، سەردانەکانی ساڵی ١٩٧٩ و ١٩٨٣ی ، کە جێگای دیارکراوبان هەیە ، بەتایبەتی ئەم سەردانەی دوایی پاش ئەوەی سەرکەوتنی سوپای قارەمان لەسەر چیا سەر بڵندەکانی پێنجوێنەوە ، بۆ هێناین و شەوێکی خۆشی بەسەر بردو میوانداریەکی پڕ لە رێزو شکۆی لێکرا ، کە ئەمە تامێکی تایبەتی هەیە ، نیشانەی سەربەرزی و پارێزگاری کردنە لە عیراقی مەزنمان ، لە شاخ و دەشتو دۆڵو زەلکاو گشت بستێکی ئەم خاکە . چەند پیرۆزە هاونیشتمانی نیشتمانی خۆی بپارێزێ ، سەرکردەش سەرپەرشتی بکا .. سەرکەوتنەکانی بەرەکانی ناوخۆو بەشداری کردنی رۆڵەکانی گەل لەبەرێ کردنی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی سەرکەوتنێکی تر ئەخاتە سەر سەرکەوتنە مەزنەکانمان .. بۆیە بۆ ئەم بۆنەیە ئاهەنگو فیستفال ئەگێڕین ، دەستکەوتەکانی شۆڕشی ١٧ی تەموزی مەزن ، کە هەموو عیراقی

گرتۆتەوە ، دڵەڵەرزەی خستۆتە دڵ دوژمنانو داخ لەدڵان ، بەشی ئەم شارەش لەبەشی شارەکانی تر کەمتر نەبوە ، لەو پرۆژانەی پێش دوژمنکاری ئێران بۆسەر وولاتەکەمان ، وەلە کاتی جەنگدا دەستی پێکراوەو بەردەوامە ، بەبێ ئەوەی کارەساتی شەڕ تەگەرە بدات لەوەستانیو پارەیەکی زۆری بۆ تەرخان کراوە ، تەنها بە نموونە ئەڵێم کارگەی چیمەنتۆی طاسلوجەو کارگەی گەچی بازیانو کەلوپەلی ئامادەو شەقامی دائری ، کە تائێستاش بەردەوام کاری تیا ئەکرێت ، جادەی دووەم رێگای سلێمانیو کەرکوك ، جگە لە کارگەی دروستکردنی ئاوی بانی خێلان .. گەلێکی تر ، پرۆژەی بنچینەیی بنیاتنانی نوی شاریش بەدەستەوەیە ، کە بێتە شارێکی نموونەیی .

رۆڵەکانی ئەم پارێزگایە دەورێکی جیاوازو دیاری کراوبان هەیە لە مێژووی خەباتی گەلی عیراقدا ، بەشداری شێخ مەحمودی نەمر لە شۆڕشی ١٩٢٠دا ، روکردنە بەسرای ، تا بەرگری لە سوپای ئینگلیز بکەنو پێنەنێتە خاکی عیراقی خۆشەویستمانەوە وە بەشدار بوونیان لە ١٩٤٣ داو بەشداریان لە شەڕی فەلەستینداً ، وەستانیان لەگەڵ گەلی مصردا ، لە رۆژانی دەستدرێژی سێلایەن ، جگە لەوانەش هوشیاری رامیاریو رۆشنبیری ، کە لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا جێگایەکی دیاری هەیە ، سەرەك فەرمانده خوای لێ رازیبێت لە زۆر کاتدا باسی جوامیری رۆڵەکانی ئەم شارەی کردوە ، کەواتە شانازیە کە ئەمڕۆ رۆژی « سەرکەوتن » بێت لە شارەکەماندا یادی بکەینەوە ، بەڵێن ئەدەین کە رۆژی ٣ی تشرینی دووەمی هەموو ساڵێك ببێتە فیستفالی سەرکەوتن .

هەر بەو بۆنەیەوە چاومان کەوت بە کۆمەڵی جەنگاوەرانو قوتابیانو لاوانو سەرەکی یەکێتی ئەفابەکانی کرێکارانو لاوانو ئافرەتان کە بەمشێوەیە رای خۆیان دەربڕی .

● **خوشکی جەنگاوەر : شنو مصطفی بکر ..**

کە سەر بە تیپی شهید عثمانە لە سلێمانی ، کاتی بەشداری ئاهەنگەکانی « سەرکەوتن » ئەکات بەم شێوەیە هەستی خۆی دەربڕی ، من وەکو ئافرەتێکی جەنگاوەر هەمیشە ئامادەی چەك هەڵگرتنم بۆ پارێزگاری خاکی وڵاتەکەم ، لەدەست درێژکەران ، هەروەکو هەموو هاوڵاتیەکی کورد لەم شارەشدا ، پێخۆشحاڵی خۆم دەرئەبڕم بەرامبەر یادکردنەوەی هاتنی سەرەکی تێکۆشەر صدام حسین بۆ شارەکەمان هیوادارم ئەو یادە مەزنە هەمیشە لەگەڵماندا بژی ...

● **هەروەها خوشکە کەژال حسن عزیز ..**

کە جەنگاوەرێکی هەمان تیپە ووتی ئەوەی زیاتر هانیدام بەشداری ئاهەنگی رۆژی سەرکەوتن بکەم ، ئەو سەرکەوتنە مەزنانەیە کەیەك لەدوایەك سەربازو جەنگاوەرانی تێکۆشەرمان لەبەرەکانی جەنگدا بەدەستی دێنن ، بەسەرەکایەتی رابەری گەل صدام حسینی تێکۆشەر ، ئێمەش ئەمڕۆ ئاهەنگی ئەو سەرکەوتنە لەبن نەهاتوانە ئەگێڕین ، سەربەرزیە بۆ خۆم و خێزانەکەم بەشداری کردنم .

● یەکێتی گشتی ئافرەتان لقی سلێمانی ، شان بەشانی رێکخراوە پیشەیی و جەماوەریەکان ، لە هەموو ئاهەنگو بۆنەیەکی نیشتمانیدا بەشداریان کردوە ، ئەمڕۆش بەبۆنەی رۆژی سلێمانیەوە ، چالاکانە خویان ریکخستبوو .

بەریز نشمیل عبدالله حسین سەرەکی یەکێتی ئافرەتانی سلێمانی رای خۆی دەربڕی وتی :

ئێمە ئەمڕۆ کە بەشداری ئەم ئاهەنگە ئەکەین ، لەگەڵ هەموو هاوڵاتیانی شاری سلێمانیدا ، هەستئەکەین کە ئەو رۆژەیە سەرەکی فەرمانده صدام حسین هاتە ناومانو شەوێك لە شارە ئازیزەکەمان مایەوە ، جا ئەو هاتنەی کە مژدەی سەرکەوتنی لەگەڵ خویدا هێنابوو بۆ هەموو گەلی عیراقمان ، بەسەر شەڕ

ویستانی قەو تاراندا ، هەمیشە لەدڵماندا زیندوە ، بۆیە بەکیتیمان بەشداری تەواوی خۆی ئەکا ، بەشانازیەوە ..

● **خوشکە فایزە محمد احمد :**

ئاهەنگی سەرکەوتن لەدڵی هەموو عیراقیەکدایە ، منیش وەك ئافرەتێك جێگای شانازیو سەربەرزیە بۆم کە بەشداری رۆژی

سەرکەوتنی شارەکەم ، بکەم بۆیە پەیمان ئەدەم کە هەمووکات ، سەرکەوتووبین لە کارەکانماندا جێگای رێزی لێپرسراوان بین ، دیوارێکی پۆلایینیش بین لە پارێزگاری کردنی نیشتماندا بەسەرەکایەتی سەرکردەی تێکۆشەر صدام حسین .

● **سهام حمید صابر :**

ئەندامی دەستەی بەرێوەبردنی ئافرەتانی سلێمانی ووتی : ئەم بیرەوەریە زۆر شیرینە لەلامان جێگای خۆشبەختی هەموو هاوڵاتیەکە ، ئێمە کاتێ سلێمانی ئەرازێنینەوە ، لەگەڵ بووکی سەرکەوتندا کەژاوەی سەرکەوتنی گەورە لەبەرەکانی جەنگدا بەری ئەکەین ، ئەوەتا سەرکەوتنەکانی ئەم دوایەمان لە بەشی سیف سعد چەبکە گوڵێکی بۆن خۆشی تر ، ئەخاتە سەر گوڵە بۆن خۆشەکانی ، سەرکەوتنی بەرەکانی پێنجوین کەساڵی پار ، وەك هەموو جاری بەختی رەشی خۆیان تاقی کردوە ، ئەو نەزانانە ، ناشکراشە ئامادەبوونی سەرکردە لە هەر شوێنێکی عیراقی خۆشەویستمان سەرکەوتنە . سڵاوی بێپایانم بۆ سەرکردەی ئازاو مێژووی صدام حسین .

Institut kurde de Paris

میهرەجانی سەرکەوتن

« پاشماوە »

● **هەر لە لقی سلێمانیەوە خوشکی بەرێز ئافتاو عبدالله احمد بەم شێوەیە هەستی خۆی دەربڕی :**

سەرکەوتن نیشانەی سەربەرزیو مانەوەی نیشتمانە .. ئەمڕۆش کە لای ئێمە ڕۆژی سەرفرازیە ، بۆ عیراقی خۆشەویستمان ، کە جەنگاوەرانو سوپای دلێرمان ، لە هەموو شوێنێکدا سەرکەوتن لەدوای سەرکەوتن ئەکەن بەدیاری بۆمان .. ڕۆژی سلێمانی ، ڕۆژی هەموو تێکۆشەرێک ، هیوادارم کە هەموو ساڵێك بەخۆشی یادی ئەم ڕۆژە پیرۆزە بکەینەوە ، هاتنی سەرەکی فەرمانده صدام حسین هەمیشە رازاوەی بدا بەشارەکەمان ..

● **پاشان خوشکە لیلی حمە سور رشید ووتی :**

دیارە هاتنی سەرکردە جێگای شانازی هەموو هاوڵاتیەکە ، چونکە ئەوەمان بۆ دووپات ئەکاتەوە ، کە پەیوەندی نێوان سەرکردەو جەماوەر چۆنە .. کە بەڕاستی لیهاتوی لەگەڵ خۆی هەڵگرتوە ، بۆیە بەدڵو گیانەو مال ، خۆمان بەخت ئەکەین ، دژی دوژمنی داگیرکەر ئەجەنگین ، تا سەرکەوتنی هەمیشەیی ، لەگەڵ سلاو ڕێزم بۆ فەرمانده صدام حسین .

● **خوشکە خدیجە احمد ووتی :**

چەند پیرۆزە ، سەرکەوتن بێتە مایەی شانازی هەموو هاوڵاتیەك ، لە یادو بیریا بژی ، سەردانەکەی سەرەکی تێکۆشەر صدام حسین بۆ شارەکەمان ، ئەمرو هەمیشە لە دڵماندا ئەژی .. هەزار سلاوی سەرکەوتن بۆ شوڕەسواری سەرکەوتن صدام حسین .

● **بەرێز عادل رووف بەرێوەبەری لاوانی سلێمانی ..**

هەستی خۆی دەرئەبڕێ لە ڕۆژی سەرکەوتندا .. ئەم یادکردنەوەیە کە جێگایەکی مەزنو خۆشەویستی هەیە لە دڵماندا ، بەلای هەموو هاوڵاتیەك پیرۆزە کە سەرەکی فەرمانده کاك صدام حسین سەرکردایەتی سوپای عیراق بکا ، لەبەرەکانی جەنگدا بەشداربێت ، هەروەکو پار ئەمکاتە لەبەرەی پینجوین بەشداری کرد ، سەرکەوتنی لەگەڵ خویدا بۆهێنایە ، شەوێکیش لەناو خێزانەکانماندا مایەوە سەرەڕای لە هاوڵاتیانو بەسەری کردینەوە .. چارەسەری زور لایەنی گیروگرفتی خەڵکی کرد . ئێمەش کە دەستەی لاوانی سلێمانین ، بە ئەرکی خۆمانی ئەزانین ، کە بەشداری ئاهەنگی سەرکەوتنی شارەکەمان بکەین .. هەمیشە ئەرکی سەرشانمانە ، بۆ بەرەوپێشبردنی کۆمەڵەکەمان بۆ ژیانێکی نوێ ، وەکو سەربازێك بۆ سەرکردایەتی پارتو شۆڕش خوێنی خۆمان بەخشیوە ، بەدەسکەوتەکانی ئەو شۆڕشەو ئامادەیی خۆمان دەربڕیوە بۆ پاراستنی سنوورمان لە هەموو بەرەیەکی جەنگدا .

● **خوشکە نهایەت سید صالح پێی ووتین :**

بەختیاریە کە سەرەکی بەرێز صدام حسین سەری لە پارێزگاکەماندا ، یادێکی گەورەی بۆ

بەجێهێشتووین ، کە هەموو ساڵێك ١١/٣ بکەین ، بە بیرەوەری سەرکەوتن ، ئەو چالاکیانەی کە ئێمەی لاوان لەم ڕۆژە پیرۆزەدا بەشداربمان تیاکرد بەبەرزی ئەمێنێتەوە ، هەرگیز لەبیرمان ناچێت .

● **کوێستان هەمەوەندی :**

لە بیرەوەری ڕۆژی « سەرکەوتن »دا ووتی : ئەوپەڕی پێخۆشحالی خۆم دەرئەبڕم بەرامبەر سەرەکی فەرمانده صدام حسین .. کە ئەو شادیەیی پێبەخشینو هاتە شارەکەمان .. سلێمانی کەباوەشی بۆ سەرکەوتن کردۆتەوە ، هەمیشە ئەو یادە پیرۆزە لە بیرناکات .. ئێمەی لاوان ئەمڕۆو ڕۆژانی دوایی‌و هەموو ساڵێك ئەو یادە ئەکەینەوە توانای خۆمان پتەوتر ئەکەین لە ڕوی کارە هونەری‌و وەرزشەکانمانەوە . لە ڕۆژی سلێمانیدا پێش‌کەشی ئەکەین ، بە هەموو ئاواتێکەوە ، هیوای سەرکەوتن بۆ عیراقی خۆشەویستو سەرەکی بەرێز صدام حسین ئەخوازم .

● **خوشکە فایزە احمد ..**

من کە قوتابیەکی لاوم بە شانازیەوە لە یادی ڕۆژی سلێمانیدا ، بەشداری ئەکەم چەپکە گوڵی ڕێزو نوازش پێش‌کەش بە سەرەکی فەرمانده تێکۆشەر صدام حسین ، کە هەمیشە ئاگاداری ڕۆڵەکانی گەل ئەکاو لەگشت کاتێکا بەسەرمان ئەکاتەوە .. ڕۆژی « سەرکەوتن » پیرۆزبێت لە هاوڵاتیانی شاری سلێمانی ئازیز .

● **بەرێز فائق طاهر رشید :**

سەرەکی یەکێتی نەقابەکانی کرێکاران لە سلێمانیو ئەندامی لیژنەی بالای ئاهەنگەکانی سەرکەوتن لە شاری سلێمانی .. رای خۆی دەرئەبڕی بەرامبەر ڕۆژی سەرکەوتن .. لە مێژووی شاری سلێمانیدا : ئاشکرایە کە یەکێتیمان لە هەموو کاتێکدا ، بەشداری هاوڵاتیانی کردوە .. دەوری کاریگەری خۆی بوە ، ئەمڕۆش لەم ڕۆژە پیرۆزەدا ، کە جێگای شانازیە بۆمان ، کە یادی هاتنی سەرەکی فەرمانده صدام حسین ، ببێتە ڕۆژی شارەکەمان ، ئاهەنگ بگێڕینو کەژاوەی بەختەوەری بەرێبکەین .. ئەم ڕۆژەی کە لە ژیانی هەموو گەلدا پیرۆزە نەك تەنیا چینی کرێکار ، ئێمەش وەك هەموو عیراقیەك ، جێگای ڕێزە بۆمان ، کە سەرەکی یەکێتی نیشتمانی عیراقی خۆشەویستمان ، ڕۆژی سەرکەوتنی بۆ هێناین لەبەرەی پێنجوین بەشداری کردو ئێمەی بەسەرکردەوەو سەری لە شارەکەماندا ، لەناوماندا مایەوە .. هەردەم یادی بەخێربێت خوا بیپارێزێ .

● **جەنگاوەر فارس حمە عزیز :**

لە بەشی علی ابن ابی طالب سەر بە ناحیەی بازیان خۆشەویستی خۆی دەربڕی : وتی سلاو ڕێزم بۆ سەرەکی بەرێز صدام حسین ، لە ڕۆژی (سەرکەوتن) بەناوی خۆمو هەموو بەشەکەمانەوە ئامادەیی خۆمان دەرئەبڕین ، بۆ خۆبەخت کردن لە پێناوی خاکی عیراقی خۆشەویستمان ، دژی فارسە ڕەگەز پەرستەکان ، ئەم بیرەوریەش ئەوەمان یاد ئەکاتەوە ، کە هەموو گەلی کورد ، لەگەڵ سەرکردەو پێشەوا صدام حسیندایە .. ئەم نیشانەی ئازایەتیەش کە وەرمگرتوە ، تواناو هێزی لە جاران زیاتر کردووم وە هەمیشە وەك سەربازێکی بە وەفا ئەجەنگم .

● **جەنگاوەر یاسین حمە رشید :**

ئامر مەفرەزەی تایبەتی ناوچەی قەڵادزی ، ساڵی ١٩٨٢ نیشانەی ئازایەتی وەرگرتوە .. لە یادی ڕۆژی سلێمانیدا ووتی : ڕۆژی سەرکەوتن ڕۆژی سەرکەوتنی هەموو گەلی عیراقە منیش وەکو جەنگاوەرێك ، خۆشحالی خۆم دەرئەبڕم ، وە لە هەموو بەرەکانی پێنجوینو حاجی ئومرانو گردەمەندو بەرەکانیتری جەنگ بەشداریم کردوە ، هاتنی سەرەك بۆ شاری سلێمانی ، بوونی ئەم ڕۆژە بەڕۆژی سەرکەوتن هاندەرێکیتری گەورەیە کە بەشداریمان زۆرترکەینو ببینە مایەی سەربەرزی بۆ گەلی کوردمانو هەموو گەلی عیراق .

● **جەنگاوەران عبدالرحمن حسن محمد و احمد حسن محمد :**

کە هەردووکیان برای شەهیدن .. لە بەشی ناوچەی چەمچمال ، دووپاتی ئامادەیی‌و خۆبەخت کردنیان کردەوە ، وە ئەوەیان سەڵماند ، کە شەهیدبوونی براکانیان ، بە هیچ جۆرێك لە ورەی



جەنگاوەریمان کەم ناکاتەوە ئێمە کە سەرەکی فەرمانده لەناوماندا بیت ، ئیتر بۆچی هەموو ڕۆژێ نەکەین بە ڕۆژی سەرکەوتن بەسەر داگیر کەرانی ئێرانی نەزاندا ، هەموو ڕۆژێکمان هەر جەژن بێت .. سلاو بۆ سەرەکی فەرمانده صدام حسین ..

● **جەنگاوەر محمد صالح محمود ئامر مەفرەزەی ٨٧**

شەرەفە بۆ من کە نیشانەی ئازایەتیم هەڵگرتوە ، هەرگیز لە نرخی ئەو ئازایەتیە کەم نەکەمەوە ، باوەڕم زۆر پتەوە بەسەرکەوتنمان بەسەر فارسە ڕەگەز پەرستە قین لەدڵەکان ، سلاو ڕێز بۆ سەرەکی تێکۆشەر صدام حسین .

● **جەنگاوەر عثمان محمود لەناوچەی طاسلوجە :**

بەشداری بوونم لە ئاهەنگی « سەرکەوتن »داو ڕۆژی سلێمانی ، باوەڕم بەتیبینتر ئەکات ، بەرامبەر وولاتەکەم ، کە هەرگیز جەنگاوەرێکی وەفاداری شۆڕش‌و حزبەم ، یادی ئەم هاتنەی سەرەکی فەرمانده صدام حسین بەخێربێت هەموو ساڵێك بەخۆشی‌و سەرکەوتنی هەتاهەتایی یاد بکەینەوە .

چیروکەك ژ فلوکلورێ کوردی

توخمێت مروڤا

دبێژن د زەمانێ بەرێ داچاکەك هەبی یێ خودێ نیاس‌و گەلەك ژ خودێ دترسا هندێ‌هند یێ باش بو دەنگو بەحسێت وی ل دویرو نزیکابەلاف ببون . وی چاکی کچەك هەبو ڕۆژەکێ ژ ڕۆژازەلامەکێ کەیس ماقیل هاتە نك ، سلاف کرێ وچاکی جاباوی داو گۆتێ :ـ

نبیل عبدالرحمن علي

کەرمکە دا بچینە مال . پشتی میهفان روینشتیە خارێ و بهناخو قەدای ، چاکی ب خێرهاتنکا ژ دل پێ کرد زاد دانایە بەرو میهفانی تێر خاری ئینا پسیار ژێکر لاوێ من تو کی ؟ وتوێ ژکی؟ و تو ژکیڤە تێی‌و دێ کیڤە چی ؟

میهفانی گوت :ـ ئەز فلان کەسم‌و ژ فلانە گوندی‌مە و ئەز یێ ژ مال تێم‌و داخازامن ژی ئەڤەیە تو کچاخو ب دەیەمن .

چاکی گۆت :ـ تو سەر چافا هاتی‌و ب ئانەهیا خودێ ئەز داخازاتە ب جە بینم .

میهفان راست رابوڤەو چۆ دەستێ چاکی‌و خاترا خو ژێ خاستو رێکاخو گرتو چۆ.

هەبام هاتن‌و هەبام چۆن‌و گەلەك وەخت پێڤە چو چ دەنگو بەحس ژ وی لاوی بۆ وی چاکی نەهات و چاك ژ وی بێ خبەرو بێ هویفی‌بو .

پشتی وەختەکێ نەیێ کێم چاك ل بەر دەرکەهی یێ راوەستیای بو ، هند هاژێ هەبو ئێکی سلاف کرێ. وی ژی جابا وی داو گۆتێ کەرمکە میهفانێ دوێ گۆتی : خودێ ژتە رازی بت هەرێ مالا فلان کەسی ل کیرێیە ؟ چاکی گوتێ :ـ

کەرمکە هەماتو یێ ل بەر دەرگەهێ وی‌و ئەزم ئەو کەسێ تو پسیارێ لێدکەی .

میهفان چۆ ژۆر خودانێ مالێ ب خێر ئیناو زاد دایێ و قەدرێ وی کەلەك گرت .

پشتی میهفانی تێر خاری‌و بهناخو قەدایێ ، ئینا چاکی هەر شتی ئیدێ پسیار ژێ کرن . میهفانی ژی جابا وی داو داخازا خو ژی بۆ گۆت کو کچاخو بدەتێ .

چاك ژ لاوێ ئەول بێ هویفی ببو ئینا گۆتە یێ دوێ هەکە خودێ حەزکەت دێ بۆتە بت .

میهفان رابوڤەو چۆ دەستێ چاکی‌و خاترا خو ژێ خاست‌و رێکا خو گرت‌و چۆ.

ئەوژی شتی یێ ئەول بێ خەبر بوو چ جاب بۆ چاکی ژوی نەهات‌و چاك ژ وی ژی بێ خەبەرو بێ هویفی بو .

هەیامەکێ پێڤە چو هند دیت میهفانەکێ دێ سەردا ژۆرو سلاف کرێ‌و چاکی گەلەك کەیفاخۆ پێ ئینا‌و قەدرێ وی ژی کەلەك گرت شتی هەر دوو میهفانێ دی.

میهفانی ژی داخازا خو بۆ گۆت ، چاکی ژی هەر دیسا ئاخقتناخو دایێ چونکە بێ هویفی ببو میهفان رابو چو ئەو ژی بێ خەبەر بو و چاکی ژی چ ژ ڤی سەرو بەری نەزانی . وەختەکێ کێم پێڤە نەچو هندا هند دیتی سێ سیار بەر دەرگەهێ وی راوە ستان ، ئەو ژی هەر سێ نیاسین ئەون ئەوێت هاتین کچا وی بخازن‌و وی ژی ژ کچەکێ پێڤەتر نینە .

ما دەدەردێ حەولە وەلایێدا چاکی ددلێ خودا گوت :ـ باشە ئەڤە هەرسێ پێکڤە هاتن ئەز دێ چ کەم؟ دێ چ بێژمێ ؟ من ژڤێ کچێ پێڤەتر نینە ؟ بەلێ چاکی دهلەك و ماکەرەك هەبین .

ئینا چاکی دوو روکەمەت سونەت بۆ خودێ کرن و داخاز ژ خودێ کر کو دهلێ و ماکەرێ بۆ بکەتە دوو کچك دا شەرمزار نەبت‌و دا خەبەرێ وی درەو ل گەل وان دەر نەکەڤت .

پشتی نڤێژا خو خلاس کری هندا هند دیتی خودێ داخازاوی یا ب جە ئینای‌و هەردو حەیوان بێت بوینە دوو کچێت جوان‌و تازەو ژێ هاتی کەیفا چاکی گەلەك هات دوو روکەمەتێ دی سونەت بۆ خودێ کرن و شوکرا خودێ کر سەر وێ چەندێ.

ئینا چاك دەرکەتە ژدەرڤە و گەلەك کەیفا خو ب میڤانێت خو ئینا .

ڤێجا رابو کچاخو دا لاوێ ئەول هاتی خاستی و یا دهل دا یێ دوێ‌و یاماکەر دایێ سیێ. ڤێجا ئەو مرۆڤێت ژ نەسەلا کچا مرۆڤ بوین‌و هەتا نوکە ئەو مرۆڤن ئەوی ب ئاقل‌و تێگەهشتی و قەدرێ مرۆڤا دگرن‌و قەدرێ خو یێ ل نك خەلکی گەلەکێ هەی. ئەو مرۆڤێت کو ژ نەسەلا کچا دهل بوین‌و هەتا نوکە ئەو مرۆڤن ئەوێت رەورەوی هەرو خو ل حەفکا ئێکی دن‌و هەرو شەرێ ئێك دوەکا دکەن نەفەدرێ کەسێ دگرن‌و نەفەدرێ وان تێتە کرتن .

و ئەو مرۆڤێت کو ژ نەسەلا کچا ماکەر بوین‌و هەتا نوکە ئەو مرۆڤن ئەوێت چو د ئاقل‌و مەژیێ وان دانەچت و هندی بۆ بێژی یاشخۆیە.

رژێمی سوریاو رژێمەوی خیانەتکاری بەردەوام ..

■ **کرم علی محمد** ■

لەو ڕۆژەی رژێمی ڕەگەزپەرستی ئێران بە هێرشە دوژمنکاریە فراوانەکەی لە ئەیلولی « ١٩٨٠ » وە بەسەر عیراقدا هەڵسا تا ئەم ساتە رژێمی خویناویی ناپاکی ئەسەد کەم تەرخەمی‌و درێغی نەکردووە لە یارمەتی‌دانی رژێمی خومەینی‌و هەوڵدانی بەردەوام بۆ ئەوەی زیانی خۆی لە عیراق بدات .. نەك هە عیراق بەڵکو گشت جۆرە قازانج‌و سودبەخشیەکی ..وایەتی ، کە لەگەڵ پرۆگرام‌و ڕێڕەو ئامانجی عەرەب‌و ئەو نەتەوانەی لە ناوچەکەدا دەژین ...

نەك هەر ئەمانەش بەڵکو جۆرەها بیانۆو درۆ دەڵەسەش دەدوزێتەوە بۆ پشتیوانی‌و یارمەتیدانی ڕژێمی بۆگەن‌و رزیوی خومەینی‌و دەستە چەپەڵەکەی ...

رژێمی ئەسەد بۆ ماوەیەك هەوڵی ئەوەی دا کەوا پیشان‌بدات رژێمی خومەینی چەشنێکی کەیەو بەقسەی ئەڵەق‌و بەڵەق دەیویست ڕای هەندێ لایەن کە باش خومەینی ناناسن بۆلای خۆیان راکێشێت .. !

پێش ئەوەی ڕاستی‌ی رژێم دەرکەوێت‌و هیواو ئاواتەکانیان ئاشکرا ببێت‌و لە قەوالی نهێنی دەرکەوێت .. !!

با ئەوەشمان لە یادنەچێت ، ئەو بریارە خیانەتکاریەی ئەسەد ، چۆن قەدەغەی ناردنی نەوتی عیراقی کرد ، کە لە ڕێگای سوریادا بۆ زەریای ناوەڕاست ڕەوانەدەکرا ، ئەمەش هەر لەو بۆ چۆونەیدا سەری‌هەڵدایەوە دەیویست گرەو لەسەر باری ئابوورِیی عیراق بکات ، گوایە ئەم جۆرە ئاکارە کاردەکاتە سەر لایەنی سوپایی‌و سەرکەوتنە نایابەکانی .. گوایە ئەمە دیاریەکی رژێمی ئەسەدە پێشکەش بە رژێمی خومەینی دەیکات ، نەك هەر ئەمەش ئەی لە بنکەی وەلیدی سوریادا فرۆکەکانی رژێمی تاران بۆردمانی شارەکانی رۆژئاوای عیراقیان نەکرد .. !!

هەروەها رژێمی ئەسەدی خاین یەکێك بوو لەو لایەنانەی کە لەگەڵ قەوارەی زایۆنیزمدا کۆدەبونەوەو چەکیان بۆ ئێران دەکرین‌و جۆرەها بیانۆیان بۆ ئەم جۆرە پەیوەندیانە دەدۆزیەوە بەکێ لەوانە گوایە شای ئێران لە وەختی خۆیدا قەرزی بە قەوارەی زایۆنیزمی داوەو ئەمان ئێستا ئەو قەرزە لە شێوەی چەکدا وەریدەگرنەوە .. !

ئەی دەستدرێژیی رژێمی ئەسەد لە بارودۆخی لوبناندا پشتگوێ دەخرێت ، جا کەسێك هەیە ئەو ڕاستیە نەزانێت تا چ ڕادەیەك دەستی ئەسەد خەڵتانی خوێنی ئەو تاوانانەیە کە لە لوبناندا کرا .. گوایە کێ ڕێگای بۆ زایۆنیزمی ڕەگەزپەرست بۆ ناوەوەی لوبنان پاکدەکردەوە ؟

ئێمە باس تاوانەکانی ئەسەد ناکەین کە لە ناوەوەی سوریادا دژی گەلی عەرەبی سوریا دەیکات .

چونکە گەلی عەرەب لە سوریا بە ووردی ئەو شتانە دەزانی‌و بە گەلێ جۆرو شێوە هەوڵ دەدەن هەتا زووە رژێمەکە سەرنگون بکەن ...

چونکە زیندانەکانی رژێم دووپاتی قسەکانمان دەکاتەوە .. !!

بۆ عیراقیش هەرگیز کردەوە پیسەکانی ئەسەد کاری نەکردۆتە سەر ، عیراق خاوەن رۆڵەی قارەمان‌و دلێری خۆیە ، خاوەن پاڵەوانی نەبەزو بەجەرگی ئەم خاکەیە هەمیشە ئامادەیە بۆ بەرگری لە نیشتمان‌و خاکی پیرۆزیدا ، دەستی توندو قورس لە دوژمن وەشاندووەو دەوەشێنێت سەرکەوتنی گەورەو نایابی وەدەستهێناوەو دوژمن تاڵی‌ی ئەم لێدانەی چێشتووەو باش جەنگاوەری عیراق دەناسێت‌و ئاشنای بووە ..

باری سیاسی‌ی عیراقیش لە هەموو وەخت زیاتر بەهێزتربووەو هەرگیز گوێ ناداتە ئاکارو کردەوەی چەند کەسێکی خاین وەکو ئەسەدی زۆڵو ناپاك .. چونکە کۆتایی ئەم جۆرە کەسانە هەروەك مێژوو دەری‌دەخات ئاشکراو ڕوونە .. !!

Institut kurde de Paris

هاوکاری لە بەڕێوە بەرێتی هاتووچۆی سلێمانی

بەڕێز کمال حسین محمد جێگری بەڕێوەبەری هاتوچۆ لە سلێمانی لە دیدەنیەکەداوەتی :ـ

ـ پێش ئەوەی باسی کاروبارەکانی هاتوچۆ بکەم، حەز ئەکەم شتێ ڕون بکەمەوە دەربارەی ،بەتەنگەژە هاتنی خەڵکیو ڕێزگرتنی یاساکانی «هاتووچۆ» کە ئاشکرایە هەموو جۆرە کارگوزارێکی گشتی بۆ بەڕژەوەندی هەموانە ،لەبەر ئەوە پێویستە یارمەتیەکی تەواو هەبێت لەئێوان ئێمەو هاوڵاتیاندا تاوەکو بتوانین ئەو ئەرکەی پێمان سپێراوە زۆر بەچاکی ئەنجامی بدەین، چونکە خزمەت کردن بەتەنها لایەنێك ناکرێت . سلێمانی ئێستاش وەك سلێمانی جاران نیە ، ڕۆژ بەڕۆژ دانیشتوانی لەزیاد بوندایە، هەر چەندە زوربەی شەقامەکانی شار وەکو ئەوسای خۆیانن ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستیەکانی ژیانی ئادەمیزاد زۆر بوە ، تەماشا ئەکەیت تەنها لای ئێمە ١٧٠٠ ئوتومبێل ناونووس کراوە کەگومانی تیدانیە ئەمەش پێویستی بەرێکخستنو یارمەتی دانی دڵسۆزانەیە ، بۆ نموونە ئێمە ئەمانەوێت شەقامەکان تەنها تەرخان بێت بۆ هاتووچۆی ئوتومبیل، شوستەکانیش بۆ پیادە ڕۆیشتن ، نێوانی شەقامو شوستەس ڕایەڵ کراوە ، سەرەڕای ئەوە شت لەسەر شوستەکان دائەنین ، بەناو شەقامەکاندا ئەڕۆن ، تەنانەت پەیرەوی پەڕینەوەش ناکەن ، خەتی پەڕینەوە هەیە بۆ ئەومەبەستە کێشراوە ، ئەگەر یەکی لەسەر شەقامێکی گشتی بەر ئوتومبیل کەوت بەمەرجێ لەسەر خەتی پەرینەوەنەبێت ،شوفێر تاوان بار ناکرێت. لەلایەکی ترەوە وەستانی عەرەبانە دەستیەکان ، هەرچەندە بەرێوەبەرایەتی شارەوانی سلێمانی جێگای تایبەتی بۆ داناون ، بەڵام

بەبڕەوی ناکەن ، ئەمەش ئەبێتە هۆی ڕێگا گرتنی خەڵکی ، بێگومان سەرپێچی کەر بەسزای خۆی ئەگات ، بەڵام ئێمە ڕامان وایە هوشیاریەکی ئەوتۆ هەبێت لەناوماندا ، خۆمان هەست بەلێپرسینەوە بکەینو دورکەوینەوە لە سزادان . لەلایەکی ترەوە بەپێی پێویست بۆ گونجاندنی کاروباری هاتووچۆکەران ، لەگشت شوێنێکا ئیشارەتمان داناوە ، ئەگەر بۆ شوفێرەکان بەڕاستی پەیرەوی بکەن و بەو شێوەیە هەڵسوکەوت بکەن ، وابزانم دور لەکەونەوە لەگیرمەوکێشەی سزادان ، وەك جێگای راوەستان ، کەجێگای تایبەتی خۆی بۆ دانراوە پێویستە تەنها لەو جێگانەدا بوەستن ، بەتایبەتی ئوتومبیلەکانی هۆی کواستنەوەی ناوشار ، ئەو کاتە نەفریش ناتوانێ داوای لێبکات تا بەئارەزووی خۆی لەهەر شوێنکی شەقامێکی گشتیدا ویستی دابەزێت . ئێمە گشت کات بەتەنگ داخوازیو داواکاری خەڵکیەوە چوین ، بۆ ئەمەبەست سندوقی پێشنیازو ڕەخنەمان هەیە ، چونکە بڕوامان وایە لەبەتەنگەوەچۆنی داخوازیەکانی خەڵکیەوە ، ئەگەینە ئەنجامی جێبەجێکردنیان . وەئەرکی سەرشانمانە ، کەهەردەم لە ڕاژەکردنی خەڵکیدا بین ، زوربەی جار داخوازی خەڵکی ئەوەیە کە برا شوفیرەکانی «تەکسی» ناو شار پارەی زیاد وەرئەگرن ، چونکە نرخی دیاری کراو بۆ گواستنەوەی هەموو شوێنو گەرەکەکانی سلێمانی دیاری کراوە ، ئێمەش بەپێر ئەودەنگانەوە ئەچین ، سەرپێچیکەر سزا ئەدرێت بۆ ماوەی دە «١٠» ڕۆژ دەس بەسەر ئوتومبیلەکەیدا ئەگیرێت .

شارەکەمان تائێستا ترافیك لایتی تیدانیە ، ئێمە لەگشت کۆبونەوەیەکدا وەك داخوازی پێش‌کەشمان کردوە کە بونی ئەو جۆرە ئیشارەتانە ، زۆر لەگیروگرفتی پولیسی مرور کەم ئەکاتەوە ، وە ئەو شتانەی کەهەستمان پێکردوە ، یان خەڵکی داوای کردوە خستومانەتەپێش چاوی لێپرسراوان بەتایبەتی لەکوبونەوەی «گورانکاریەکانی کاروبار» کەبەسێ مانگ جارێك ئەگیرێت ، باس‌کراوە .

وە داوای یارمەتیمان کردوە لەشارەوانی سلێمانی وەپەیوەندیەکی کارکردنی پتەویشمان لەنێواندایە ، بۆ هەمیشە پێش‌خستنی کاروباری شەقامو گوڕەپانەکانی ناو سلێمانی . هەروەها داوامان لەطرقی سلێمانی کردوە ، کە یارمەتیمان بداو ، بتوانێ ٥ پێنج پردی پەڕێنەوە . لەسەرشەقامی گشتی سالم تاکۆتایی دوڕبانی سەرچنار دروست بکات ، کە ڕێگایەکی پانەو جوڵانەوەیەکی زۆری لەسەرەو زوربەی ئوتومبیلەکان لەو ڕێگایە بەتیژی تێئەپەڕن . بونی ئەو پردانە زۆر پێویستە . هەروەها بەشێوەیەکی بەردەوام ، دەورەمان هەیە تەنها ئەمساڵ نۆ دەورەمان کردۆتەوە بۆ ئوتومبیلی گشتی کە لەهەر دەورەیەکدا ٢٣٠ـ ٢٤٠ کەس بەشداریان کردوە ،جگە لەدەورەی ئوتومبیلی تایبەتی ، کە ڕۆژی بەڕادەی ٥٠ پەنجا کەس کەلکی لێوەرئەگرن . ئەمە جگە لەدەورەی سەربازیو ئافرەتان ، وەئەو دەورانەی بەڕێوەبەرایەتی ناوخۆیی سلێمانی بۆ فەرمانبەرانی ئەکاتەوە ، بەیارمەتی ئێمە ، هەروەها پەیوەندیەکی بەهێزمان هەیە ، لەگەڵ ڕێکخراوە پیشەیی‌و جەماوەریەکان ، بۆ ڕونا‌ك کردنەوەی ئاسۆی هوشیاری جەماوەری خەڵك ، لەئاستی کوڕو کوبونەوە لەگەڵ یەکێتی نەقابەکانی کرێکاران‌و کۆمەڵەی جوتیاران‌و ئافرەتان‌و لایەنەکانی‌تر ، کەتیایدا گوێمان ڕاگرتوە بۆ خواستو ووتەی بەشداری بووان ، ئێمەش بە گوێرەی ویست وەڵامەکان داونەتەوە، هوشیاری مروریمان خستۆتە پێش‌چاو ..

لەبارەی کادری هاتوچۆ وە بەبەردەوامی هەوڵمان داوە بۆ دامەزراندنی هاوڵاتیان‌و زۆر کردنی کادری مرور لەشارەکەماندا بەتایبەتی دەرچوانی ئامادەییەکان . کە بەهۆیانەوە هەوڵ ئەدەین ، ئەو کەموو کوڕیانەی هەیە هەیە پری بکەینەوە ، وەك تەرخان کردنی مەفرەزەی تایبەتی لە هەموو قەزاو ناحیەکان کەئێستا تەنها لە چەمچەمال‌و کەلارو هەلەبجە هەمانە ، تاوەکو ئەو شوێنانەش کەلك لە خزمەت گوزاری مرور وەرگرن . وەهەمیشە لە خزمەت کردندا درێغی ناکەین ، جێگای خۆشیەتی کەبلێم مروری سلێمانی ، هەروەکو هەموو هاونیشتمانیەکی عێراقی ، بەسەر بەرزیەوە بەشداری جەنگی ڕەوامانی کردوە ، نمونەی شەرەفو جوامێری بوون ، شەهیدانمان شایەتی ئەو ڕاستیەن ، جەنگی دلێرانەی «قادسیەی صدام» شیاوی ئەوەیە کەهەموو ڕۆلەیەکی بەشەرەفی ئەم وولاتە بەشداری تێدابکاو سەر بەرزانە باسی بکرێت ، مرۆڤ نرخی بەنیشتمانەوەیە ،لەبەر ئەو بەشنانازیەوە بەشداری تیائەکەین‌و هەردەم ئامادەین لەپێناوی خاك‌و وولاتو پاراستنی ئالای سەر بەرزی عێراق بەسەرکردایەتی سەرەکی تێکۆشەر صدام حسین . ئێستاش بەرێز بەڕێوەبەری مروری سلێمانی ، کەمن جێگری ئەوم والەبەرەی جەنگ بەشداری برا سەربازو جەنگاوەرانی سوپای میللی ئەکات . ئێمەش بەڵینی وەفاداری ئەدەین کەهەمیشە سەربازێکی بێهاوتابین بۆ سەرکەوتنی نیشتمان .

ئازاد

قسەی خۆمان بێ

پێشبڕکێی جوانترین منداڵ !

لە ژمارە (٧٥٣) ڕۆژی ١٩٨٤/٩/١٣ی « هاوکاری »دا ، براەدەری خۆشەویست « ع . ت » شتێکی لە سەر « پێشبڕکێی جوانترین منداڵ نووسیبوو . ئەو پێشبڕکێیەی لە ئاهەنگێکی شاری هەولێردا سەری هەڵدا .. بەداخەوە منیش وەکو ئەو لەو ئێوارە ئاهەنگەدا بووم‌و هەر چەندەی پانکەو ئورکۆندێشنیان خستبوونە کار ، بەڵام هەر ئارەقم کرد !!

« پێشبڕکێی منداڵی جوان » .. ڕەنگە کەسانێ هەبن چ بە هۆی پەروەردەی ناومالەو دەوروبەرو چ بە هۆی وەزعی گیرفانیانەوە حەز بەم جۆرە « پێشبڕکێ »یانە بکەن‌و ڕەنگە ئەوەی گیروگرفتی ژیان بێ مانای نەزانن .

من لەگەڵ ئەوەدا نیم ، خەلك لە بارێکی وا نەژین .. حەز دەکەم هەموو هاوولاتیانی ئەم نیشتمانە ، کە منداڵیان بوو کەوچکی زێڕیان لە دەمدابێ .. ژیانێکی وایان بۆ بڕەخسێ کە ئەوەی نەخۆشی‌و نەداری‌و دڵپەستی‌یە ، هەستی پێ نەکەن‌و نەیەتە ڕێگایان .. بەڵام قەتاوقەت لەگەڵ ئەوەدا نیم مرۆڤ پێوەندی‌ی بەم خاك‌و بەم کۆمەڵەی خۆمانەوە بپچڕێ‌و هوڕێنەی کۆمەڵگەی کەسانی تر بکاو هەوڵ بدات ، ئەم هوڕێنەیە بە دەوروبەری خۆیدا بڵاوبکاتەوە .

« پێشبڕکێی جوانترین منداڵ » یانی چی ؟ ... خەڵکینە ئەوە من‌و « ع . ت »(١) تێی ناگەین ، یا ئێوەش وەکو ئێمە سەرتان لێی دەرناچێ ؟ ئەگەر منداڵ جوان بێ کەی هونەری خۆی‌و دایك‌و باوکێتی ؟ پاشان ئەگەر منداڵ ناشیرین بوو کەی گوناهی خۆی‌و باوك‌و دایکێتی ؟ ئەوە منداڵ ، هەر لە زگماکی‌یەوە لووت درێژی ددان شاشی چاو زەق دەرچوو .. نابێ وەکو منداڵێکی تر تەماشا بکرێ‌و وەکو ئەو لە کۆچەو قوتابخانەو « ئاهەنگ »دا مامەڵەی لەگەڵ بکرێ ؟!

ئەگەر ئەندازەی جوانی بریتی بێ لە قژی بەشامپۆ شانەکراوو دەموچاوی لووس‌و بێگەردو جل‌وبەرگ‌و پێڵاوی بریقەدار .. ئەوە ـ بێگومان ـ منداڵی ئەو کەسە خەڵات دەکرێ کە هەر هەستی بەسەر ئێشەکرد ... پزیشك .. ئەگەر شووشەی گوڵاوی ویست « گلادێ مۆر » .. سبەینان بە بە ئۆتۆمبێڵی باوکی‌و نیوەڕۆیان بە هی دایکی لە قوتابخانە بگەڕێتەوەو نە قاچی قوڕاوی بێ‌و نە کزەبای بەرکەوێ .. ئەم ژیانەش نەسیبی هەموومان نابێ ..

بۆ ئەوەی ئەم قسەیەم بە دیوی ئەولا لێك نەدرێتەوە .. دەڵێم : خۆزگە هەموو کچ‌و کوڕی ئەم وولاتە وەکو ستارەکانی سینەما ، زیباو شۆخ‌و شەنگ دەبوون .

لەگەڵ ڕێزی بێ پایانم بۆ ئەو براەدەرانەی ئەم « پێشبڕکێ »یەیان ڕێك خست ، یا ئەوانەی لەمەو دووا ڕێکی دەخەن .. بمانەوێ‌و نەمانەوێ لە بیرێکی شۆڤینی‌و ڕەگەزپەرست‌و چینایەتی هەڵدەقولێ‌و ڕەنگدانەوەی نەخشەو پلانی کۆمپانیاو دامەزراوەکانی پرۆپاگەندەی سەرمایەدارەکانە ، کە بۆ بەرژەوەندی‌و دراو پەیداکردن پێشبڕکێی گەلێ سەیرتر ڕەواج دەدەن . چونکە هەر پێشبڕکی‌یەکی خەڵات‌و پاداش لە سەر بنچینەی مرۆڤ « گوشت‌و خوێن‌و نێسقان » دابەش بکا ، مرۆڤایەتی دەشێوێنێ‌و بازرگانی‌ی پێوە دەکا .

هەموو منداڵانی ئەم گەلە بەبێ جیاوازی ، جوان‌و ناسکن ... کاکۆڵیان شانەکراوبێ ، یا پێڵاوەکانیان لاستیك بن .. هەموویان ـ بەبێ جیاوازی ـ هیواو ئاواتی دووا ڕۆژی ئەم نەتەوەن‌و بنیات نانی عیراقی نوێ‌و پێشکەوتوویان دەکەوێتە ئەستۆ ..

(١) ع . ت : عبدالوهاب تالەبانی‌یە .

سعید ...

ئێرە کوێ یە ؟

گەراجی گەورەی سلێمانی ...

ناوچەی پیشەسازی‌یە ...

پێشانگای کرین‌و فرۆشتنی ئۆتۆمبیلە ..

لێرە وێنەکان خوێنەرەوێن ، ئەم ناوچە گەورەیە بە پانتایەکی زۆر تەرخانکراوە بۆ گەراجی سلێمانی‌و بەغدادو ئەو شوێنانەی‌سەرەوە ،

پێش ئەوەی بچینە ناو ئەو شوێنە ، بەڕێگایەکی ناڕێکدا ئەچیت کە بە ئوتومبیلەکانی هاتوچۆی ناوشار گیراوە ، ئەم بەرو ئەوبەری شەقامەکەیان داگیر کردوە ، بەرامبەر ئەو شوێنانەی کەپێشانگای فرۆشتنی کرین‌و ئوتومبیلە ، گورەپانێکی گەورەهەیە ، بەچەند مەکینەیەکی شکاو داگیر کراوە ، ئەگەر ئەو مەکینە شکاوانە لابچێت‌و جێگاکانیان تەخت کرێت‌و قیرتاو کرێت ، وەتەرخان بکرێت بۆ وەستانی هاتوو چۆی ناوشار ، بەوشێوەیە لەو جەبخالیە رزگارمان ئەبێت ، هەروەها بەشێکی تەرخان بێت بۆ شت فرۆشەکان ، کە ئەمڕاو ئەولای شەقامەکانیان گرتوەو دیمەنی ئەو ناوەیان ناشیرین کردوە ، کە دەچینە ناو گەراجەوە ، ئەگەر هاواری دەڵاڵەکان نەبێت زەحمەتە بزانیت ئوتومبیلەکان بۆ کوێ ئەچن ، چونکە بەشێوەیەکی زۆر ناڕێك ئوتومبیلەکان وەستاون پاشان هیچ دەلیلی نیە کەئەم ئوتومبیلانە بۆ کوێ ئەچن ، ناو گەراج هەمووی خۆلە ، قیرتاو نەکراوە ، مەرجەکانی گەراج لەناو گەراجی گەورەی سلێمانیدا نیە چواردەوری گەراج هەمووی پیسی‌و پاشماوەی فڕێدراوە ،بوە بەجێگای بڵاوبونەوەی سەگ ، لە نزیك ئەم گەراجەوە چەند کۆڵانێکی تیدایە کە دووکانەکانی ناوچەی پیشەسازی‌یە تیایدا ڕۆن گۆڕو فیتەرو کارەبایی‌و کارەکانی تری پێویستی ئوتومبێل ، ئەم ناوچەیە هەروەکو دورە شاریشە ،لە زۆربەی پێویستەکانی گوزەراندنیش دورە وا لێرەدا هەندێکیان ئەخەینە پێش چاوی لێپرسراوانی بەرێز بەهیوای ئەتەنگەوە هاتن‌و چارەسەرکردن .

● بونی مەلبەندێکی پۆلیس لەناوچەکەدا .

● بونی تیپێکی ئاگر کوژاندنەوە .

● دانانی نەخۆشخانەیەك، یان شوێنێکی بیمار کردن‌و چارەسەری کوتوپڕی .

● زۆر کردنی هۆیەکانی هاتووچۆ .

● ڕاکێشانی ئاوەڕۆ «زێراب» ، چونکە زوربەی دوکاندارەکانی ڕۆن کۆڕو فیتەرن ، شەقام‌و کۆڵان پڕئەبێت لە ڕۆن‌و چەوری‌و، هەر چەندە خاوەنی دوکانەکان زۆر پارێزگاری ، پاك‌و خاوێنی بەر دوکان‌و ناوچەکە ئەکەن ، بەڵام بەبێ ئەوەی شوێنێك هەبێت بۆ ئاوە ڕۆ ،بەو دەردە ئەچێت کەئێستا تیدایە ، ئەو ناوە هەمووی بوە بە بۆگەناوو پیسی .

● دروخستنەوەی فڕێدانی پارچەی ئوتومبیلی شکاو کەدیمەنێکی زۆر ناشیرینی هەیە .

● قیرتاو کردنی کۆڵان‌و شەقامەکانی ، بەتایبەت ئەو ڕێگا سەرەکیانەی بەشەکانی پێکەوە ئەبەستێ .

● تەرخان کردنی ئوتومبیلی فڕێ دانی خۆڵ‌و پیسی ، یان دانانی چەند «حاویەکی» خۆڵ تێ فڕێدان.

● دروست کردنی چەند شوێنێکی ئاو .

● دانانی پولیسی مرور بۆ ڕێکخستنی کاروباری هاتووچۆ .

● بەئەنگەوە هاتنی داخوازیەکانی ئەو دوکاندارانە لە ڕاکێشانی ئاوو کارەباو تەلەفون ، تاوەکو هاندەرێك بێت بۆ ئەوەی خەڵکی لەو شوێنانە دوکان بکەنەوە ، کارگوزاریە گشتیەکان زۆربن .

ئازاد ـ سلێمانی

هەولێرو ـ پاشماوە

چینرا بە دەستی بەنیادەم
لێرە زانی (ئاسن) چی‌یە ؟
یا کێلگە یا (گاسن) چی‌یە ؟
لێرە ماگاو چێلی دۆشی
لێرە بادەی خۆشی نۆشی
لێرە بەردی ساوانە بەرد
ئاگری بەردا کێوو هەرد
لێرە زانی خوێندەواری
ڕێگایە بۆ بەختیاری
لە تاریکی بۆ ڕوونا‌کی
گوزەری کرد بە چاڵاکی
دوو هەزار ساڵ پێشی زایین
چباوە بووم بۆ بیرو ئایین
چەند پەیامێری چەند داماو
لە لام مێوان بوون ئاوبەناو
ئەمن چرای پڕشنگدارم
ئەستێرەی ڕێی ڕێبوارم
هیوای ئێستاو دوا ڕۆژم
میحرابی وێردو نوێژم
من (هەولێر)م (ئەربائیلۆ)م
ئازاو ئازادو سەربەخۆم
زۆر زۆردارم بەزاندووە
گوڵی سەربەستیم چاندووە
کێ بەردەقانیم تێ‌گرێ
ئاوی لە مێژوو ئەسڕێ
ئەتۆش ئەی ڕیبواری هەژار
شیعرت بەسە بۆ یادگار !

هەولێر : ١٩٦٠

بۆ بەرچاوی شارەوانی هەولێر

لەم ڕۆژنامەیەوە زۆرباسی هەندێ کەم‌وکوڕی ناوشاری هەولێرکراوەلەرووی چارەسەری‌نەکردنی ئاوی پەنگ‌خواردووی ماڵان‌و،دروستبوونی زەلکاوی پڕ میکرۆب‌و نەخۆشی ، بەڵام‌لەوە دەچێ شارەوانی هەولێر ئەو نووسینانە ناخوێننەوە ،ناچار ئەمجارە وا وێنەی قسەکان دەخەینە پێش‌چاو،بڵێی ئەم دیمەنانە زمانی ساردو سڕی شارەوانی‌نەهێنێتە گۆ ؟

ئەوەی دەیزانین شۆڕش‌وپارێزگای هەولێر هیچ کەمتەرخەمی‌یەکیان بەرامبەرشارەوانی نیە ، بەڵکو بەهەموو شێوەیەك یارمەتی‌یان داوەو ، هەموو پێویستی‌یەکیان خستۆتەبەردەستیان .

ئەی کەواتە .. ئەم دیمەنانە تا کەی بەردەوام بن؟ لەگەڵ شارەوانی‌هەولێرمانە !!

عبدالوهاب تالەبانی

کورتیەك ـ پاشماوە

تیپا [الفرقة القومية للتمثيل] ل بەراهێ تیپەکا ئاسان بو لێ وورده وورده ب هێز کەفت و ناڤ‌و دەنگێت وێ بەلافبون دناڤ جەماوەرێ عیراقی‌دا و عەرەبی‌دا و ل ساڵا ١٩٧١ پشکداری کر ل میهرەجانا هونەرێت شانوێ ل دمشقێ و ل وێرێ گەلەك قازانج کر چنکو ب سەر بورێت (تجارب) شانو نفیسێت عەرەب هەلبو هەروەسا پشکداری کر ساڵا ١٩٧٢ ل میهرەجانا گەنجێت عەرەب ل جەزائر و ل ساڵا ١٩٧٤ چو میسرێ و ل وێری شانوگەریا (السيد بونتيلا وتابعه ماني) یا برتولد بریخت پێشکێشکر .

ڤێ تیپی پشتی هنگی د بزاڤێت خودا گەلەك جەماوەر بخو پەیدا کرو ل عەینی وەخت گەلەك شانوگەریێت ئارمانجبەر پێشکێشکرن ...

نهو ل عیراقی ژ بلی ڤێ تیپێ گەلەك تیپێت دێ یێت هەین وەك [فرقة الفنون الشعبية ، المسرح العسكري ، المسرح الوطني ، المسرح الجوال ، تيپا ئەکادیمیا هونەرێت جوان ، تیپا ئاموژگاریا هونەرێت جوان ...] .

ئەڤ تیپە هەمی یێ بزاڤێ دکەن بو وەرارا هونەرێ شانوێ ل عیراقێ لەورا ئەم دشین بێژین کو شانو ڤێ گاڤی یا دپلەکا باشداوبایەخەکێ باش پێ تێتەدان و شانوێ جهێ خو یێ کری دناڤ دلێ کورێت عیراقێدا .

● **ژێدەر :**

١ ـ گوفارا ـ حراس الوطن ـ ژمارە (٣) ساڵا ١٩٧٨
٢ ـ گوفارا ـ ئافاق عربیە ـ ژمارە (٧) ساڵا ١٩٨٢
٣ ـ گوفارا ـ حراس الوطن ـ ژمارە (٧) ساڵا ١٩٨٠

Institut Kurde de Paris

گەشتێك ـ پاشماوە

یارمەتیمان دەدەن بۆ ئەوەی سنوور ببەزێنین ... ئەفسانە گرێ دراو و ئەفسانەی کراوە ، ئەفسانەی کراوە تەنها ئەفسانەی حەقیقین(٣) ، ئەفسانەی راستن کە نووسەرو هونەرمەند کاریان پێیە و هەر وەك « ڤان دیرلیوف » تاریفی دەکات و دەڵێت : « گەڕانەوە بۆ جەوهەر ، بۆ ئەو مرۆڤەی سەری بەرز ئەکاو ئەتوانێ بڵێ « نە » بۆ ئەو شتەی وەك واقیع بە سەریا چەسپاوە »(٤) .

٣ ـ ئەوی شیاوی باسە ، بەکارهێنانی ئەفسانە لە ئەدەبی نوێدا هەر خزمەتی بیرو هەڵوێستی رووت ناکا ، بەڵکوو زیاتر لەوە خزمەتی تەکنیکی شێوەو شێواز ژی دەکا .

چونکە ئەفسانە وەك حیکایەتێکی گێڕاوە بە زمان و مەبەستی رەمز و گەهاندن و کارتێکردنەو لە بەر ئەوە چیرۆکنووس یان چیرۆك بێژ هەموو شێوەو تەکنیك و شیوازی تایبەتی بە کاردێنن بۆ ئەوەی بگەنە مەبەستی خۆیان ، لەگەڵ ئەوە ژێدا کە شێوەی ئەفسانە زۆر سادەیی و راستەوخۆیی تێدایە ، لەگەڵ ئەوە ژی دا کە دانەرەکەی نەناسراوە یان میللەت خۆیەتی ، کەچی لە هونەر بێبەش نییە .. چونکە ئەو کەسەی دەگێرتەوە پەنا دەباتە بەر هبندەك شێوەی تایبەتی بۆ ئەوەی مەبەستەکەی خۆی بە خەڵك ـ گوێگرو خوێنەر ـ بگەیێنێ :

یەکەم شت « سەردە » .. چونکە ئەفسانە حیکایەتە ، یان بە شێوەی چیرۆك دەگێردرێتەوەو لە ناو جەماوەردا بڵاودەبێتەوە ، لە بەر ئەوە گفتوگۆو دووبارەکردنەوە لە تایبەتی‌ترین شێوەکانی ئەفسانەن ، ئەگەر تەکنیکەکی ناسراو نەبن بۆ سەلماندنی مەبەستێکی تایبەتی ئەفسانە خۆی .

لە ئەفسانەی « رەزەوان و ئەنانادا » مەسەلەی تۆڵەستاندن تەئکید دەکرێت ..

تۆڵەستاندنی « ئەنانا » لەو کەسەی کاری سیکسی لە نووستندا لەگەڵدا کردوە(٥) :

« بەهەراسانی‌یەوە «ژنەکە» تەماشای دەوروبەری‌کرد
بەترس‌و لەرزەوە « ئەنانا » تەماشای دونیای‌کرد :
بۆ ناموسی ... چی‌کرد .. « ئەنانا »
هەموو بیرەکانی ولات پڕ خوێن ئەرن
کۆیلەکان لە کاتی داربرینەدا ...
جگە لە خوێن .. هیچ ناخۆنەوە
جاری‌یەکان لە کاتی ئاو هێنانەدا
جگە لە خوێن .. هیچ لە کۆزەکانیان ناکەن
گوتویەتی : ئەوەی نێزیکی من بووە
هەر دەی بینمەوە ... لە هەر جێگایەك‌بێ »

دیسان لە شیعری نوێدا ... بە تایبەتی لە لای شاعیرانی ئەفسانە و ئەدەبی کۆن ئەبینین دووبارەکردنەوە بە کاردێنرێ بۆ پێداکوتان‌و تەئکید لەسەر مەبەستێك یان رەمز بۆ شتێکی ناسراو ، هەر وەك لەم پارچەیەدا لە قەسیدەی « الملکة والمتسول »دای شاعیر « حسب الشیخ جعفر » کە دەڵێت :

« ذق دلالی فهو کالشهد لذیذ
واعتصر کل قطوفی الدانیه
وتنزه عبر حقل مورق أو رابیه
ذق دلالی فهو کالشهد لذیذ
اقترب منه اقترب مثل رداء
ثمری کالشهد حلو وجمیل
ضم کفیك علیه کرداء
ثمري کالشهد حلو وجمیل
آه مولاي اقترب فهو لذیذ
وشهی کرضاب الشفتین
آه مولاي اقترب فهو لذیذ
طري ناعم کالشفتین »(٦)

تەکنیکی تری شێوەی ئەفسانە ، شکاندنی هەردوو وەحدەی کات‌و جێگایەو گێرانەوەو چەسپاندنی بە وێنە هەستی‌و حسی‌یەکان دەربڕین بە زمانێکی رەوانی ئاخوتن پێکراو هەروەها بە وێنەی خەون و روئیا ... لێرەدا قەسیدەی « بیاتی » « مرثیة الی عائشه » بە قووڵترین نموونەی بەکارهێنانی شاعیر بۆ شێوەی شاعیری کۆن وەربگرین ، چونکە ئافاهی ئەفسانەیی لەم قەسیدەیەدا بە هەموو تایبەتی‌یەکانی‌یەوە دەبینین ، پارچە پارچەکرن دووبارەکردنەوە ، دەربڕین بە تێڕوانینی خەون ، چەسپاندن بە وێنەی حیسی ، بە ناو یەکداچوونی کات‌و جێگا ... هتد ... لێرەدا ئەتوانین هیندەك نموونە پێشکێش بکەین وەك نموونە کە لە خەونەدا دەڵێت :ـ

« ایتها الملیکه ..
رایت رؤیا ـ کانت السماء
ترعد ، فاستجابت الارض لها ، سحابة من نور
نسرا بلا اظفار
اخمد انفاسی وعرانی من الثیاب.. الخ ..»

ئەم شێوەیە کە بە کارهێنانی خەونی تێدایە .. زۆر جار لە مەلحەمەی « گلگامش » دا هاتووە ، کە دایکی « ننسون » بۆی شیکردوتەوە کە هەموو شت دەزانی وەك دەڵێت :

« دایه گیان ... شەوی رابردوو .. خەونێکم دیوە دیتم ... شادو سەر بەرز ... لە نێوان پاڵەوانانداە دەڕۆم
ئەستێرەکانی ئاسمان دیاربوون
یەکەکیان کەوت ... وەك گوللەی ئاسمان
« ئانو » ...
حەزم کرد بڵندی‌کەم .. بەلام زۆر گران‌بوو
... هتد »

سینگ کوتان لە پێ‌هەڵگوتندا « الرثاء » لە ناو ئەدەبیاتی کۆندا شتێکی باو بووە ... بەتایبەتی لە مەلحەمەی « گلگامش »دا وەکو « گلگامش » بە هاوڕێکەی « ئەنکیدو » هەڵدەڵێت و سینگ دەکوتێ و دەڵێت :ـ

«ئەنکیدو » ... داکت خەزال‌و بایت ئەری کێوی‌یە
بە شیری کەرە کێوی‌یەکان مەزن بوی
بۆ تۆ.. بابگرین .. هەموو ڕێکەکانی جەنگەلی «ئەرز» باشەو و رۆژ بۆت بگرین .
بۆ تۆ ... با بگرین ... ئەو پەنجەی بە دواماندا رێ‌ئیشاندەربوو .
تا دەنگ لە دیهاتەکاندا بگەرێتەوە
با بوت بگرین
کەمتیارو هورچ‌و پلنگ‌و شێرو حەیوانی کێوی »

دیسان « بیاتی » لە قەسیدەی « مرثیة الی عائشه » دا دەڵێت :ـ

« عائشه عادت الی بلادها البعیده
فلتبکها القصیده
والریح والرماد والیمامه
ولتبکها الغمامه
وکاهن المعبد والنجوم والفرات »

چەسپاندن بە وێنە حیسی‌یەکان‌و سوود وەرگرتن لە وێنەو زاراوەی ئەدەبی کۆن بۆ دەربڕین لە چەند مانای تایبەتی کە نیشانەکانی میللین ـ لێرەدا ئەم شتە دینین لە « بیاتی » بە « عیشتار » دەڵێت : ئەو ژی هەمان شتەکە « گلگامش » بە « عیشتار »ی دەڵێت لەو کاتەی گەرایەوە لە جەنگەلی ئەرز پاش سەرکەوتنەکەی بۆ خوازگینن :

« علی فراش الموت اضجعتك یا عشتار
بکیت فی بابل حتی ذابت الاسوار
فأي خیر نالنی أیتها العنقاء
عدت الی الفرات ، عدت موجة عذراء
وموقدا یخمد فی البرد وبابا لا یصد الریح
عدت کتابا باهت النقوش
یقراه العشاق ... یبیعه الوراق
لکل من هب ... لکل قارىء جدید
وعظمة بالیة واملا مسموم »

لێرەدا پارچە پارچەکردن‌و هەرفاندنی کات‌و جێگا ئاشکرایە « عائشه » بویتە عیشتار ، لە نێوان ژیان‌و مردن ، جیهانی بڵندو ئەوی کە لە چەند وێنەی هەستی دژ بە یەکدا هاتوە ... وادیارە کە مەسەلەی جێگاو کات نییەو دوور نییە ... چونکە وا دیارە کە شتەکان لە کاتدا نین ، ئەگەر شاعیری کۆن وەك بیری سەرەتایی ئەم کارەی کردبێ ، کەچی شاعیری نوێ بە هەست‌و وەعی‌یەوە ئەم کارە دەکات ئەمە ژی لە بەر ئەوەی کە شاعیری نوێ هەست بە ئامادەبوونی هەموو شت دەکا بە وێنەیەکی هەمیشەیی ... ئەمە ژی نیشانەی ئەوەیە کە تاقی‌کردنەوەکانی مرۆڤایەتی لە هەموو جێگاو کاتدا دەژین .

● **پەراوێزەکان :**

١ ـ فن الشعر ، ص ٢٥ ـ ٢٦
٢ ـ الاشتراکیه والفن ، ص ١٤٢ ـ ١٤٨
٣ ـ مارکسیة القرن العشرین ، ص٢٠٩
٤ ـ المصدر السابق .
٥ ـ من الواح سومر ، ص١٤٧ ... ئەم پەرەگرافە دووجار دووبارە کراوەتەوە .
٦ ـ ئاشکرایە کە « حسب » سوود لەو پەرەگرافە وەردەگرێت کە لە « گورانیەکی ئەڤینی سومەری » وەرگیراوە لەو کاتەی کاهینەیەك بۆ مەلیکی خوی دەڵێتەوە وەك قوربانی‌یەکی پیرۆز لە گێژنی وەرزەکاندا یان گێژنی سەری صال ...

ئاوڕێك ـ پاشماوە

شوێنەوارپشی هەرنەماوە . سەنحاریب پاشا هەر چوار دەوری نێنوای بەباخ‌و باخات و گوڵ‌و گوکزارو مێرگ‌و میرغوزار ئاوەدان کردەوە لە هەرشوێن وولاتێك ئەکەر دارو درەخت‌و گونێکی بەردارو نایاب‌و بۆنخۆش بوبی دەست‌و برد ئەی هێناو لەم ناوچەیە دا دای ئەچاندو ئەی ڕوواند تا نەینەداو دەورو بەری کرد بە پارچەبە هەشتێکی ئەم سەرزەمینە ذیارە نابێ ئەوەشمان لە بیربچێ کە ئەم ناوچەی کوردستانە بە شاخ‌و داخ هەواو ئاوی سازگارو شیرین‌یەوە هەر لە سەرەتای پەیدابونی‌یەوە باوەشی بەرفراوانی نەرمی بۆ هەموو پێشکەوتن وەئاوەدان کردنەوەیەك کە مرۆڤ بستبێنی کردۆتەوە هەمیشە وە زۆر بە ناسانی .. ئەم بزوتنەوەی دارو درەخت ناشتی وباخ‌و باخات دامەزراندو ئاوەدان‌و جوان‌کردنی وولاتی هەر لە ئاسمانەوە قۆستەوە بەم چەشنە شاری نەینەوا پایتەختی ئاشوری‌یەکان لە سایەی کۆششی بە پێزی سەنحاریب پاشادا لە ئاوەدانی شارستانی دا گەیشتە پۆپەی بەرزی وەبەوێنەی ئەستێرەیەکی پرشنگدار لە ئاسمانی شارستانی‌یەتی عێراق دا کەوتە جریوە جریو وەدردوشانەوە وەبەرەو پێشکەوتنی بێوێنەی سەرکەوتنی بێهاوتا .... هەنگاوی گەورەو پانی ئەدا.

چیرۆکیت فولکلۆری ریفی و دویکل

ئامادە کرنا
« انور محمد طاهر »ی

ڕۆژەکێ رویفەیەك لبەر گۆندەکی‌را بۆری چافێ وی ب دویکلەکی کەت، پێشڤە چۆ و سلاف کرێ گۆتێ :ـ

ئەز دوستێ بابێ لە بۆم رحمەتی دەنگێ وی گەلەك یێ خۆش بوو ئەرێ دەنگێ تە ژی یێ خۆشە یان نەء ؟؟!

دویکلی گۆتێ : ئێ گافێ گۆهێ خۆ بدە دەنگێ من وەك یێ بابێ من خۆشترە چافێت خۆ نقاندن‌و پەرێت خۆ لێگدان‌و ئۆ ژبنێ پیا بانگ‌دا :

بۆ رویفی خوش دەلیڤە بۆ خۆ لێداو ب ددانێت خو گرت .

سەیێت گوندی کۆ دوژمنێت رویفی بوون کەفتنە دویف دویفی دویکلی زانی گیانێ وی ژی لبەر رحمەتا ددانێت رویفیە هزرا خۆ کرو گۆتێ :ـ هەکە تە دڤێت ژ سا رزگار بی بکە هاوارو بێژە ئەڤ دویکلە من ژ گۆندێ هەوە نەگرتیە رویفی هەر چەند یێ فیلبازە بەلێ هاتە خاپاندن ددانێت خۆ سەر ئێك راکرن دا باخفیت ... دویکلی ژ دەڤی خۆ هاڤێت فری سەر دارەکێ دەمێ رویفی دیتی ئەڤ ڤرافینا خۆش ژ دەستی چۆی سەح کرە دویکلی‌و گۆت لەعنەت لەوان ددانا بن کۆ نەوەخت سەر ئێك من راکرن .

دویکلی گۆت لەعنەت لەوان چافا بن ئەڤێن ناوەخت من نقاندین .

بەرێگاوە ـ پاشماوە

زەمین‌و بوشایی ئاسمان لە خریلەیەکی ئیجگار بچوکەوە دێنەکایەوەو هەر یەکە بە پێی یاسای تایبەتی خۆیان گەشە ئەکەن‌و گەورە ئەبن‌و هەرزەکاریتی‌یان بەسەردا تێ ئەپەرێت‌و پیر ئەبن‌و فرمانی خۆیان جێبەجێ ئەکەن‌و لە ناو ئەچن‌و چینێکی تری وەکو خۆیان لە ئاست‌و پلەیەکی نوێدا بەجێ ئەهێڵن ، ئیتر بەم جۆرە پلەی ئەم پەیژەیە هەر تەواو نابێت .

دووەمیان : کردەوەی ئەم لاوە نائومیدیمان لە دڵا ئەرەوینێتەوە و مژدەمان ئەداتی کە رەوشت‌و ئەریتی جوانی باوو باپیرمان رێرەوی ماوەو بە هەوڵ‌و تەقەللایەکی کەم لە قەوارەیەکی نوێدا بە تەوژمیکی چاك دێتەوە ناو کۆمەڵگاکەمان .

ساڵێك لەمەو بەر لە گەرەکێکی نزیك (بغداد الجدیده)ی شاری بەغداوە لەسەر چەتی شەڤامێکدا .

لاوێکی ١٦ ساڵی بەسەر دوو چەرخەیەکی کەوتوودا بە دەمدا کەوتبوو ، پیش ئەوەی من بکەمە سەری چەند ئۆتۆمۆبێلێك بەلا یا خۆیان لا ئەداو ئەرویشتن تا گەیشتمە سەری دڵم لەمشتمدا بوو ئۆتۆمۆبێلیك نەی پلیشێنێتەوە ، هەر چۆنێك بێت بە یارمەتی لاوێکی هاوتەمەنی خۆی راستمان کردەوەو بردمانە فابریقەیەکی نزیك شەڤامەکەو دەموچاومان شت‌و هانیمانەوە هۆش خۆی‌و بردمانەوە بۆ ماڵی خۆی .

دایکێکی بەدبەختی بە ساڵا چووی هەبوو وتی ئەمە کورە گەورەمە لەم گەورەتر هەموو کچن ، دەمێکە باوکیان دنیای بەجێ هیشتوەو هەموو ئاواتوو ئومێدی خۆم‌و خوشکەکانی ئەم کوڕەمان بوو ئەمیش چەند ساڵێکە ئێ (صرع)ی لێ دێت‌و لە وەخت‌و ناوەختدا بەم مەرەیە ئەچێت . هەندێ جار خێرخوا بوم دێنیتەوەو هەندێ جاریش ئەکەویت تا دوای چەند سەعاتێك خۆی دیتەوە هۆش خۆی بەسەرو چاوی برینداروو رووشاوەوە دێتەوە ماڵەوە !!

داخەکەم لەم ساڵانەی دوایدا سا لە بەر بارگرانی ژیان بێت یان پارەو پول هەموو شتێکی لە بیر زۆربەی زۆری خەلکی بردبێتەوە یان لەبەر هەر هۆیەکی تر بێت ، بێ بەزەیی‌و تاك پەرستی‌و هەڵپە هەڵپی پارە کۆکردنەوە لایەکی کۆمەڵگاکەمانی بەمەرەیەك بردووە ، باوك‌و کوڕ ، کەسوکار هاوڕێ‌و دوست ئاگایان لە یەك نەماوە . بە پێچەوانەی ساڵانی پێشو کە دۆستایەتی‌و هاوکاری‌و کۆمەك‌و دەستگرتن‌و پشت بە یەك بەستن بەردی بناغەو شیرازەی کۆمەڵگای وڵاتەکەمان بوو .

رەوشتی بەرز لە سامان‌و کۆشك‌و تەلار راستکردنەوە پایەی بلند ترە .

بەلام هەر دەردێك دەرمانێکی هەیە ، هەر ژیر خانێکیش سەرخانێکی بەسەرەوەیە . ژیر خانی تاریك سەرخانی ماتەمی ئەبێت ، ژیرخانی ڕوونـاك سەرخانی رۆشن ئەبێت . خۆپەرستی دەنگدانەوەی رەوشتی بورژوایەو کۆمەڵ پەرستی رەنگدانەوەی رەوشتی جەماوەرە .

جەماوەری پەروەردە کراو ، جەماوەری خراوە سەر رێبازی جوامیری‌و هاوکاری‌و بە تەنگ یەکەوە هاتن‌و داکۆکی لە یەك‌کردن .

جەماوەرێك چاوی لە ئاسۆی پێشکەوتن‌و سەرکەوتن بێت . با هەموو پشتی ئەم لایە بگرین‌و رێگای بوژانەوەو گەشەکردن‌و پەرەپێدان‌و بە ئامانج گەیشتنی بۆ خۆش‌کەین .

کۆڕێك بۆ ئەحمەد موختار جاف

لەهۆلی مەلبەندی لاوانی هەلەبجە ، کۆڕێکی ئەدەبی بۆ بەرێز محمد حسین هەلەبجەیی ئامادەکرا لەلایەن بەرێوەبەرایەتی رۆشنبیری جەماوەر لەسلێمانی . .

کۆرەکە دەربارەی احمد مختاری شاعیرو چیرۆك نووس بوو .. مامۆستای بەرێز محمد رشید فتاح کۆرەکەی بەرێوەبرد ، وەبێشەکیەکبشی بۆ نووسیبوو ، جەماوەرێکی زۆر لەرۆشنبیران‌و ئەدەب دۆستانی شاری هەلەبجە.. ئامادەی کۆرەکە بوون ، مشتومڕێکی دۆستانە لەنێوان ئامادەبوان‌و پێشکەش‌کەری باسەکە هاتە کۆڕێ ،شایەنی باسە کەکاك محمد حسین دەربارەی لایەنی نەتەوایەتی شیعرەکانی احمد مختارو بەستنەوەی بەکرۆکی باری چینایەتیەوە ، بەتایبەتی لەچیرۆکی «مەسەلەی وێژدان» دوا .

نازاد

کێ دبێت ـ پاشماوە

هەر (٧) تشتا نافەکێ خو یێ تایبەت هەبویا ؟ .

٢ ـ برادەر (سامی) دبێژیت : پەیڤا (ئەگەر) مانا وێ (هەکە)یە نە (هەکو)یە . ئەز دبێژم دزمانێ کوردیدا هەردوو پەیف بداخازەکێ دهێنە بکارئینان . وەك تو بێژی :

ئەگەر (هەکو تو نەهێی ئەز دێ چم) یانژی .

ئەگەر (هەکو تو نەهێی ئەز دێ چم) .

بەلێ ڕاستە وەك تە گوتی. هەکو دهێتە بکار ئینان بو دەمی (عندما) وهەروەك تە نمونە بو ئینای لێ نە ل هەمی درا .

پشتی ئێ چەندێ برادەری گوتی‌یە کەس ل دەفەرا بەهدنیا (هو) بکار نائینیت . دەمی برادەری ئەڤ چەندە دخاند نەی دگەل بابەتی بو چونکی من گوتی‌یە پەیڤا (ئەگەر) دوو مانا ددەت (أ ـ هەکو .ب. هو = سب) ما گونەهە مانا (ئەگەر) بکرمانجیا ژێری ژی بدەم .. دا ئەوژی بزانن (ئەگەر) ئانکو چی ؟ [(ئەگەر)ا نەهاتناتە چی‌یە ؟] (سبب) چی‌یە ؟، (هو)ی چی‌یە ؟ . یانژی گەر من مانا ئەگەر بئنگلیزی ژی دابا دا بێژی کەس لدەفەرا بەهدنیا بکار نائینیت ! ،ئەڤە ژلایەکیڤەو ژلایەکێ دیڤە برادەری هەر خو لناڤ‌و نیشانێن بابەتی نەکریە خودان ، هەما ڕاست یا خو دبابەتی وەرکری ، چونکی من نەگوتی‌یە (ئەو پەیڤێن ژدوو ماناو پتر هەبن دکرمانجیا ژووریدا) لێ من گوتی‌یە دزمانێ کوردیدا ، ئەڤجا ئەڤ‌ناڤ‌و نیشانە دێ دەستویری‌یا من دەن گەر چەندین من بڤێن پەیڤێن کرمانجیا ژێری‌ژی بکەمە تیدا .

٣ ـ برادەر دبێژیت پەیڤا (بۆش) ڕاماناوێ نە(ڤالە)یە ، بەلکی ئەو ئامانێ ڤالە دبێژنێ (بۆش) ئو دبێژیت بەس ل (چایخانا) ئێ پەیڤێ بکار دئینن .ما ژبەر چ نا بێژنە ئامانێ تژی (بۆش) ! لێ تشتێ ڤالە دبێژنێ (بۆش) ، ئەرێ بەس ل‌چایخانا دبێژن.

(بۆش) ؟! بەرێ خو بدێ :

١ ـ ل‌خارنگەها بکار دئینن (بۆشابشو) .

٢ ـ ل خاندنگەها هەمی خویندکار دزانن (ئەم بوشایبانەی خوارەوە بڕ بکەرەوە). مەڕەم ژڤێ بوشایی‌یێ (فراغ)ن یان ئامانێن ڤالەنە ؟!

٣ ـ ژمێژ فیزیاوی‌یا گوتی : (هەر (مادە)ك بۆشەکێ دگریت) ، ما ئەڤە نە ڤالەهینە ؟! .

بێهنا برادەری بڤێ چەندێ ژی نەهاتی‌یە دبێژیت ئەڤ پەیڤە دفەرهەنگا زمانێ کوردیدا نینە . کەکێ (سامی) ،هەر چەندە ئەڤ نمونە بومە خۆیا دکەن کو نەك بەسی (ل‌چایخانا) بکار دئینین لێ پەیڤەکا ڕەسەنا زمانی‌یەو گەلەکا مشەبە ، بەلێ هەتا لجهەکێژی بهێتە بکارئینان تو بچ دل ئینکارا ڤێ پەیڤێ دکەی کو دقاموسا زمانێ کوردیدا نینە .

٤ ـ برادەر دبێژیت پەیڤا (بێر) نە (بێرمەڕ ، مەڕبێل)ە ئو بەس ل‌گوندێ وە یان لدەفەرا وە وە دبێژنێو ئەڤە نە زمانە زاراڤە . ئو دبێژیت ماکی دبێژیت لدەڤەرا (دهوکێو ئامێدی‌یێو زاخو. ...کوردێن تورکیاو ڕوسیاو ...هتد) ئێ پەیڤێ بکار دئینن ؟ کەکێ من هەر وەك مە د بێشی‌بێدا خوێا کری کو زمانێ کوردی‌و هەر زمانەك ژگەلەك شێوان پێکهاتی‌یە وهەر شێوەك ژ دەڤەرەکێ بو دەڤەرەکا دی‌و ژگوندەکی بو گوندەکێ دی دهێتە گهورین. تە گوت ل‌هەمی دەڤەرا دبێژنێ (مەربێل)، ئەڤژی دبێژم ، ماکی دبێژیت لدەڤەرا (دهوکێو ئامێدی‌یێو زاخوو کوردێن تورکیاو ڕوسیاو ..هتد) دبێژنێ (مەربێل ؟! . ئەڤە هنگێ دێ چێبیت دەمێ زمانەکێ ئێکگرتی دهێتە گوڕێو وان پەیڤا ژێ بگرن کو ل‌هەمی کوردستانێ تێ بگەهن ،ئەڤجا (بێر) هەیەو (بێرمەڕ)هەیەو (مەربێل) هەیە هەر ئێك لدەرەکێو هەمیژی زمانێو کوردنیە .

وون بونا دفتەرا خزمەتا عەسکری

دەفتەرا منا خزمەتا عەسکەری یاکو ژ تەجنیدا دهوکێ دەرکەتی یا هندا بۆی بناڤێ جسیم ابراهیم عثمان دوسکی هیڤیدارم هەر کەسەك ببینیت بدەتە دەزگەها ڕۆشنبیری‌و بەلاف کرنا کوردی تابێ دهوکێ وسوپاسی .

Institut kurde de Paris

ژمارەی نوێی گۆڤاری بەیان

ژمارە ٩٩ی گۆڤاری بەیان‌کە لە دەزگای رۆشنبیری‌و بلاوکردنەوەی کوردی‌یەوەدەردەچێت گەیشتە دەستی خوێنەران .

لەم ژمارەیەدا لەبەشی‌تۆماری جەنگدا ئەم باسانە دەخوێنیتەوە : [هیرشەخوێناویەکەی درندەکان ـ سلام محمد ، لەسەرەی‌جەنگدا ـ فواد حسین ، خومەینی‌و نیازی ئیمپریالیزم ـ اسماعیل گەیلانی‌و چەند باسیکی تر] .

لە بەشەکانی تری‌گۆڤارەکەدا : لێکولینەوەو شیعرو چیرۆک‌و وەرگێڕراوەدەبی لاوان ژمارەیەکی دیار لە نووسەرو ئەدیبان‌بەشداریان کردوە لەوانە : سۆران مەحوی ، احمد قەردنی ، محمد امین پێنجوینی ، پیرباڵ محمود،لطیف هەلمەت ، مکرم رشید . غەریب پشدری ،بەهجەت هروری غفور میرزا کریم مصطفی ئەریمان‌وئەوانی تر .

«محمد عارف»ی هونەرمەند
لە پیشانگا سەرجەمەکدیدا

ـ لە چوارچێوەی چالاکی‌یەهونەری‌یەکانی دەزگای‌رۆشنبیری‌و بلاوکردنەوەی کوردی‌دا ، سازکردنی‌پێشانگایەکی سەرجەم بووبۆ هونەرمەندی ناسراو مامۆستا محمد عارف کە بە چاودێری بەرێز مامۆستاالطیف نصیف جاسم وەزیری رۆشنبیری‌وراگەیاندن سەر لە ئێوارەی‌رۆژی ٣ـ١١ـ١٩٨٤ کرایەوە هەروەها بەرێزان مامۆستابەکر محمود رەسوڵ وەزیری‌کارو کاروباری کۆمەڵایەتی‌و مامۆستا مصلح جەلالی‌بەرێوەبەری گشتی‌دەزگاکەمان‌و کۆمەڵێك لە مامۆستایانی هونەروهونەرمەندان‌و جەماوەرێکی‌زۆری هونەر دۆست ئامادە بوون .

شایانی باسە ئەمە ئەوەیەم پێشانگای هونەرمەندی کوردەو پێشانگای ئەم جارەش پێشانگایەکی تێکرایی بوو بۆ هەموو بەرهەمەکانی هونەرمەند لە نیوان سالانی ١٩٦١ـ١٩٨٤ کە بریتی بوو لە ١١٠ تابلۆی زەیتی‌و ئاووی‌و بورتریت لایەنە جۆر بە جۆرەکانی ژیانی کوردەواری دەرئەبڕی بەتایبەتی فۆلکوری کوردی کە زۆر پێی دائەگرێ لەسەر دەربڕینی هەموو لایەنەکانی‌و دیارە سالەکانی خوێندنی لە هونەرەجوانەکان‌و هونەری تطبیقی لە بەغداو بابل

● ئیستا خۆی بە تەرخان کردوە بۆ بەرهەمهێنانی هونەری

ـ پێشانگاکانی ـ

لە سالی ١٩٦١ـ١٩٦٧ سێ پێشانگای تایبەتی کردوەتەوە لە روسیا

لە سالی ١٩٧١دا چوارەم پێشانگای تایبەتی لە هولی مۆزەخانەی نیشتیمانی هونەرە تازەکان لە بەغدا کردەوە

لە سالی ١٩٧٦دا پێشانگای پێنجەمی لە هولی کومەلی رۆشنبیری کوردی لە بەغدا کردەوە .

● سالی ١٩٧٧ لە هەولێر شەشەم پێشانگایی کردەوە.

● سالی ١٩٧٩ حەوتەم پێشانگای لە هولی مۆزەخانەی نیشتمانی هونەری تازە کردەوە .

● سالی ١٩٨١ هەشتەم پێشانگای لە هولی الرواق لە بەغدا کردوە .

● سالی ١٩٨٤ نۆیەم پێشانگای گشتی‌ی لە هولی مۆزەخانەی نیشتیمانی هونەرە تازەکان لە بەغدا کردەوە .

هونەرمەند بەشداری ئەم پێشانگانە کردوە

دەرەوەی ولات نەیتوانیوە هیچ وردەکاری‌یەکی ئەم ولاتەی خۆیی لە بیر بباتەوە بەڵکو بووتە پاڵپیوە نەرێك بۆی هەروەها داستانیش جێگای تایبەتی خۆی گرتوە لە تابلۆکانی هونەرمەندا وەك داستانی قەلای دەمدەم‌و دوانزە سوارەی مەریوان . لەگەڵ ئەوەشدا هونەرمەند جەنگی قادسیەی صدام‌و شەهیدانی ئەم خاکەی لە بیر نەکردوەو سێ تابلۆی پێشکەش کردون .

ـ سەرەڕای سەرکەوتنی هونەرمەند لە هەلبژاردنی باسە گرنگەکانی تابلۆکانیا ئەوەی زیاتر بەهەرەی هونەرمەندی ساغ دەکردەوە لە بینەری نزیك ئەکردەوە بەکار هێنانی سەرکەوتووانەی هونەرمەند بوو لە رەنگدا ئەمەش رایەك بوو رەخنەگران هەموو لە سەری یەك گرتووبوون .

سەرگول تەیمور
وێنەی غازی طلوب

ـ هونەرمەند لە چەند دێڕێکدا .

● لە سالی ١٩٣٧دا لە شاری رەواندز پارێزگای هەولێر لە دایك‌بوود .

● سالی ١٩٥٦ دبلومی ئامۆژگای هونەرە جوانەکانی وەرگرتوە لە بەغدا

● سالی ١٩٦٧ بەڵگەنامەی ماجستێری لە ئەکادیمەی هونەرە جوانەکانی مۆسکو وەرگرت .

● ئەندامی نیقابەی هۆنەرمەندان‌و کۆمەڵەی تەشکیلی عیراقی‌یەکانە

● ئەندامی کۆمەڵەی هونەرمەندە تەشکیلی‌یەکانی جیهانە (I.A.A)

● مامۆستای هونەر بووە لە ئامۆژگای هونەرە جوانەکان‌و ئاکادیمەیەی جزائر . سوریا . المغرب . تونس یەکیتی سۆڤیەت . ئەڵمانیای رۆژئاوا ، فەرەنسا بریطانیا .

ـ لە بواری داناندا ـ

● کتێبێکی داناو لە سەر (هونەری نەخشە) بە زمانی عەرەبی ئینجا وەریگراوەتە سەر زمانی کوردی .

● کتێبی (مایکل ئەنجیلوی) وەرگیراوە لە روسی‌یەوە بۆ کوردی .

● کتێبی (پول‌گوگان)ی لە روسی‌وە وەرگیراوەتە سەر کوردی .

● کتێبی (دیلاکردا)ی وەرگێراوە لە روسی‌وە بۆ کوردی .

● ئۆربەی پێشانگاکانی سالانەی کۆمەڵەی هونەری تەشکیلی عیراقی لە سالی ١٩٦٩وە

● پێشانگای الواسطی لە بەغدا

● بینالی عەرەبی یەکەم لە بەغدا

● پێشانگای (بەرهەم) لە بەغدا

● پێشانگای شەهید (بۆ خێزانی شەهیدەکان) لە بەغدا

● پێشانگا بەهار لە هولی اورفلی لە بەغدا

● پێشانگای هونەری عیراقی ئەم سەردەمە لە کویت . قطر . بحرین . لبنان

فۆلکلۆری بەستەزمان

نووسینی : ئەحمەد قادرسەعید

سامانی فۆلکلۆری‌وکەلەپووری نەتەوایەتی‌ی ئێمە هێندە دەوڵەمەندە ، کۆکردنەوەو لە بێژینگ دانی وساغکردنەوەی ئەرکێکی‌زۆرو تاقەتێکی فرەی گەرەکە . ئەوەی تا ئیستا کراوە ناڵێم مشتێك بەڵکو دەنکێکە لە خەروارێك ، ئەو زاتانەی‌قۆڵی مەردایەتیان هەڵماڵیووە تا ئەوەی نوێ لە پێزی‌هەستو بیری باپیرانیان بێ بەش نەبن‌و ببێتە زادەی‌مشت‌و ماڵکردنی هەستیان.

ئەوەتا ڕشتەی مرواری‌مامۆستا علاءالدین سجادی‌و توحفەی موزەفەری‌یەئۆسکارمان‌و چەندانی دیکەش هەموو مایەی شانازین .

کە دەبینم کەسێك‌چیرۆکیك یان شیعرێکی فۆلکلۆری ساغ دەکاتەوە یان‌دەینووسێتەوە ، شادمان دەبم‌و ئافەرینی لێدەکەم .بەڵام مەخابن لەو ماوەیەدا لە گەلێك گۆڤارو‌ڕۆژنامەکاندا چیرۆك‌و شیعری فۆلکلۆری بلاودەکرێتەوە . هەندێکیان نووسەرەکەی دەستێکی‌بەسەرو گوێلاکی داهێناوەو کورتی کردۆتەو لە کتێبەکەودەریگرتووەو نووسیویەتەوە بە بێ ئەوەی هیچ جۆرەئاماژەیەك بۆ ئەو دەست تێوەردانە بکات .. جگەلەوەی لە نێو دێری هێندێك شاعیراندا ئەو هەڵەیە‌بە ئاشکرا دیارە .. تۆ بڵێی ئەو کەسانە پێیان .. وا بێ‌جگە لە خۆیان خەڵکی دیکە هیچ‌ناخوێننەوەو پێی‌نازانن‌وبەسەریاندا ڕادەبڕێ .. ئەوەندەی من بۆی بچم ئەوەتەرزەکارانە دیاردەیەکن بە پێوانەی ناڕەوایی‌و بێ ئەمەکی‌بەرامبەر بە خاوەنی یەکەم دەبێورێن‌و ناڕەوایی‌یان پێوەدیارە .

هەر جارەی نووسێنێك

بیرنگی ڕاگوزاری

ئەمڕۆو دوێنێ

جاران ، وەزیفە ، بەتایبەتی وەزیفە گەورەکان خۆ زل کردن‌و منەت کردن بوو بەسەر خەڵکا ، ئەوەی تووشی وەزیفەیەکی گەورە ببوایە ، ئەبوایە فێری لووت بەرزیش ببوایە ، ئەمڕۆ ، وەزیفە ، بە تایبەتی گەورەش ،مەرجی سەرکەوتوویی تیایدا ئەبێ ساکاری‌و ڕووخۆشی بێ لەمامەلەدا لەگەڵ خەڵك، لەگەڵ بروا بوون بەوەی وەزیفەکەی مانای خزمەتی زیاترە بۆ خەڵك‌و لەناو خەڵکا نەك چوونە سەربانەو ،هەندێ هێشتا فێری ئەو نەبوون هەڵس‌و کەوت لەگەڵ ئەم راستی‌یەدا بکەن ،بەڵام ئەو گۆرانکاریە بەرەو پێش چوونەی لەژیانی خەڵکدا بەهوشیاری بەردەوامە کەفیلە بەوەی دڵسۆزان زوو زوو وریا بکاتەوە بەرامبەر کردنەوەی دەرگا داخراوەکان ئێمە ئیستا لە رۆژگاریکدا ئەژین ئەوانەی لەرەوتی بەرەو خزمەتی خەڵکدا بەشداری زوربەن بۆیە گەمو کورتیەکان لیرەو لەوێ ناتوانێ رەوتی پێشکەوتن بوەستێنێ بەڵکو گەمو کورتیەکان ئەکەون .

بەهرە

پێناسنامەی دوکتۆر دەربارەی یاسای ئیداری

قوتابی کوردی عیراقی بەدر عبدالحکیم ابراهیم لەسەرەتای مانگی رابووردوودا بەپلەی سەرکەوتوو پێناسی دکتورای دەربارەی یاسای ئیداری لەزانکوی قاهیرە وەرگرتو شارەزاکانی سەرپەرشتکاری بروا نامەکەی ئەم قوتابیە ڕێزیان لەتەقەلای زیرەکانەی‌نا بەرامبەر ئەو خۆهیلاك کردنەی گەیاندە ئەو سەرکەوتنە چاکە .

هەواڵێکی هونەری

تیپی نواندی گۆران هەر بەرۆژشنبیری جەماوەر لە هەڵەبجە خەریکی پێگەیاندنی شاکارێکی «مۆلیێر»ن بەناویشانی [ژن هێنان بەزۆر] .. ئەم شانۆگەریە هونەرمەند [بەختیار غەفور] ئەرکی دەرهێنانی گرتۆتە ئەسۆو بەم نزیکانە لەسەر شانۆی مەڵبەندی لاوانی هەڵەبجە پێشکەشی دەکرێ ..

لقی سلێمانی

هاوکاری
دەزگای رۆشنبیری‌و بلاوکردنەوەی کوردی
شەقامی الخلفاء
مەیدانی الخلانی
تەلەفۆن
٨٨٧٥٧٩٥
٥ خەت

چیرۆك بۆ منالان :

میرات‌و دوو کوڕەکە

جیهانی منالان

چیرۆکی : ل. تولستوی
وەرگێڕانی : عبدالغنی علي یحیی .

بازرگانێك دوو کوڕی هەبو ، کوڕی گەورەی لە کوڕە گچکەکەی خۆشتر دەویست ، بۆیە بڕیاری دا هەموو سامانەکەی بۆ بەجێ بهێڵێ دووای مردنی، دایکیان بەم بڕیارە زۆر دڵ تەنگ بوو چونکە کوڕی گچکەی لە میرات بێ بەش دەبێ . داوای لە مێردەکەی کرد بڕیارەکەی خۆی ئاشکرا نەکات‌و دووای بخات ، ژنە بیری لەوە دەکردەوە : چۆن هەر دوو منداڵەکەی یەکسانی بن ، مێردەکەی بە گوێی کردوو بڕیارەکەی خۆی ئاشکرا نەکرد .

ڕۆژێکیان ، دایکەکە لە نزیك پەنجەرەیێك دانیشتبوو و دەگریا ، کابرایەکی حاجی لە پەنجەرەکە نزیك بووەوەو لە هۆی گریانەکەی پرسی .

دایکە ووتی : چۆن نەگریم ،هەر دوو منداڵەکانم هیچ جیاوازیێك لە نیوانیادا نی‌یە، کەچی باوکیان دەیەوێ هەموو سامانەکەی بداتە یەکێکیان‌و ئەوەی تریان لێی بێ بەش بیت‌و بە هەژاری بمێنێتەوە داوام لێی کردووە بڕیارەکەی جارێك ئاشکرا نەکات تا ڕێگایێك دەدۆزمەوە بۆ کوڕە گچکەکەم ، بەڵام من هیچ سامانێکی تایبەتیم نی‌یە ، بۆیە نازانم چی بکەم‌و چۆن لەم گیروگرفتە ڕزگارم ببم .

ئینجا حاجی‌یەکە پێی ووت :ـ من دەتوانم یارمەتیت بدەم ، بە هەر دوو منداڵەکانت بڵێ میرات بۆ برای گەورەیە ، بچووکەکەش بە هەژاری دەمێنێتەوە ،ئینجا لە دواییدا ،هەر دووکیان وەك یەکتریان لێدێ .

کاتێ کوڕی گچکە زانی لە میرات بێ بەش دەبی رووی کردە ناوچەیێکی تر، بە خوێندن ڕۆژانی بەسەر بردو شارەزایی لە بازاڕو بازرگانیەت پەیدا کرد ، کوڕی گەورەش ، لە ماڵدا ژیاو هیچ شتێك فێر نەبوو، چونکە دەیزانی ڕۆژێك دێت دەوڵەمەند دەبی .

کاتی باوکیان مرد ،کوڕی گەورە نەیزانی چۆن کاروباری خۆی ڕاپەڕێنێ‌و هەموو پارەکەی خەرج کرد کەچی کوڕی گچکە زۆر دەوڵەمەند بوو .

☆ ☆ ☆

ده‌زگای رۆشنبیری و بڵاوکردنه‌وه‌ی کوردی
سه‌ره‌کی نه‌نجومه‌نی کارگێری و سه‌رنووسه‌ر
مصلح مصطفی جه‌لالی

ساڵی ١٩٧٠ دامه‌زراوه

هاوکاری
التضامن

رۆژنامه‌یه‌کی هه‌فتانه‌یه

له‌م ژماره‌یه‌دا
له‌یادی نوێ کردنه‌وه‌ی باوه‌ڕو به‌ڵێن : به‌ڵێ صدام حسین سه‌رکرده‌و رابه‌ری گه‌له‌ ل٨ ..

پێنج شه‌ممه ١٩٨٤/١١/١٥ ژماره ٧٦٢ | ٨ لاپه‌ڕه | به ٥٠ فلسه | الخميس ١٩٨٤/١١/١٥ العدد ٧٦٢

دوێنێ وێه‌ی مرۆڤ و له‌ته‌ته‌ایه‌.. گه‌ل باوه‌ڕی ته‌واوی خۆی نوێ ده‌کاته‌وه

به‌ڵێ صدام حسین رابه‌ر و سه‌رکرده‌مانه

ئه‌ی صدام له گه‌ڵتدا ئێن له سه‌ر ڕێگای ئازادی و خێر و پێشکه‌وتن

صدام حسین خۆشه‌ویستی گشت و سه‌رکرده‌ی هه‌مووانه

دوێنی گشت گه‌لی عیراق له هه‌موو شارو گوندێکی ولاتدا به‌بۆنه‌ی یادی دووه‌م ساڵه‌ی باوه‌ڕدانی جه‌ماوه‌ری گه‌ل به سه‌رکرده‌و رابه‌ری سه‌رکه‌وتن صدام حسین ئاهه‌نگی گێراو ئه‌م بۆنه‌یه‌ش هه‌ڵێکی نوێ بوو بۆ دووپات کردنه‌وه‌ی هه‌مان باوه‌ڕو خۆشه‌ویستی و ئه‌و پێوه‌ری دڵسۆزی و وه‌فاداری به ره‌مزی عیراقی گه‌وره صدام حسین .

به‌م بۆنه‌یه‌وه هه‌موو گه‌ل و ڕێکخراوه جه‌ماوه‌ری و حزبیه‌کان و ڕێکخراوه پیشه‌ییه‌کان له به‌غداد ی پایته‌خت و له هه‌موو پارێزگاکانی تری ولاتدا میهره‌جانی گه‌وره‌و نومایشی جه‌ماوه‌ری و ئاهه‌نگیان سازکردو له‌م بۆنه پیرۆزه‌دا سه‌ر له‌نوێ گه‌ل باوه‌ڕو خۆشه‌ویستی و وه‌فای بۆ سه‌رکرده‌ی ره‌مزی سه‌ربه‌رزی و سه‌رکه‌وتن صدام حسین نوێ کرده‌وه که له‌گه‌ڵیا ده‌بێ و شمشێری ده‌ستی ده‌بێ بۆ لێدانی دوژمنانی سه‌ربه‌رزی و سه‌ربه‌ستی عیراق و ره‌وتی عیراقی سه‌رفراز به‌رابه‌ری صدام حسین هه‌ر به‌ره‌و لوتکه‌ی سه‌رکه‌وتنی زیاتر ده‌روات .

ده‌ست وه‌شاندنی مه‌ردانه له بنکه‌و مۆڵگاکانی دوژمن

ڕۆڵه‌کانی عیراقی ئازاو دلێر به‌رده‌وامن له به‌ره‌نگاربوونه‌وه‌ی دوژمنی ئێرانی چاوچنۆک و هه‌موو ڕۆژی سه‌رکه‌وتنی گه‌وره‌تر له هه‌موو به‌ره‌کانی جه‌نگدا به‌دی ده‌هێنن .

به‌یاننامه‌کانی سه‌رکردایه‌تی گشتی هێزی چه‌کدار له ماوه‌ی ئه‌م هه‌فته‌یه‌دا ئه‌وه‌یان دووپات کرده‌وه که هه‌موو که‌رته ئازاکانی سوپامان مه‌ردانه ده‌ستی توند له بنکه‌و مۆڵگاکانی دوژمن ده‌وه‌شێنن .

ئه‌م هه‌فته‌یه هه‌ڵو به توانا ئاسمانیه‌کانمان چه‌ندان لێدانی توندو جه‌رگ بڕیان ئاراسته‌ی سه‌ر سه‌ری دوژمن کرده‌و زیانی سه‌رومالی زۆری به بنکه‌و هێزه‌کانی دوژمن گه‌یانده‌و له ڕۆژێکی ئه‌م ده‌ست وه‌شاندنانه‌دا به‌ته‌نیا ١٠٣ هه‌ڵمه‌تی سه‌رکه‌وتوویان برده سه‌ر بنکه‌و مۆڵگاکانی دوژمن له که‌رتی به‌رامبه‌ر فه‌یله‌قی دووی پاله‌وان و زیانی زۆریان به دوژمن گه‌یاندو هه‌موو ئه‌و هه‌ڵو له توانایانه‌ی له‌م هه‌ڵمه‌تانه‌دا به‌شداریان کرد به‌سه‌لامه‌تی گه‌رانه‌و بنکه‌کانی خۆیان سوپاس بۆ خوای مه‌زن .

هه‌روه‌ها له‌م هه‌فته‌یه‌دا فرۆکه هلیوکوپته‌ره ئازاکانمان ده‌وری مه‌ردانه‌یان گێرا له ویران کردنی سه‌نگه‌رو بنکه‌کانی دوژمن و زیانی سه‌رومالی زۆری پێگه‌یاندن .

بنکه تۆپه‌کانمان به‌رده‌وام بوون له تۆپ باران کردنی هێزه‌کانی دوژمن و زیانی زۆری له سه‌نگه‌رو مۆڵگاکانی دوژمن داوه‌و ترس و له‌رزی خستۆته دڵیان .

ئه‌مه بێجگه له‌وه‌ی ده‌وریه ئازاکانمان چه‌ندان هه‌ڵمه‌تی سه‌رکه‌وتوویان

بڕوانه ل ٧

به‌کورتی

مه‌درید :
سه‌ره‌کی چین ل‌شیان به سه‌ردانێکی ره‌سمی چووه بۆ ئه‌سپانیاو له‌گه‌ل کاربه‌ده‌ستانی ئه‌وێ گفتوگو ده‌رباره‌ی په‌یوه‌ندی دوو قوڵی و کاروباری ده‌وله‌تان ده‌کا .

ئه‌سته‌مبول :
له‌وێ کوبوونه‌وه‌کانی لیژنه‌ی شاره‌زایی ئاماده‌کردنی به‌رنامه‌ی کاری لیژنه‌ی هه‌میشه‌یی هاوکاری ئابوری و بازرگانی ڕێکخراوی کونگره‌ی ئیسلامی ده‌ستی پی‌کرده‌وه .

عه‌مان :
له ٢٣ی ئه‌م مانگه‌دا وه‌فدێکی بازرگانی میسری سه‌ر له ئه‌ردن ده‌دات بۆ باسکردنی ڕێگای په‌ره‌پێدانی هاوکاری نێوان هه‌ردوو ولاتیان .

جده :
ئه‌مبنداری گشتی جامعه‌ی عه‌ره‌بی له سعودیه‌وه گه‌رایه‌وه بۆ تونس دوای سه‌ردانێکی کورتی له‌وێ و گفتوگوکردنی له‌گه‌ل مه‌لیك فه‌هدی کوری عبدالعزیز .

دۆحه :
ولاتی قه‌ته‌رو نیوزلانده بڕیاریان داوه په‌یوه‌ندی دبلوماسی له نێوانیاندا له پله‌ی بالۆیزدا دابمه‌زرێنن .

زایۆنیه‌کان به‌رده‌وامن له هێشتیوانی ڕژێمی ئێران

عه‌مان : ئادع :ڕۆژنامه‌ی (الدستور)ی ئه‌رده‌نی ڕاپۆرتێکی بڵاوکرده‌وه ئه‌وه دووپات ده‌کاته‌وه که له سه‌ره‌تای به‌رپابوونی شه‌ڕی عیراق و ئێرانه‌وه قه‌واره‌ی زایۆنی بێ چه‌ن و چوون پشتی ئێرانی گرتووه .

ئه‌م ڕاپۆرته که دکتۆر عبدالقادر یاسین نووسیویه‌تی که قه‌واره‌ی زایۆنی ستراتیژی به‌ته‌کی هه‌یه‌ده‌ڵێ ئه‌م هه‌ڵوێسته‌ی ڕوون و ئاشکرا هه‌رکاتێ قه‌واره‌ی زایۆنی دووشت بیه‌وێ خێرا به‌کاری دێنێ ده‌گه‌به‌نێ یه‌که‌میان ئه‌وه‌یه به‌و شێوه‌ی بیه‌وێ و به‌رژه‌وه‌ندی پێویست بێ بجووڵێته‌وه ، دوومیشیان ئه‌وه‌یه قه‌واره‌ی زایۆنی گوێ ناداته ئه‌و هه‌راو هوریا گه‌رمه درۆینه‌ی که ئێران دژی (ئیسرائیل) ده‌ری ده‌خا .

ڕاپۆرته‌که وتی ئامانجی زایۆنی ئاشکرایه که بڕێتی‌یه

بڕوانه ل ٧

مانگرتنێکی فراوان دژی زایۆنی‌یه‌کان له خوارووی لوبنانداا

بێرووت : ئاژانسه‌کان :دووشه‌مه‌ی ڕابوردوو مانگرتنێکی فراوان خوارووی لوبنانی گرته‌وه دژی کرده‌وه‌کانی زایۆنیزم و به‌رنه‌دانی چه‌ند لوبنانی‌یه‌ك که هێزه زایۆنی یه‌کان پێنج شه‌مه‌ی پێشوو گرتبوونی و له هه‌مان کاتیشدا به‌رهه‌ڵستیکارانی لوبنان چه‌ند هه‌ڵمه‌تێکی سه‌رکه‌وتووانه‌یان برده‌سه‌ر هێزه زایۆنی‌یه‌کان .

له شاری سه‌یدادا بۆ خۆپیشاندان ڕژانه دووکان و کۆگاو قوتابخانه‌شه‌قامه‌کانه‌وه .

کان داخران خه‌لکی

بڕوانه ل ٧

چێرنینکۆ داوای پێوه‌ندی‌یه‌کی هاوسه‌نگ له‌گه‌ڵ ئه‌مه‌ریکا ده‌کا

مۆسکۆ : سه‌ره‌کی سۆڤیه‌ت کوسته‌نتین چێرنینکۆ داوای دامه‌زراندنی پێوه‌ندی‌یه‌کی هاوسه‌نگ یا باشی‌کرد له‌گه‌ڵ ولاته به‌کۆتره‌کانی ئه‌مه‌ریکادا .

سه‌ره‌ك چێرنینکو له وتارێکدا که ڕۆژنامه‌ی پراڤدا بڵاوی‌کرده‌وه وتی حکومه‌ته‌که‌ی هه‌وڵی ئه‌وه‌دا بکه‌وێته گفتوگۆ له‌گه‌ڵ ولاته به‌کۆتره‌کاندا له زۆر لاوه‌و به شێوه‌یه‌کی سه‌ره‌کی له باره‌ی ڕاگرتنی پێش‌برکێی چه‌کداربوونه‌وه.

سه‌ره‌کی سۆڤیه‌تی سه‌رسووڕمانی خۆی ده‌ربڕی به‌رامبه‌ر به‌و قسانه‌ی که ناکۆکی وبستان ده‌بکه‌ن‌و ده‌ڵێن به‌رده‌وامی ناکۆکی‌و هه‌میشه ئاگا له خۆبوونی هه‌ردوولا پاشه‌ڕۆژ دابین ده‌کا .

بڕوانه ل ٧

کوشتنی ٤٧ پاسداری خومه‌ینی له کوردستانی ئێران

له‌و شه‌ڕانه‌دا که له ئێران‌و پاسدارانی خومه‌ینی و به‌رهه‌ڵستکاراندا له‌ناوچه‌ی کوردستانی ئێران ڕووی داوه نزیکه‌ی ٤٧ پاسدار کوژراون .

به‌یاننامه‌یه‌ك که ڕێکخراوی موجاهیدی خه‌ڵك له پاریس بڵاوی کرده‌وه ڕای گه‌یاند که زوربه‌ی ئه‌و شه‌ڕانه له‌ناوچه‌کانی بانه‌و سه‌رده‌شت ڕوویان داوه .

ده‌ست پێشخه‌ری‌یه‌کی تازه بۆ کۆتایی هێنان به ناکۆکی ناو ڕێکخراوه فه‌له‌ستینی‌یه‌کان

عه‌مان : ئاژانسه‌کان : وابڵاوکرایه‌وه له عه‌مماندا که ده‌ست‌پێشخه‌ری‌یه‌کی تازه‌پیشان دراوه بۆ چاره‌سه‌رکردنی ئه‌وناکۆکی‌یه‌ی که له ناو ڕێکخراوه فه‌له‌سینی‌یه‌کاناهه‌یه و بۆ ئه‌وه‌ی ده‌زگا شه‌رعی‌یه فه‌له‌ستینی‌یه‌کان بکه‌ونه‌وه‌ی جمووجووڵ .

ئه‌م ده‌ست‌پێشخه‌ری‌یه له بانگه‌وازێکدا ده‌رکه‌وت که هه‌ندێ له ئه‌ندامانی ئه‌نجومه‌نی فه‌له‌ستینی له ئه‌رده‌ندا که ئیبراهیم به‌کری سه‌ره‌کی لیژنه‌ی ڕێکه‌وتنی فه‌له‌ستینی یه‌کێتیانه بڵاویان کرده‌وه .

ئاژانسی ده‌نگوباسی قه‌ته‌ر وتی هه‌ندێ له سه‌رکرده‌کانی ڕێکخراوه فه‌له‌ستینی‌یه‌کان ڕازی‌بوونی خۆیانیان به ئیبراهیم به‌کر گه‌یانده‌وه له‌سه‌ر بانگه‌وازه‌که‌و یاسر عرفات‌یش بۆی ڕازی بوو به‌و مه‌رجه‌ی خێرا نه‌خشه‌یه‌ك بۆ ئیش‌وکاری ده‌زگا فه‌له‌ستینی‌یه‌کان دابنرێ .

کورته‌ی ده‌ست‌پێشخه‌ری‌یه‌که ئه‌وه‌یه که لیژنه‌ی ڕاپه‌ڕاندنی فه‌له‌ستینی کۆبوونه‌وه‌یه‌کی خێرا بکاو داوای به‌ستنی ئه‌نجومه‌نی ناوندی فه‌له‌ستینی بکاو ئه‌رکه‌که‌ی ئه‌وه بێ که هه‌موو ڕێکخراوه‌کانی به‌گری به شێوه‌یه‌کی فراوان بکه‌ونه گفتوگۆ له‌ماوه‌ی دوو مانگداو پاش ئه‌مه به دووهه‌فته ئه‌نجومه‌نی ئیشتمانی فه‌له‌ستینی کۆببێته‌وه .

له هه‌مان کاتدا ئه‌قابه‌ی پزیشك‌و ده‌رمانه‌وانه

بڕوانه ل ٧

ته‌قینه‌وه‌یه‌کی گه‌وره له ئه‌سفه‌هاندا

تاران : ئا.د.ع ئێستگه‌ی ڕادیۆی ئه‌سفه‌هان بڵاوی کرده‌وه که‌وا لای که‌می ده‌که‌س به شێوه‌یه‌کی خراپ بریندار بوون له‌و ته‌قینه‌وه‌یه‌دا که شه‌وی دووشه‌مه‌ی ڕابوردوو له‌م شاره‌دا ڕوویداو بوو به‌هۆی ئاگر به‌ربوونه چه‌ند خانوویه‌ك‌و زیانێکی زۆر .

ئێستگه‌که باسی هۆی ته‌قینه‌وه‌که‌ی نه‌کرد به‌ڵام وا دیاره ئاراسته‌ی ده‌زگاکانی ڕژێمی خومه‌ینی کرابوو له شاری ئه‌سفه‌هاندا .

وتـه‌ی هاوکاری

بیره‌وه‌ری دووه‌می نوێ کردنه‌وه‌ی باوه‌ڕ به سه‌رکرده

١٤ی تشرینی دووه‌می ١٩٨٢ ڕۆژێکه هه‌ر به‌نه‌مری و پیرۆز له‌میژووی عیراقی هاوچه‌رخدا ده‌مێنته‌وه ، له به‌ره به‌یانی ئه‌و ڕۆژه‌دا جه‌ماوه‌ری گه‌له‌که‌مان هه‌ستاو به هه‌موو جیهانی ڕاگه‌یاند که باوه‌ری ته‌واو پته‌وو هه‌رگیز نه‌له‌قاوی به به‌رێز سه‌ره‌کی فه‌رمانده صدام حسین هه‌یه وه‌ك سه‌رکرده‌و رابه‌ری ره‌وتی سه‌رکه‌وتووی‌و ملیۆنه‌ها ده‌نگیان بلند کرد ... به‌ڵێ .. به‌ڵێ سه‌ره‌ك صدام حسین سه‌رکرده‌و رابه‌ره‌و هه‌موو عیراقیه‌کان شمشێرن به‌قه‌دی صدام حسین‌ه‌وه .

دوێنی یادی دووه‌م ساڵه‌ی نوێ کردنه‌وه‌ی باوه‌ی جه‌ماوه‌ر به سه‌رکرده گرایه‌وه ، به‌م بۆنه پیرۆزه‌وه دیسان سه‌رجه‌می گه‌ل عیراق له چیا سه‌ر بلنده‌کانی ناوچه‌ی کوردستانه‌وه تا پی‌ده‌شتی ناوه‌راست‌و تا خوارووی عیراق شانازی‌و سه‌ربه‌رزی به‌سه‌رکرده‌ی هه‌ڵکه‌وتوو صدام حسین نوێ کرده‌وه له‌گه‌ڵ به‌ڵێن‌دانی ته‌واو بۆ گۆبوونه‌وه‌ی زیاتر له‌ده‌وری سه‌رکرده‌یه‌تی مه‌زنی ئه‌و تا ره‌وتی سه‌رفرازمان به‌رده‌وام له به‌خشش‌و بیناکاری‌و سه‌رکه‌وتنی زیاتردا بێ

عیراق له سایه‌ی صدام حسین‌دا بۆته تیشکی ڕووناکی سه‌ربه‌ستی‌و سه‌ربه‌زری‌و داهێنان‌و به‌خشش ، بۆیه قینی ره‌شی دوژمنانی به‌هه‌موو ڕێگایه‌کی ناره‌وا ده‌یانه‌وێ به‌ربه‌ستی ئه‌و ره‌وته سه‌رکه‌وتووه بکه‌ن که هه‌میشه به‌ره‌و لوتکه‌ی سه‌ربه‌رزی‌و سه‌رفرازی ده‌چێ ، به‌ڵام گه‌ل عیراق به‌تواناو باوه‌ری هه‌ڵکه‌وتوو پاله‌وانانه‌ی ڕاپه‌ڕو ڕۆله

بڕوانه ل ٧

Institut Kurde de Paris

لە یادی باوەڕدانی تەواو بەسەرکردایەتی‌ڕەمزی عیراقی سەرکەوتوو صدام حسین‌دا

شارەکانی ناوچەی کوردستان بەڵێنی وەفاداری نوێ دەکاتەوە

- میهرەجانی جەماوەری گەورە لە هەمووشوێنێ
- دەربڕینی شانازی بێسنوور بەرابەرایەتی سەرکردەی گەل صدام‌حسین
- نوێکردنەوەی بەڵێن بۆ پاراستنی ڕەوتی سەرکەوتوومان

جەماوەری گەلـــــەمەزنەکەمان دوێنی شایی‌و ئاهەنگی گیرا بەبۆنەی یادی‌دووەمی نوێ کردنەوەی باوەڕ بە سەرکردایەتی‌سەرەکی فەرمانده صدام حسین .

بەم بۆنەیەوە شارەکانی ناوچەی کوردستان کە لەسایەی دەستکەوتە مەزنەکانی شۆڕشـــدا لەوپەری شادی‌و بەختەوەریدا دەژین ئاهەنگیان گیراو بەڵینی وەفاداریان بۆ سەرکردەی ڕەوتی سەرکەوتوومان صدام حسین نوێ کردەوە کە گەلی کوردمان لەپشت سەرکردایەتی مەزنیەوە بەرگری کاری بەوەفابێ لە یەکیتی خاکی نیشتمان‌و دەستکەوتە مەزنەکانی سەرکردایەتی حزب‌و شۆڕش .

لە پارێزگای هەولێری مەڵبەندی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان دەستەی **ڕاوبژکاری** ڕاگەیاندن بەرنامەیەکی فراوانی داناو لەدوێنی‌وە دەست کرا بە ئاهەنگ گیران‌و نومایشی جەماوەری‌و لەم بۆنە پیرۆزەدا چەندان چالاکی جەماوەری‌و ڕۆشنبیری‌و هونەری سازکرا کە لەهەموویانـدا سەرجەمی جەماوەر بەڵێنی وەفاداری‌و خۆشەویستی بۆ سەرکردەی گەلی عیراق صدام حسین نوێ کردەوە‌و بەڵینی نوێ کردەوە کە بەهەموو توانایەکەوە بەرگری لەسەربەرزی عیراق‌و ڕەوتی سەرکەوتووی شۆڕشی ١٧-٣٠ تەموزی نەمر بکەن کە سەرکردەی گەل صدام حسین نەخشەکیش‌و ڕابەرێنەرو ڕابەری ڕەوتی سەرکەوتوویەتی .

هەروەها هەمان جۆر لە پارێزگای سلێمانی‌و دهۆک‌و قەزاو ناحیەکانی تری ناوچەی کوردستان ئاهەنگ گێڕراو بەڵینی خۆشەویستی و وەفاداری بۆ ڕەمزی سەربەرزی عیراق صدام حسین نوێ کرایەوە .

لە دووەم بیرەوەری تازەکردنەوەی بڕوانامەی بە بەرێز سەرەکی فەرمانده صدام حسین

جەماوەری سلێمانی هێشتیوانی و باوەڕی بێ سنووری بۆ سەرکردەی ڕەوت دووپات دەکاتەوە

شاری سلێمانی بە بۆنەی‌دووەم بیرەوەری تازەکردنەوەی بڕوا پێدان بە بەرێز سەرەکی فەرمانده صدام حسین خۆپیشاندانێکی گەورەی کرد . بەرێز جعفر عبدالکریم بەرزنجی پارێزگاری سلێمانی ووتی : ڕێکخراوی شارەزایی ڕاگەیاندن بەم‌بۆنە مێژوویەوە بەرنامەیێکی پوختەی ئامادەکرد . خۆپیشاندانێکی جەماوەری گەورە کە هەموو بەشەکانی کۆمەڵ تێیدا بەشداریان کردبوو ، وێنەیێکی گەورەی‌سەرەکی فەرمانده‌و چەند ئالایەکی عێراق لە بەری‌پێشەوە بوون ، هەروەهاچەند کۆڕێك لە پێشرەوان‌و لاوان‌و چەند کۆمەڵێك لە ڕێکخراوە جەماوەری‌و پیشەیی‌و دەزگا ڕەسمیەکان بەشداریان کرد .

هەروەها پیشانگایێکی تایبەتی بۆ پەخشنامەی سەر دیوار بۆ ووتەکانی بەرێز سەرەکی فەرمانده‌و پیشانگایەکی وێنەی فۆتۆگرافی دەربارەی سەردانەکانی سەرەکی فەرمانده لە ڕۆلەکانی گەلە مەزنەکەمان بۆ چاوپێکەوتنی‌و زانینی گوزەرانیان‌و باری کۆمەڵایەتیان کرایەوە .

هەروەها ئاهەنگێکی گەورە سازکراو ڕازاندنەوەو وێنەی سەرەکی فەرمانده‌و دروشمی دەربڕین لە کۆبوونەوەی ڕۆلەکانی گەلی کوردمان لە سەرکردایەتی مەزنی سەرەکی فەرمانده بەرزکرایەوە .

هەروەها مەیدانە کشتیەکانی سەرپاکی پارێزگاکە جەماوەری تێدا کۆدەبوونەوە بە گۆرانی‌و هەڵپەڕکێی کوردیەوە . گورانی خۆشەویستی وەفایان بۆ سەرەکی فەرمانده دەوت بەرێز پارێزگار وولی ژیانی سەرەکی فەرمانده صدام حسین لەکەل ڕۆلەکانی گەلەمان لە ویژدانی گەلەکەمانـدا نرخێکی نوێی خولقاندن‌و بەکێتی گەلەکەمانی قوولتر کردەوەو بوە قەڵغانێکی پۆڵایین کە تیرەکانی دوژمنان نایبڕێت .

گەلی کوردمان لە ناوچەی کوردستان بەشێوەیێکی تایبەتی بەرێز سەرەکی فەرمانده صدام حسین‌یان خۆش دەوێ ، بەو پەیەنی فەرماندەی گەلەکەمانەو بۆ کەل ژیانێکی سەربەستی هێنادی بەتایبەتی ناوچەی کوردستان کە بایەخێکی تایبەتی پێداوە .

بەرێز پارێزگار کۆتایی بە قسەکەی هێنا بەوەی پەیمانی تازەکردەوە بە ناوی جەماوەری پارێزگاکەوە بۆ پێشکەشکردنی پتر بەخشش‌و قوربانی‌دان تا ڕادەی شەهیدبوون بۆ بەرگری‌کردن لە خاکی عێراقی ئازیزو کاروانی سەرکەوتووی شۆڕش‌و دەسکەوتەکانی‌و دووپاتی کردەوە کە جەماوەری گەلی کورد بەتەواوەتی ئامادەیە بۆ هەچ ئەرکێکی جەنگ کە پێی دەسپێردرێ تا دەسەڵاتدارانی قم‌و ئاران پتر تەمێ بکەن‌و بەرپەچی دەسدرێژکەرانی چاوچنۆك بدەنەوەو خاکی پیرۆزی عیراق بپارێزی .

هاڤلی یا قوماندارێ و مللەتی

● مختار فائق ●

تشتەکێ ڕوهن‌و ئاشکەرایە ئەو هاڤلی پەیوەندی‌یا مکوما لنافابەرا کوڕێت مللەتێ عیراقی بێ پالەوان‌و سەرۆکێ مەیێ قارەمان صدام حسین .. ئو ئەفەژی دهێتە دەست نیشان‌کرن لوان سەرەدانێت بەردەوامێت سەرۆکێ قوماندار پێ ڕادبیت بۆ ماڵ‌و خێزانێت مللەتێ عیراقی یێ پالەوان داکو بەردەوام وێ هاژ کوڕێت مللەتی هەبیت‌و ئەو بارو زروفێت مللەت تێدا دژیت ..

دگەل هەمی‌یا دناخفیت .. زارۆیان دئینتە بەر سینگێ خۆ و بوان‌فە ماچی دکەت . سوحبەتێ دگەل پیرو کالان دکەت . بەرێ خۆ دکەتە کارێ پالەی .. جۆتیاری . ڕێنجبەری .. قوتابی .. دچیتە دصفا قوتابخانێدا .. بەرێ خۆ دکەتێ چەوا دەرس دهێنە کۆتن .. چەوا قوتابی دەرسێ تێدگەهیت ئان نەء ..

دچیتە دناف کارگەهو فابریقادا .. بزانیت کا بارێ پیشەسازی چەوایەو بەرهەم چەندەو چەوایە ..

دا بزانیت پالە چەوا دژیت .. جوتیار چەوا دژیت مافێت خو یێت ڕەوا بکار دئینیت ئان نەء ؟ .

براستی ئەف پەیوەندی‌یا سەرۆکی‌و کوڕێت مللەتی نموونێ ژیانەکا دیمقراتی‌و هەڤپشکی‌یە .. مللەت چو جارا ڕوژا سێزدەی فێ هەیفێ لسالا ١٩٨٢ ژبیر ناکەت .. دەما مللەت هەمی بکورد‌و عەرەب‌و هەمی کەمایەتی‌یێت خۆفە وێ سپێدێ لهەمی وەلاتی هەمی دەرکەتن‌و پشتگیری‌یا خۆ دباردکرن بۆ سەرۆکێ قوماندار صدام حسین .. ئێکەتی‌و پشتگیری‌یا ڤی مللەتێ مەزن بۆ قوماندارى خۆ .. بۆ خەمخۆرێ خۆ .. مللەت هەمی دەرکەت داکو پەیڤا خۆ بێژیت .. داکو ڕوهن‌و ئاشکەرا بکەت‌و دەنگێ خۆ بەرزو بلند بکەت بۆ هەمی جیهانێ کو ئەفەیە مللەتێ سەرۆك صدام حسێنی ئەفەیە مللەتێ خۆکوری‌کرنێ‌و قوربانی‌دانێ .. ئەفەیە ئەو مللەتێ بۆ دەمێ پتر ژچار ساڵانە یێ شەری دکەت‌و بەرەفانیا ئاخا پیرۆزا وەلاتێ خۆ دکەت . ژلایەکی ڤەو ژلایەکێ دیڤە ئەڤ مللەتە هەرێ خەرتی ئافاکرنێیەو پەرەپێدانێیەو پێش‌کەفتنێیە .. ئەفەیە نموونێ درستێ مللەتی‌و ئەفەیە نموونێ درستێ قوماندارى ..

مللەتێت ئیرانێ ژی یێت کو مبتەلا بۆیین بڤێ دەستەکا نەزان ژدەستەکا خومەینی‌و دیڤەلانکێت وی .. مللەتێت ئیرانی یێ ژیانەکا گەلەك نەخۆش‌و تەحل‌و دژوار دژین .. زولم‌و زۆردایەکا گەلەك مەزنا لوان دهێتە کرن .. ڕۆژ نینە بدەهان بەلکو بسەدان ژ کوڕێت مللەتێت ئیرانی نەهێنە حوکم کرن‌و نەهێنە خەندقانەکرن‌و سێدارەدان ..

خومەینی‌و دەستەکا مەلایێت وی یێت نەفام‌و نەزان .. یێت خۆ ڕوکاندین‌و وێ لسەرێ خۆ سویار بژین‌و دبەردەوامن لسەر شەڕی .. و خومەینی مزگەفتەکا بەرەخ ماڵا خۆیە ئافاکری داکو یا نێزیکی وی بیت‌و زوی بکەهینێ‌و گەلەك بڕێکێ نەچیت وکوڕێت مللەتێت ئیرانی

بروانە ل ٧

ئیرادە لە ناوەوە

■ فؤاد حسین ■

بێگومان ماوەی جەنگ کە پێی ناوەتە پێنج ساڵەوە گەلێ لایەنی دەروونی‌ی « خومەینی » مان بۆ ئاشکرا کردووە .. ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە ئەم کابرایە هەر لە بنچینەدا پیاوێکی ناڕاستەقینەو لەسەر ڕقاوکینەو دڕندایەتی‌و نا مرۆڤایەتی‌و بەشێری نارەسەن‌و کردەوەی ناپەسەند پەروەردەکراوە .. بەڵام ماوەو دەسەڵاتی ئەوەی نەبووە تا ئێستا کە بتوانێت شتە شاراوەکانی ناخی دەروونی دەربکات‌و تینویەتیی خۆی بشکێنێت‌و ئارام‌بگرێت .. کە گەیشتەسەر تەختی حوکم‌و دەسەڵاتی بەدەستەوەگرت لە سێ مانگی سەرەتایی‌دا بۆردمانی شارو دێهاتەکانی کوردستانی کرد ، بە سەدەها لە منداڵ‌و ئافرەت‌و پیاوی پیرو جوانی کورد لە ژێر خانووی ڕووخاودا گیانی ئازیزیان سپارد ئەمە هێشتا کوردەکانی ئێران نقیان لە دەم دەرنەچووەو داوای هیچیان نەکردبوو ..

کە شەڕەکەشی بە ناحەق بەسەر عیراقدا سەپاند .. بەرە بەرە پیاوە نارەسەنەکانی خۆی دەسپاردو بە هەزارەها هەزار لە منداڵی بچوك کە تەمەنیان لە پانزە ساڵ تێپەر ناکات ، لە قوتابخانەکان یەکسەر بەرەو بەرەی جەنگ‌و بە بێ ئاگاداری کەس‌و کاریانە ڕەوانەیان دەکرد .. ئەم مەسئەلەیە لە سەرانسەری جیهاندا دەنگی‌دایەوە .. گشت ئەو ڕێکخراو و کۆمەڵیانەی کە گرنگی بە منداڵ دەدەن‌و بەرپرسیاری مافی مرۆڤن پسپۆری ئەم جۆرە بابەتانەن دەنگی نارەزایی خۆیان بەرزکردەوەو داوایان لە ڕژێمی خومەینی‌ڕێژ کردوو هەواز لەم کردەوە نامرۆڤایەتیە بهێنێت‌و ئەم جۆرە ئاکارانە دژی مافی مرۆڤن ..

ئەو ڕاپۆرتەی کە لە کۆنگرەی پێنجەمی جیهانی پێشکەش‌کرا بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر مامەڵەکردنی خراپ‌و زەرەرگەیاندن بە منداڵان لە لایەن ڕژێمی تارانەوە کۆنگرەکە لە ساڵی ڕابوردوو لە کندا سازدرا ...

ئەنجامی کۆنگرەکە ئەوە بوو لە « ٩٠٪ » لە منداڵانی ئێران کە تەمەنیان دەکەوێتە نێوان « ١٠ - ١٤ » ساڵاندا لە جەنگدا کوژراون یان بریندارن یان بەدیل‌کراون .. لە جەنگی نێوان عیراق‌و ئێران‌دا ...

لەبەر ئەم هۆیانە خێزانەکانی ئێران ئامادەی ئەوەن واز لە ماڵ‌و پارەو سامان‌و هەموو شت بهێنن بەرانبەر بەوەی منداڵەکانیان لەم جۆرە گێچەڵ‌و چەرمەسەریە دووربن‌و بپارێزرێن .. هەزارەها دولار دەدەن بەوانەی قاچاخچێتی دەکەن منداڵەکانیان لە ئێران دووربخەنەوە .. تا ئێستا ژمارەی ئەو منداڵانەی کە لە ئێران دەرچوون‌و لە ڕژێمی تاوانبار ڕزگاریان بووە لە « ٨٠ » هەزار منداڵ تێپەر کردووە ، تەمەنیان دەکەوێتە نێوان « ١٠ - ١٦ » ساڵ ... جادوباز خومەینی هەرگیز ڕەحمی بەم بەسەزمان‌و نەوجەوانانە نایەت .. چونکە کابرایەکی خوانەناسەو دەروونی پڕە لە ڕقاو کینەو بەم شێوەیە لەسەر ئەم ئاکارە پەروەردە کراوە ...

لە یادی لەدایکبوونی ئا.د.ع دا

لقی لەندەن و .. دەنگ و باسی کوردستان

ڕۆژنامەنووس‌و پیاوانی‌ڕاگەیاندیش ، وەك هەمووان ،جەژنی تایبەتی خۆیان هەیەو تیایدا یەکتری ماچ ئەکەن‌و لەو ڕۆژە پیرۆزەدا یادی‌بیرەوەری‌و یادگاری خۆشەویستی خۆیان‌دەکەنەوە بەرامبەر بە خزمەتی ووشەی ڕوونـاك‌و شەونخونی پیشەکەیان کە بەرامبەری هەست بە هەموومانایەکی بەختەوەری دەکەن.

ئەمجاره ، ڕۆژی دەنگوباسی عیراقی کەوتە ڕۆژی هەینیەوە ، لە هەولێریش ئەم یادە کرایەوە، بەڵام بەبێ دەنگی‌و هێمنی.. ئەوەبو سەر لەبەیانی ٩-١١ لەگەل خێزانی ئەم دەزگایە بەخۆشەویستی یادەکەمان کردەوە . کە چووینە ژوورەوە ، کاك ضیاء لە پێشوازی دابوو ، کە ئەوە ماوەی پێنج ساڵە لەم دەزگەیەدا کار دەکات ،هەموو گیانی ئیش‌کردنە ، بەڵام وەك خۆی دەڵێ ، وا دەزانم هەموو عومری خۆم لەگەل ئەو پیشەیەدا ژیاوم‌و ناتوانم لێی جیابمەوە ... هەروەها دەڵێ .. جاران نووسینگەی ئاژانسی دەنگوباس لەهەولێر ، بریتی‌بو لە ژوورێکی بچووك ،کەچی ئەمڕۆ بنیایەکی ئێستك سووك کە گەلێك بەشی نوێی تێدایە ... لەوانەش: وێنە بەرادیۆ «کە لە عیراقدا بێجگە لەبەغدا تەنیا لە هەولێر هەیە»، بەشی ئەرشیف ، بەشی بروانامە، جگە لە تەلەفۆنی یەکسەر کە بەندە بە ئاژانسی دەنگوباسی عیراقی ... هەروەها کاك ضیاء لە نێوان قسەکاندا ، باسی عەشقی پیشەی ئاژانسی ڕۆژنامەنووسی کرد کە بریتی‌یە لە بەدوا داهوونی بەردەوام‌و گەڕان‌و هەلاکی بۆ دەسگیربوونی تازەترین هەواڵ‌و گەیاندنی بەو شێوەیە کە کاری ڕۆژنامەنووسی دەیخوازێ .. لە بەشە زیندووەکانی ئەم ئاژانسە لەهەولێر «وێنە بەرادیۆ»یە کە بە نموونەیەکی پێشکەوتوو دائەنرێ لە دنیای ڕاگەیاندنداو پاشان گەلێك هەواڵمان هەیە کە بە «مبرقە» دەیدەینە ئەغداو

بروانە ل ٧

شێرزاد عبدالرحمن

مەشقی جەنگاوەرانی لەردوو قادسیە لە

ناوچەی کوردستان

جەنگاوەرانی کەرتی‌هەردوو قادسیەی سوپای میللی لە ڕۆلەکانی ناوچەی‌کوردستان مەشقکردنێکی خۆئامادەکردنیان کرد بۆموتربەکردنی جەنگ ، بە تەفەمەنێ زیندوو لە یەکێك‌سەربازگاکانی مەشقکردن لە پارێزگای تەئمیم‌دا بۆخۆ ئامادەکردن بۆ بەشداری‌کردن لە جەنگی‌قادسیەی صدامی پیرۆزدا

هاوڕی سعدی مهدی صالح ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمابەتی ئەمینداری نهێنی نووسینگەی ڕێکخستنی باکووری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ئەوەی چاوی کەوت بە جەنگاوەرەکان باش مەشقکردنێکی وردو چاك کە بەشداری کردنی ڕۆلەکانی گەلی کورد لە قادسیەی تازەدا لە دەوری سەرکردایەتیە مێژوویەکەی بەرێز سەرەکی فەرمانده صدام حسین .

ووتی ئەو سەرکەوتنە کەورا نەی وەدی‌هات دژ بە دوژمنی ئێرانی گەمژە ئەنجامی ئەو قوربانی‌دانە کەورانەی ئەکانی دجلەو فوراتە کە هەموو نەخشەیێکی دوژمنکاری پووچەل کردەوە کە چاوی بڕیبوە خاکی عێراقی سەربڵند .

بەڕێز زهیر القادری پارێزگاری تەئمیم‌و هاوڕێ خالد سلیمان محمد سەرکردەی ناوچەی تەئمیمی سوپای میللی‌و هاوڕیان ئەندامانی سەرکردایەتی لقی تەئمیمی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست‌و یارمەتی دەرانی سەرکردایەتی ناوچە ، چاوبان کەوت بەمەشقکردنەکە . کە بریتی بوو لە پەرینەوەی کۆسپە ئاویەکان وتێل بەن‌و ئاگرو گەیشتنە ئامانج .

کێشە ئالوزەکانی ئافرەت‌دوور لە مەحکەمەی شەرعیا

کاتێ ئافـرەت خاوەنی خۆی نابێ

نجاه رفیق حلمی

ئافرەت لەزوربـــەی کومەڵگاکاندا هێشتا مافی ڕەوای خـۆی بـەتەواوی‌نەدراوەتێ‌و بەدەستی نەهێناوە ، ئەمەش هـۆی‌گەلێ نەریت‌و ڕەوشـتی تایبەتی کومەڵە لەهـــەرکۆمەڵێك ئەم نەریـــت‌و ڕەوشتانە بۆنەتە نیشانەیەکی‌ئەو کۆمەڵەو خووی پێـــوە گرتوون .

ئنجا بەرە بەرە بەپـێی بە تایبەتی ئەوانـــەی پەرە سەندن‌و ڕۆشـنبیری ئەو کۆمەڵە گەلێ لـــەو نەریت‌و خووە تایبەتیانـــە گوڕاوە یان کەم بۆتـــەوەو کز بووەو بایەخی کەمتـــر بۆتەوە یا پشت گوێ خراوە.

لەناو کوردەواریـــدا لەم ڕووەوە گەلێ نەریتی‌وا بـاو بووە کەتاکو ئیستاش شوینەواری هەر مـــاوەو مامەڵەی پێ دەکریـــت ناوچەی کوردستان‌دا ، ئەو جۆرە مامەڵە کردنە هـــەر باسی یەکێ لـــــەو کارەساتانە تان بـۆ ئەکەیـن دوو چاری ئافرەتێك بـووە کەبەر لەچەند ساڵێك بابڵێین ماوەی ١٠ـ١٥ ساڵـــی لەمەو بەر .

کچێکی هـــەرزەکاری جوانکیلە (ناسك) ناویـك لەتەمەنی (١٣) ســیزدە ساڵان‌دا برایەکی (٢٠) بیست ساڵانی نیـازی ژن‌هێنـــان ئەکات ، بێ پرس‌و بـــێڕا لەگەڵ برادەریکی خـــوی ریك ئەکەوێ کەخوشکێکی ئەوبرادەرە کە کاکی بـــرای (ناسك) حەزی لێکـردوە بەئەهینێ‌و ئەیهێشـــتووە برای ئەوکچـە بزانـــی .. (بیداتی).

ئنجا جونکە مەسەلـەی ژن‌هینان لەوڵانی ئیمـــــە پارەیەکی باشی ئـــــەوێ کە بو کەس‌و کاری ژنەکـــە بێ‌و هەندبکیشـــ بۆ زیرو کەوپەلی بووك .

کاکی (ناسك) بێ ســێ‌و دوو خوشکی خوی ئـــەدا بە پیرەمیردێکـــی بێ ژن خاوەن چەند منالێکی گەورەو کوری لەتەمەنی ناسـك‌دا . پیرە پیاو پارەیەکـــی زور بەبرای کیژولەی ســیزدە ساڵان ئەداو بوکی بـــۆ ئەگوێزرێتەوە . وەك بووکـە شـووشـەیەکی بـــێ سەنك‌و بێ دەنك ، بـــەم کارە پیرە میرد تەمەنـــی لاوی خوی لەکیژولـــەی هەرزەکاردا ئەدوزیتـــەوە ، بەڵام بۆ ئەوەی کوتـــری باڵشکاو ئەوەك ڕوژیـــك لەڕوژان پەروپو دەرکـات باڵەفری بیت لەدەســـتی بچێ ، مامە پیرە شورەیەکی بەردین لەدەوری ماڵەکـــەی هەڵئەچنێ‌و ژنە جاهێڵەکەی تیادا ئەخاتە قەفـــەس . بەڵام قەفەسی‌ی دوو دڵـی‌و نێکەرانی‌و خانە گومانیـــش لەدەوری خـــوی شـــوورە ئەبەستێ .

ناسك لەناو قەفەسەکەی خویدا جوجەڵە هەڵدێنـــێ ئەیەك ئەدوان ئەســـــێ تاکو یەکێك ئەکەوێتـــــە سەرپێ مامەپیرە هیواداری یەکیکی کە ئەبێ ، مۆڵەتـــی پشودانی نادا ئەوەك ڕوژیك لەڕوژان هەستبە بوونـــی خوی بکات‌و ئاور لە ڕوژانی ڕابوردووی خوی بداتـــەوەو چاوی بەژیانی ئافرەتـــی ئەم سەردەمە بکەویـــت‌و خوی لەخوزگەی لاوێکـــی هاوتەمەنی خویدا بدوزێتەوە دڵی ڕابجەنێ بۆی .

شازدە منال‌و ناســك‌و ٢٩ ساڵ تەمەن کـــوری شازدەساڵانی ناسك‌و کوری ٢٦ ســـــــاڵانـــــی مامەپیـــرە جووتە بـــرا بەشەردین لەناو گەرمـــەی شەردا قـــــەو ناوناتورەی ناڕەواش بەیەك دەدەن .

لەکاتی زەللەی زمانـــدا کوری گەورەی مامەپیـــرە بەبرا بچوکـــی ئەڵـــێ واوالیکراوی دایك‌دا ئەمـــن ئەوی بەدایکتم کردوە لەوەش خراپتری پێ دەکەم .

مامەپیرە ئاگر لەچـــاوی دەبێتەوە تاو ئەداتە چەقـۆ براکان لیك بکاتەوە دایکـــە لەتاو جگەری پرئەکات بەمامە پیرەدا ئەویش ئەیداتـــــە بەر چەقۆ .

ناسك‌ی دایك لەتەمەنـــی ٢٩ ساڵی وبەناســـــکی مالئاوایی لەکۆشـــێ خیـزان ئەکات .

پرسیاریك سەرهەڵدینی ئایا ناســـکی ئافـــرەت تاوانەکەی چـۆن ئاشـــکرا ئەکرین .؟!

کەئەڵێن مێژوو دووبارە ئەبێتەوە ئایا مێژووی ژیانی ناسك لـــەکیژولـــــە هەرزەکارەکانیدا دووبـــارە ئەبێتەوە ! ئـــەبی لـــەم ڕوداوەداکی تاوانبـــار بێ کێ ئەبێتە هوی کارەساتێکی ماساوی‌وا ؟!

باوك‌و دایك ؟! بـــراو ئاموزا ؟! کوروو هـــەنەزا ؟! میردی پیرو ژنی هەرزەکار!؟ منالی زور ؟!

یاخود سروشـــــت‌و پیداویستی ژیان ؟! ئـــەی مروف خۆی ! پیویســـتی ئافرەتەکە وەك مرۆڤیـــك لەژیان‌دا مافی خۆی هەیـــە یان‌نا !؟

کاتی ئافرەت مافی ئەوەی نەبێ لەسەرەتای ژیانیـــدا بیروڕای لەمەلەکـــردن خوی هەبێ ! ئایا لەتەمەنێکی پێشکەوتوودا ئەو مافـــەی نی‌یەو نایبێ ، یاخود ئەگاتـــە پلەیەکی ژیان‌و ڕوشـــنبیری بەلکو چاوی ئەکاتەوەو ئـــەو مافـــە بۆخـــوی ئەسەلێنـــێ بەلکو لەوانەشـــە هـــــەر بەهەستی سروشتی ئـــەو پیویستیە دابین ئەکات ئنجا ئەگەر لەقەفەسێکی وادابێت کەسی‌بەدەستەوە نامینـــی تەنانەت هەنەزابیت یاخـــود کـــوری بیـــت .. ؟! ئەوەنازانم .. !

ئافرەتانی بە ناوبانگ لەجیهاندا

ـ یەکێ لە زانا گەورەکانی‌ئیتالیاو جیهانیش ئافرەتێك بوو بەناوی «ماریامونتسوری»کە توانی بە بەڵگەوە ئـــەوە بچەسپێنێ کـــە ئافرەتیش‌مرۆڤێکە توانای لـــە پیـــاو کەمتر نی‌یە .

و. سرگول تەیمور

ماریا ئەڵێ «کاتی لـــــە قوتابخانە بـــــــووم مامۆستایەکمان بوو هەمـــوو خواستێکی ئەوە بوو کـــــە چیرۆکی ژیانی ئافرەتانی بـــە ناوبانگمان پێ لەبەر بکات بۆ ئەوەی لاسایی‌یان بکەینەوە ، وانەکەش بەوە دوای دەهات کاتی ڕووی تێدەکـــردم‌و دەبووت ئـــەی تـــۆ ناتـــەوێ ناوبانگ دەرکەی ؟» تـــا جارێك بێزار بووم‌و وەڵامم دایەوەـ نامەوێ هەرگیـــز ناوبانگ دەرکەم‌ـ.. چونکە ئەوەندە حەز لە پەروەردەی منداڵان دەکەم هەرگیز کاتی ئەوەم نابێ هەوڵ بدەم ناوم بکەوێتە لیستەی بـــــە ناوبانگەکانەوە .. ئـــــەم قسەیەی لەگەڵ مامۆستاکەی لە ڕاستیدا ڕەنگ دانەوەی خەونێك بوو کە لـــــە پاشەڕۆژدا جێبەجێی کردو ڕێبازێکی تازەی دانا بـــۆ پەروەردەی منداڵ. ئەمەش دەنگ‌دانەوەیەکی جیهانـــی گەورەی بوو هەروەها ماریا یەکەم کەسێك بوو کە لـــە ئیتالیادا بوو بە زانـــای سروشتی .

ـ ماریا مونتسوری لـــە ئیتالیادا لە ساڵی ١٨٧٠دا لە دایك بووە باوکی موچەخۆری حکومەت بووە دایکیشـــی پلەیەکی چاکی خوێندنی بڕی بوو بەڵـــبەت ئافرەتانی ئەو سەردەمەوە ماریا لـــــە قوتابخانە ئیتالی‌یەکانـــدا خوێندنی دەست پێ کردوەو هەر لە منداڵیشەوە خەڵاتی ڕەوشت جوانی‌و زیرەکـی‌و هەندێ ئیشی چنین‌و دورینی وەرگرت ، بەڵام کاتی تەمەنی بوو بە هەژدە ساڵ بە باوك‌و دایکی ڕاگەیاند کە دەیەوێت بڕواتە یەکێ لە قوتابخانەکانی هونەرو ببێتە ئەندازیارێکـی هونەری .

لە ساڵی ١٨٨٣دا چـــوە قوتابخانەی پیشەیی مایکـل ئەنجیلو. بەو جۆرە بوویـــە یەکەم ئافرەت لە نـــــاو قوتابی‌یە کورەکاندا.. لـــە ساڵی ١٨٨٩دا ئـــارەزوی ئەوەی بوو ببێتە پزیشـــك سەرەڕای ئەوە کە باوکـــی نارازی بوو ئەو هەر پـــێی داگـــرت لەسەر ئارەزوەکەی خۆی‌و ئاواتەکەی بەدی‌هێنا لـــە سەرەتادا لێپرسراوانی زانکو ڕازی نەبون هـــەر بخوێنێت لەو کۆلیژەدا ... لەم کاتەدا پەنای بردە گرنگ ترین‌و بە دەسەڵاترین پیـــاو لە ڕۆمادا ئەویش پاپا لیوسی هەشتەم بوو ئەویشـــــس ڕازی‌مەندی خۆی پـــێ بەخشی‌و بەو جۆرە بویـــە یەکەم ئافرێتێکی ئیتالیـــــای پزیشکی بخوێنێ .

تاقی‌کردنەوە تاڵەکـــەی لەگەڵ جیهانی پیاواندا زۆر کاری کردبووە ســـەر هەموو بزوتنەوەیەکی هـــــەر ئەوەش‌بـــــــوو کە هەمیشە تێدەکۆشا بـۆ نەهێشتنی چەوســـانەوەی ئافرەت لە جیهاندا .

ـ کاتێ کەنوینەری ئیتالیا بوو لە کۆنگرەی ئافرەتانـــی جیهانی‌دا لە بەرلین ئـــــەو قسانەی کردنی زۆر دەنگـی دایەوە لە هەمووی جیهانداو تیدا ووتی : دەبێ ئافـــرەت نەترسێ‌و خۆی تێکەڵی هەموو ئیشیك بکات بەتایبەتی ئـــەو ئیش‌و کارانەی کە تا ئێستا هەر پیاو دەیکات، لە کۆنگرەی لەندەنیش قســـــەکەی دەربارەی چونیەتـــــی فێرکردنی منداڵان بوو ...

بە درێژی دە ساڵ ماریا پزیشك بوو لە ڕۆماداو پارەی لـــــە فەقیـرو هـــەژار وەرنەدەگرت خویشی بـــە پارەی ئەو دەرسانە دەژیا کە لە زانستی بایولوژیـــــدا دەیوتەوە . دوای ئەوە بوو بە مامۆستا لە عیـــــادەی دەرونی لە ڕۆمادا بەڵام بـــە بێ کرێ هەر وەها سەری لە زۆر نەخۆشـــــخانەی نەخۆشـی‌یە دەرونی‌یەکان‌و دواکەوتـــووەکـــان داوە بەتایبەتـــی نەخۆشخانەی منداڵان .

دوای وردبوونەوەیەکـی زۆر قەناعەتی کرد کە منداڵی دواکەوتوو دەتوانێ بخوێنێ‌و فێری زۆر شت ببێ لەگەڵ مولەت بدرێت هەر لەســەر ئـــــەم بابەتـــەش زۆر لێکۆڵینەوەی نووسی‌وە .

کاتێ بوو بـــە بەرێوەبەری قوتابخانەیەك بۆ بەختیوکردنی منداڵانی دواکەوتوو لـــــە ڕۆمادا ڕیبازێکی تـــازەی لەگەڵیان بەکار هێنا بـــۆ پەروەردەو فێرکردن‌و فێری نووسین‌و خوێندنـــەوەی دەکردن ئەمەش ئەنجامێکی چاکی بوو بە ڕادەیەك ئـــەم قوتابیانـــە توانیـــان وەك قوتابی‌یە ئاقڵەکان سەرکەوتو بـــن لـــــە تاقی‌کردنەوەی ڕەسمی‌دا ، ئینجا تـــەواوی ڕۆژنامەکان کەوتنە باســـی ئەو دەستکەوتانە ئەم ئافرەتە بەدی هێناون .

دوای ئەمانە هەمـــووی ماریا لە زۆر قوتابخانـــەی جیهانی‌یەوە داوا کرا بـــۆ ئەوەی مەشق بە مامۆستاکان بکات لەسەر ڕێبازەکـــەی خۆی هەر ئەمەش بویە هۆی کردنەوەی قوتابخانەو دایکە لەسەر ڕێبازەکەی ماریا لـــە ئیتالیاو ئینگلترەو ئیرلنـــدو دانیمارك‌و ئەلمانیاو فەرنساو ئەمەریکاو هندو پاکستان .

توانیشی پێرســـــتێکی پەروەردەی دەرونی دابنـــی کە لە دوای خۆیشی لەسەری بڕۆن بۆ پەروەردەکردنـــی منداڵانی ئاقڵ‌و دواکەوتـــوو هەروەها چەند تیورێکـــی زانستی دەرونی منداڵانـــی داناو چەندەهـــا کتێبـــی دەرکرد .

کەم‌خواردنی منداڵ

منـــاڵ لـــــە پلـــەی‌دەســـتپێکردنی تەمەنی ســـێ ساڵانەو شەش ســـاڵانەی‌داگەشەکردنی هێواشتر ئەبێت لەو دوو ساڵەی دوای لـــــەدایك‌بوونی وەکێشیشی زۆر نابێت .

ئەمەش دیاردەیەکـــی سروشتی‌یە . بـــــــەڵام کەم‌خواردنی لەو پلەیـــــەدانەگەڕێتەوە بۆ زۆرخواردنـــی شیرینی‌و ئەو جـــــۆرەخواردنانەی کە ڕێژەیەکـــی زۆر شەکریان تیایە .

شەکریش ڕێژەیەکی زۆرـ کلیکۆزـی تیایە کە ووزەیەکی پێویست ئەدات بـــە چالاکی‌وگورج‌و گۆڵی ئـــەو منالـــە ، بەڵام بە هیچ جۆرێك کەڵك‌لەو خواردنانە نابینێت کـــە لەش پێویستێتی بـــــۆ گەشەپێدانی وەك‌ـ پرۆتین‌ـ ـنیشاستە ـچـــەوری ـهەروەها ئەمانە یارمەتـــی لەش ئەدەن بۆ دروستبوونی‌خانەکانی کەم‌خواردن یەکێکە لە نیشانەکانی نەخۆشـــیەکاتیەکان وەك نەخۆشـــی بریندار‌بوونی گـــــەرووی‌خواردن .

چارەسەی کەم‌خواردنـــی‌زۆر ئاسانە ئەویش دەســـت نیشانکردنی ئەو جـــــۆرەمیکرۆبە لای پزشیك کـــــە تووشی گەروو دەبێت .

هەروەهـــا کەم‌کردنەوەی‌ئەو خواردنانەی کـــــە ڕێژەیەکی زۆر شەکریـــان‌تیایە . ئەگەر نەخۆشـــــەکە زۆر دڵی چووە سەری هەوڵبدە پاش ژەمێ خـــواردن ڕاستەوخۆ کەمێك شـــیرینی‌بخوات بۆ دەم شیرین‌کردن ئەوەندە بخوات تا بتوانـــێ‌ژەمی خواردنی داهاتووی بە ئاسانی بخوات .

محمد محمـود مستەفا

کردوویە بـــە کوردی

منداڵەکەت جیاواز لـــە منداڵانـــی کۆمـــەڵ ڕامەهێنە

لەسەر شانی دایك‌د باوك‌پێوبستە کە منداڵەکـــــەی لەسەر هەموو جۆرە ژیانێك‌ڕابهێنێت وەباسی هەمـــوو چینێکی کۆمەڵی بۆ بکـــات‌جۆری ژیانیان .. بـــاری ئابوورییان ... باســـــــی‌لادێ... شار... دەوڵەمەند هەژار... هتد

نابێت منداڵ لە قالبێکـی تایبەتی‌دا کەورە بێـــت‌و ئاگاداری زیان نەبێت... لە گەرەکێکەوە گوێزایانەوە بـــۆ گەرەکێکی تر نەتوانـــــی تێکەڵاوی منداڵان بێت یـــان دایك‌و باوك نەیەڵـــــــن تێکەڵاویان بێت ڕەوشـــتیان بە خراپ دانێت... ئەگەر خۆی هەژار بوو دەوڵەمەند بە نارێك دانێت یان بـــــە پێچەوانەوە ... لە لادێ بوو شاری لا باش نەبێت یان لـــە شار بوو ژیانـــی لادێی لا باش نەبێت ...

ئەم کارە هەڵەیە... هەر چینە جۆرە ســـــیفەتێکی هەیەو بە چەشنە ئارەزوویەك هەڵسوکەوت دەکەن جیایـــە لەوی تر ...

لەسەر دایك‌و بـــــاوك پێویستە هەموو جۆرە ژیان‌و شوێنێك بۆ منداڵەکانیـــان ڕوون کەنەوە ، باسیان بـــۆ بکەن بە وێنە بە چیرۆك بـــە سینەما چونکە مـــــرۆڤ شیاوی گۆرانە لە شوێنی‌دا ...لەو کارەی دەیکات ... لە زمانیدا... لە بـــاری ئابووریدا... لـــە بـــاری تەندروستیدا... دەبێت ئەو منداڵە توانای تێکەڵاو بوونی هەبێت لەهەموو دەســـتەو کۆمەڵێکدا ... وەمرۆڤێکی سوود بەخش بێت لە هەموو کاتێکی ژیانیا لە هیـــچ هەڵوێستێکا پـــەك کەوتـــە نەبێت هەمیشە بە کەڵك بێت بۆ کۆمەڵ... چونکە ئەبێت بزانین کە هەر مرۆڤـــــە یەزدانی گەورە جـــــۆرە بەهـــــــرەو سامانێکی بێ‌بەخشیوە کە تەنیا خـــۆی خاوەنێتی.. ئەم مرۆڤە لـــە هەر شوێنێك گەورە بوو.. لە هەر چینێکدا چـــاوی کردەوە ... ڕۆژی لـــــە ڕۆژان ئەو بەهرەو سامانەی سوود دەبەخشێت بـــــە کۆمەڵ‌و مرۆڤێکی بە کەڵك دەبێت ...

و: ڕووناك محمود

زمانەوانی

بەرەڤانیەك ژمـــافـــا

محسن عثمان عبدالله ـ

ب ڕاستی مروف ب ئێکجاگەلەکێ داخ‌دارە بـو فـــان توخمە گوتاران ..

چونکی برادەرێ مەیـــێ‌رابـــوی (روبنێ مەیـــێ د ســـــمبێلێت مـــــــەدای ب گونەهـــــی) و بێ‌ی دەست نیشان کـــرن‌بو خودان مافان .

برادەرێ رابوی ستراناـ(عەمێ گوزێ) ژ نفشـــــتا (ستراتێ زارگوتنا کـــوردایە تاریقی)(١) یا هێـــــزا (ئوردیخانێ جەلیل) ل بـــپ(٣٣٨) وەرگرتی بـــێ‌ی کو بکەتە ئەکولین ل ســـــەرفێ ستران‌ا دیروکی و بـــێ‌ی دەست نیشان کەت کـــومن ئەف سدانە یا ژ بێڤـــان ژێدەری وەرگرتی ..

بەلێ وەسا دیارە کـــو هندەکا دڤێت بەس نافـــێ وان بێتە نفیسین ل ســـەر بەرپەرێت ڕۆژنامە و گوفارا، دێ ڕابن تشـــتەکێ بـــێ سەروبەر نڤیسن و فرێکەن . . یان دێ بەرهەمێت خـــو ل دو جها بەلافەکەن . . یان دێ تشتا ژ ئێك دو دزن و ل سەر نافێ خو فرێکـــەن ئانکو دەست نیشان ناکـــەن کو مە ئەف تشتە یێ ژ بێڤان ژێدەری وەرگرتی ..

یا ڕاستی دڤێ هەلویستێ دا بهایێ ئەدەبی دئێتـــــــە خارێ (دبیتە تشتەکـــــێ بێ مەعنا) .

ژ بو شروفەکرنا ڤـــــێ مەرەمێ ل ڕۆژا چارشەمبی ١٩٨٤/١٠/١٠ز .

چافێ من ب گوتارەکـــێ کەت ب ناف و نیشانێـــت (زڤرینـــەك بو ســـترانێد فولکلوری) ژ بەر هەفکرنـــا (نورالدین انور بوتانی) ل س

ئەوانەی مـــردن‌و نـامـرن

لەتیف حامید بەرزنجەیی

■ دوکتۆر عیزەدین ڕەسوول ■

لە کۆڕی ماتەمی ئەمیشدا ، چەند ســـال لەمەوبەر لە پال دوو دلۆپ فرمێسکدا چەند ووشەش لەسەر زارەوە ڕژایە ناو گوێی ئەوانەوە کە بـە دل هۆش‌و گۆشیان دابووە ســـۆزی مـاتـەم‌و دەنگی زایەڵەی مەرگ .

لە ووشەی مەولەوی ماناو هەســت دەربڕتر نەبوو ، لەبەر ئەوە پەنام بردە بەر مەولەوی‌و بـە زمانی ئەوەوە ووترا :

نازیـــز ! دیـارەن ، وادەی لوامـــەن
ئەلوەدای ئـاخـر ، ئـامـاو نامـامـەن
دەوڵـەتەکـەی وەســل پـا نە زەواڵەن
جاریۆتـەر دیـدەن بـالات مەحـالـــەن

* * *

ئاخـر ســـەفەرەن ، ڕا خەیلێ دوورەن
مەنـزل بێ پـایـان تۆشـــە زەروورەن
دینت تۆشەی چەم ، مەیلت تۆشەی دل
ڕازت تۆشـەی گۆش ، مەنزل وەمەنزل

ئەو ووشـــــانەی لەسەر ئەم چەند دێڕەی مەولەوی هەڵبەستراون ، تا ئێستا بەختی ڕووناکی بینین‌و چاپکردنیان نەبوو ، لە بەر ئەوە هێشـــتا هەرجێی دڵوپی فرمێسکی تەڕ دەگرنەوەو بەم چەشنە دەچنە سەر کاغەز .

ئەی پایزی مـەرگی شـــاعیر ، هێشـتا پایزە ...
ئەی پایزی کۆچی نووسەر ، چوار وەرز پایزە ...

لە کۆڕو یەکگرتنەوەی ساڵانەی ڕابوردوومانداا . شـەش جێگە چۆڵ بوو ، مەرگ وا ئەباری ، کـــە ئێمەش پەلە لە کات‌و ڕۆژگارو زەمـــانـــە بکەین‌و دەقیقەی مەرگ بکەین بە یەك دەقیقەی وەســـتانی ماتەمیان ...

وا شـەش‌یەکی ساڵ ڕانەبوردووە ، لە سوپەری ئەم ژیانە پڕ لە ناسۆرو زەنگی کتوپڕیەدا سەربازێکی تازە ئەنێژین .

بەیداخێکی تر ئەپێچینەوەو لەســـەر کێڵێکی تازە ، نیشانەیەکی جوانەمەرگی بۆ هاوڕێیەکی تری کاروان دائەنێین‌و ئەڕۆین .

بەڵێ ـ زۆر کارەساتی ئەم ســـــەردەمی گواستنەوەو مەرگ بارینە وامان لێ‌ئەکات کـــە نیشانەی وەفاداریمان هەر لەم دەقیقەی ماتـــەم وەستانەو لەم تاقە دڵۆپی فرمێسك ڕشتنەداو لـەم یادکردنەوە کورتەدا پیشان بدەین . ئەبێ ئەمە کەم نەبێت بۆ نووسەرێکی هەڵکەوتووی جوانەمەرگ . یا ئەبێ ئەم تاوە وەســـتانە بەشێك بێت ، لـــە کارەساتەکە خۆی ، لە کارەساتی مەرگێکی تازەی پڕ پـەنـدی گرتۆتـە خۆ بـەلایـەوە ئـەم پـەنـدانـە بلاونەکراوەتەوە .

کاك « عباس »[٢] بە هەڵە داچووە چونکە لەم « ٧٣ » پەندە « ١٢ »ی بلاوکراوەتەوە سێ‌یان لـــە کتێبەکەی مامۆستا « عومەر شێخ الله دەشتەکی » بەرگی یەکـــەم‌و پێنجیان لەبەرگی دووەم . داوای لێبوردن‌و هیوای ســـــەرکەوتن بۆ کاك « عباس » دەخوازم .

ئامادەکردنی ■ اسماعیل تەنیا ■

لە سەرەتایی ســـاڵی « ١٩٨٢ »ەوە خەریکی کۆکردنەوەی بەرهەمی فۆلکلۆریم بەتایبەتی پەنـدو هۆنراوە . ئەوەی ئێستا دەیخوێنیتەوە بریتی بـوو لە « ٨٣ » پەند دووای بەراوورد‌کردنیان لەگەڵ ئەو کتێبانەی[٣] کـــە لەسەر پەندی کوردی دەرچوون ، (٦١) پەند مایەوە . بە حوکمی پیشـــــەکەم وەك مامۆستایەك لەگەڵ گوندا ژیاوم ، لەگـــەڵ کـۆڕو تازیمانەو زەماوەندا بەشداریم کردووەو هەر پەندێکم بیستبێ تۆمارم کردووە .

لە گۆڤاری « کاروان » ژمارە « ٢٢ » تەموزی « ١٩٨٤ » ساڵی دووەم ، برایەك بـە ناوی « عباس صالح عبدالله » بە ناوونیشانی « کۆمەڵێ پـەنـدی بلاو نەکراوە » ووتارێکی بلاو کردۆتـــەوە « ٧٣ »

● پیتی « ا » ●

■ ئاقـرت ئـەو تەرزە ئاقرەیە کـــە دوو جەژنان دەبینی .
■ ئەگەر خێری هەبوایە خێری لۆ گاوانی دەبوو .
■ ئەسپی ئازا لە خەندەقا دەمرێ .

● پیتی « ب » ●

■ بابی لە مردنێ بوو کوڕ داوای ژنی دەکرد .
■ باخ لە باخەوانی حەرام نیە .
■ بە تای تەقەرە بی لە دیار دێگەرە[٣] بی .
■ بە هانێ‌و بە مانێ مامش ڕەشە ڕەیحانێ[٤] .
■ بە کوتکان لێ‌ی دەی تۆزی لێ هەڵناستی .
■ بە گاوانی شەرم نیە پەنانانەی شەرمە .
■ بە ســـــەرەوەرێ‌و بە پەروەرێ تەواویان کرد چۆڕکی کەرێ .
■ بەهارە لە هەمزەکۆری[٥] .
■ بنیشتەك زۆر بجووری هەڵدەبڕێت .

● پیتی « ت » ●

■ تا بەرزتر بیت کەوتنە خوارەوەت بـە ئـازارتر دەبێ .
■ تووکی سەری قەرداره .

● پیتی « پ » ●

■ پیاوی سەر ڕاست شەریکی دەوڵەمەندە .
■ پیاوی خواناس پەستی نازانی .

● پیتی « چ » و « خ » ●

■ جوجکە ترسێن کرایە .
■ خەڵك یەکجار دەڵێ بەفر سارده سارده .
■ خەبەرت خێر بی نۆبەرەت نێر بی .
■ خشە خشە لە ناو ماشان .
■ خزمم خـدر بی سێبەرم کفر بی حـارم هـەر ئەو حارە دەبی .
■ خۆ بەڕوو نیمە لە قەپێلکی بچمە دەرێ .

● پیتی « د » ●

■ داخوا کەرێ کێ لە گاڕانێ نەهاتیتەوە .
■ دەرۆزەکەر حەسودی بە دەرۆزە کەری دەبا .
■ دەڵێ‌ی گای بنەیە .
■ دەڵێ‌ی گیسکی خەسایە .
■ دەڵێ‌ی گیسکی سەر چارە گورگی‌یە .
■ دەڵێ‌ی فەردە پەمۆی شارەزوورە .

● پیتی « ڕ » و « ش » ●

■ ڕیونی بـــە خۆی بـــە کـــونێ وەنـەدەچـوو قەڵەڵاشکیشی بە کلکی وەبوو .
■ شمشاڵی بە پیاوی بێ لێو لێدەدا .
■ شیری هەوران دادێنی .

● پیتی « س » ●

■ سەگی دەخەسێنی بە پوولەکی دەستی دەشوا بە دوو پولان .
■ سەگی ناوەڕووت دەکات .
■ سەر بە قوڕ پێ‌ی پێدەکەنێ .

● پیتی « ف » و « ق » ●

■ فرمێسك کەوتا هەڵ ناگیرێتەوە .
■ قەرســـەقول بـــە کەرتك بێ نەعلەت لـــە هەردووکیان دا .

● پیتی « ك » و « گ » ●

■ کەبەك خواردن لە ناعیلاجی‌یە .
■ کەرم نی‌یە کام بۆ چی‌یە .
■ کەس پێم ناڵێ باری باقلەت بە چەندی .
■ کراوی لە حەقێ دڕایە .
■ گا گاگۆزی بۆ خۆی دەچاند سەری پێدێشا .
■ گەندە لە مەندەی چاکتر نی‌یە .

● پیتی « ل » ●

■ لـــە بـــەر یاللا یاللای باران‌و بینە بینەی مام زێندینان هاتیمە ئێرە[٦] .
■ لە مەکران شیری بێ ماست هێوێن دەکات .
■ لـــە حەزرەت جاجك کاغەز دەجاوی .
■ لە ترسی گێرەی بوویتە بەشەر .
■ لە پشت کەندوی چەقۆی تیژ دەکات .
■ لووتی دەڵێ‌ی لووتی بەرازە .

● پیتی « م » و « ن » ●

■ ماینی نی‌یە ئاخوڕی دەکات .
■ مەشکەی لە کوێ دەهەژینی لازمـــە لەوێ دۆی بخـۆی .
■ مردیش هاتنە ڕێواسان .
■ نەسیحەتی کەرێ نەقیزەیە .
■ نەمارت لە ڕۆخ ئاوان بی نە ژنت نزیك مـــارە باوان بی .
■ نان بوو بە کەرتك یەکدی ناگرێتەوە .

● پیتی « هـ » ●

■ هـاوڕێ‌ی خـراپ وەك خەڵووز وابـــە گـــەر نەتسوتێنێ هەر ڕەشت دەکا .
■ هەر کەسێك سینگی بکوتی سینگی دەکوتن .
■ هەزار بەهار دەبێتە کۆنە هەوار .
■ هەنجەتی شوانی گۆچانە .

● پەراوێـزەکان :

١ ـ من بەراوردی پەندەکانم لەگەڵ ئەم کتابانە کردووە هەر پەندێك لە هـــەر کتێبێك دا هەبووبێ یەکـــەر ڕەشم کردۆتەوە ، ئەو کتێبانەی ســـەیرم کردوون بەشێکی زۆری پەندی کوردی گرتۆتە خۆی کە ئەمانەن .

(أ) هەزار بێژو بەنـــد ـ کۆکردنەوەی ـ معروف جیاووك ـ بغداد ـ چاپخانەی « نجاح » ـ ١٩٣٨ .

(ب) پەندی پێشینان ـ شێخ محمدی خاڵ ـ سلێمانی ـ چاپخانەی کامەرانی ـ چاپی دووهـەم ساڵی ١٩٧١ .

(جـ) پەندی کوردی ـ عومەر شـــێخ الله دەشتەکی ـ هەولێر ـ چاپخانەی « کوردستان » ـ بەرگی یەکەم ـ ساڵی ١٩٧٢ .

(د) پەندی کوردی ـ عومەر شـــێخ الله دەشتەکی ـ بغداد ـ چاپخانەی «دار الحریه للطباعه» ـ بەرگی دووەم ـ ١٩٨٠ .

(هـ) پەندی پێشینانی کورد ـ عەلی معروف شارەزوری ـ ١٩٨١ .

٢ ـ گۆڤاری « کاروان » ژمارە (٢٢) تەموزی ١٩٨٤ لاپەڕە ٨٧ .

٣ ـ دێگەرە یاخـــود « دێگەڵە » لە ئێوان هەولێرو کۆیە دایە ئێستا ناحیە « شۆڕش »ە .

٤ ـ سەر گوزشتەی ئەم پەندە بەم جۆرەیە : کابرایەك دەبێت دوو ژن دەهێنێ شـــەوێك

بروانە ل ٧

فـلـیـمـۆلـۆجـیـا

● ریالیزمی شاعری Poetic Realism.

زاراوەیەکە جورج سادول بۆ وەســـفکردنی سینەمای فەرەنسی ساڵانی ٣٠ دای‌هێناوە کە هەموو نیشانەکانی لە فلیمەکانی جان رینوار Jean Renuir لە نێوان ساڵانی ٩٣٥ ـ ٩٣٩ ئاشـــــکرا بوو . هەروەها فلیمی کـە نارەوو باری تەمومژ کـــــە جاك بریڤید Jacques Prevert نوسی‌بوی مارسیل کارینـە Marcel Carne لە ساڵی ١٩٣٨ دەری‌هێنا بـــەڵام پیـــرمـــاك ئـورلان Pierre mac orlan زاراوەیەکی ســەرنج ڕاکیشەرو ووردتری بـۆ ئـەم ڕێبـازە ڕەنیسە لە سینەمای ساڵانی ٣٠ بـە نـاوی فانتازیای کۆمەڵایەتی داهێنا ئەم ڕێبازە لە ئەنجامی هەردو ڕێبازداا هاتە کایەوە . بـە تەواویەکیش بـۆ قوتابخانەی سروشتی‌و میللی لـــە ناوەڕوکی فلیم‌و چۆنیەتی نواندن دانەنرێ .

لە دەربڕینی ئەڵەمانی لە بواری دەرهێنـــان‌و وێنەگرتن بە تەواوکەرێك دانەنرێ ئەو دەربڕینـەی کە توانی چەرخی زێڕین لە بیستەکان وسـیپەکانی ئەم سەدەیە دروست بکات .

● ریالیزمی سۆشیالست Social realism

ئەم زاراوەیە بە شێوەیەکی ڕەسمی لە مەوادی دەستوری یەکێتی نوسەرانی سۆڤێت باس کراوە لە یەکەم کۆنگرەو لـــە ســـاڵی ١٩٣٤و لـــە یەکێتی سۆڤێتدا بەسترا .

تەواوی مادەکەش [ریالیزمی سۆشیالست پرۆگرامی بنەڕەتی ئەدەب‌و ڕەخنەی ئەدەبی سۆڤیەتە داوا لە هونەرمەندو ئەدیب ئەکا بۆ نواندنی واقیع لە کـاتی پەرەسەندنی شۆڕش دا نواندنێکی ڕاست ، ڕاستی نواندنی هونەری واقعی پەیوەندی بە هۆشـــمەندی کرێکاران‌و بە هێزکردنی بڕوایان بە سۆشیالستی . ریالیزمی سۆشیالست لە هونەری سینەمایی فلیمی سۆڤێت زۆر ڕونە چونکە تەنها وێنەی ڕاستی ژیان‌و شی‌کردنەوەی ســـایکلۆجی مرۆڤایەتی نیـە هەروەها پیشاندانی گیروگرفتە کۆمەلایەتیەکان نیـە بەڵکو زیادکردنی توانای پێشکەوتنی ریالیزمە هاندانی زیاترە لە پێناوی پەرەپێدانی ئـەم ڕێبازانەیە کـــە خزمەتی ڕاســـتی‌و مرۆڤایەتی‌و مانی ئـەکـــــەن زانستیەکانی شۆڕش سۆشیالست لـــە کارکـردنی دەرئەبڕێ بە هێزی لـــە دروست‌کردنی کۆمەڵی تازە کە بە تەواوی لەسەر غەورو ســـــەرشۆرکردن‌و کۆیلایەتی زاڵ ئەبێ . جوانترین شـــتی زیانیش مرۆڤـــەو مرۆڤی شـــۆڕشـــگێر دژی هەموو چەوسانەوەیەکی کۆمەڵایەتیە کە بە ناوی مرۆڤایەتی مەزنەوە ئەوترێ . سەرەڕای بایەخدان بـە هەموو جوانیەکی ژیان‌و کرداره فارەمانیەکـانی ژیـانی مرۆڤان‌و گەلان لـــە پێناوی دوارۆژێکی ڕونـاك‌و ژیانێکی بەختـەوەر هەموو کردارێکی مرۆڤـایەتی ئامـانجی بـەرزکـردنەوەو پەرەپێـدانی ژیـان‌و مرۆڤ بێ .

● دەرهێنەر مرۆڤی ئا ـ یان ـ نا ـ یە yes and no man direcotor

زاراوەیەکە لە ستۆدیوکان بەکار دێنرێت بـۆ ڕونکردنەوەی دەورەی دەرهێنەرو دانانی فەرمانەکانی بە (نـا) لە هەموو ســـتێکدا کاتی جێبەجێ‌کردنی کـاردا .

ئەو مرۆڤەیە کە هیچ جۆرە موناقەشـــەیەکی لەگەڵ ناکرێ بە دوو ووشە کۆتایی پێ دێنێ ئایان نا ڕاست یا هەڵە .

■ بەختیار سیامەنسوری ■

جگەر خوێن ڕی ... چۆ

ستەفان عبدالحکیم

مە گری بۆ ڕۆژەك هۆساهەڵگرتیە هەر چەند پارزینێ
مللەتێ مە ژ حەمدێ خـودێ‌هەرێ فالایە چنکی دیروکـا
درێژ دبێژیت مللەتێ مـــەوکوفان هەر هۆگـــرن ،

ل ١٩٨٤/١٠/٢٧ و لباژێرێ ددربدەرا جەگەرخوین‌مر .. بەڵێ مر .. ومرو قونێـــرا مە هێشتا زەر نەبویە ونـــە پەفی‌یە .. چ بێژم .. چ بنقیسم .. لدۆر چ باخفم..

دێ بلا پەیف روندکـــا داریژن وگـەروی بقلـەرزن هشو بیر دمەژیـــدا کەرو لال بن ..

کانێ شەهناما شەهیدان .. کا زانم فەلەك کـــا رەشوبێ داری .. وپـەرە پەرە ئیـــرۆ ڕۆناك دێ چ بێژیت وچـــەوا هـــەوارێ گەهبنتە کیمەنەز ..

ئەی وەڵات بلا ئێـدی چ گەوری قیرنەکەنە ستران‌و لافزا وشەرمە لێڤ‌و تبـــل هۆزانا ژخەلکی‌را بشینن .. رابە سەرخۆ دەســـتوورێ زەانێ کوردی دگەڵ شوڕەشا ئازادیێ شینی‌و بەهـــــێ کرێدەن .. جەگەرخوین.. هەی خامێ بریندار . ئـەی شۆڤ وزەفیا تژی نیهار . . سویلافـــەك زەلال بوی . . خوینەك هەژارو مشەخـــت بۆی .. نامـــەك مـــەزن‌و گەش بوی .. هەرن قولنگێ من بخوینن دابزانن جـەگەر خوین چبو ..

بترس‌و هەژاری‌و کوتەکی ژ شامێ دەرکرن .. چنکـو نەفیا بژیت لبن سیبەرا رژێما کەفنە پەرێس لسورین . . لێ گۆرێ هۆزانفانێ کـوردێ مەزن دێ بینە مزگەفـــت ومەزار .. دێ دابکەینـــــە گری‌و هەر سال چەنـــد بێهنا راوەستین قەدرگرتـن بۆ شەیدایێ مللەتێ کـــورد وگوهـ بدەن وبخوینن فـــێ هۆزانا لشوڕەشـــا ئازادی نفیسی لسالا ١٩٥٤ وخودێ ژێ رازی دبێژیت .

بەســـــە پاچـــك ژگـوهـــ دەرخـــــە چ هاوار وچ قیرینـــــە خۆ رابێچە ژبۆ جەنگـــێ بزور هەفێ خۆ بشنیـــــە دزی‌و جرم‌و بێشـــر‌و زۆر بەسە مللەت لتە شەرمـــە دەما تانگو فرۆکابـــــــە چ خشت‌و دەفـو تزبینـە بخوینە دا تو سەربەستـی بخورتی بگەهە دۆرا خـــوە بنێر هەر تشت لدونیایـــێ ودکی جـــەنگا فلســـتینە جیهان بزیە دوو بەند ئیـرۆ کۆ مالـــدارو بەلنگـــازن دبەر هەڤدا شەڕی پانـــن ژچین تا بچـــن چینـــــە هەتا دگەهیتە دلوفانی دکـــەل زووری هەرو هەر جەنگ‌و لێدانـــە ژمن باوەرکە .. ئەی مللەت نەبێ دینە .. نەبێ دینـــــە

گازی یەك

■ صدیق احمد ■

ڕابـــن دل بـوویـــە برینـــدار
ئـەز دنـالینم هـــەی هـــەوار
جەرگ‌و هناف لمن هـاتـن خوار
فێـری‌و گـــازی مـام بەندەوار

* * *

وەرن هـــەڤـالینـــۆ بـدژوار
ڕی‌یـا بنـــەڤیـن لات‌و زـــار
دەشـــت‌و چیاکێ بـدارو بـار
هـەموو مێـرگن لنـاڤـدە چنـار

* * *

رابن ئـەم ڕێنجبـەرو جوونیـــار
زەڤیێ بکێلین . ئـابت بـەیـار
دەســـت راهێلین زوو بکەنـە کار
مللەت هـەموو بـوون بەختیـــار

* * *

چەند هـەبـن ئاستەنگ‌و سێدار
هـەر دێ خـورین دژی ئـەیـار
گـەلێ مـەیێ بوویـــە هشـیار
ژڕێبـارا خـۆ نـا ئێینـە خـوار

Institut kurde de Paris

سەنحاریب پاشـــاو

دەوری باڵای لە پرۆژەکان بۆ دەشتی هەولێر و هەڵبەستی جۆگەی باستۆرادا

■ غفور میرزا کریم ■

شاری کۆنی هەولێر لە ناوچەرگەی دەشتێکی کاکی بە کاکی بەپیت‌و بەفەرو وپان‌و بەرین وشک‌و برنگ لە نێوان هەر دوو زێی (زێی گەورەو زێی بچوک)دا بناغەی دامەزراوەو هاتوتە سەرشانۆی ژیـان .

لـە مێژەوە ئـەم ناوچەیە ناوبانگی بەعەمباری دەغلودان‌و خەلەو خەرمـــان و دانەویلە ، ڕێگەی هاتووچۆی گەرمیان‌و کویستانی خیلە کۆچەریەکانی کورد ، بە مەڵبـــەندی ئایینی گرنگ ، دووریـــانی ڕۆژهەڵات‌و ڕۆژ ئاوا دەرکردوەو ناسراوە .

لە سەرەتای چاو هەڵهینانی مرۆڤـــەوە ئـەم ناوچەیە وەکو تیگرا ناوچەکانی تری کوردســـتان لە بەخێوکردنی مەرو ماڵات وەچاندنی کشـتوکاڵ‌و بەریوەبردنی کاروانی ژیان دا هەمیشـە پشتیان بـــە ئاوی باران بەستوە . جا ئەگەر ســـاڵی گەردوون دەرگای ڕەحمەتی لی‌نەکـــردبنـــەوەو وە بـــاران بە ڕێکوپێکی خاک‌و زەوی تێر ئاو نەکردبێ کۆمەڵانی خەڵکی ئەو ساڵەیان بە ساڵی نەهات داناوە وەگرانی قاتوو قری ناوچەکەی ئەگرتەوە بگرە نەخۆشـــی کوشندەش دائەکەوت کـــە لـــە ئەنجام دا بارێکی ناهەموارو دژوار بەسەر ژیانی ئابووری تێگرا وولات دا ڕووی ئەدا ، بە پێچەوانەوە ئەگەر ســـاڵەکەی پەڵەو باران بە ڕێکوپێکی بپاریایە ئەو ساڵەیان بـــە ساڵی هات‌و خێرو بێر ساڵی دووبەهار دائەنـا کـە بێ‌گومان دەوری باڵاو کاریگەری ئەکردە ســـەرباری ئابووری وەبـــارگـــانی وەبرەوی بـەبازاری کڕین‌و فرۆشتن ئەدا وەدەغڵ‌و دان‌و مەڕو ماڵات‌و ماســـت‌و پەنیرو ڕوونی بە زۆری و لێشـــــــاوی ئەڕژاندە بازاڕەوە ، وەدڵی کۆمەڵانی خەڵکی ئەگەشـــاندەوە : شیاوی باسە پێویستیەکانی کۆمـــەڵایەتی‌و ئابووری خواستی بەرەوپێش چونی کاروانی شـــارستانیەتی مرۆڤی کوردی لە دێر زەمانەوە ناچار کردوە کـــە بیری تیژی ئاســـــۆی بەرفراوانی دەماخی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی بێ ئاوی بۆ ســـەرکەوتن‌و زاڵ بوون بەسەر سروشت‌و دیاردەکانی‌یدا خستوتە کار . بۆیـــە هەر لە مێژەوە بەی بە هونەری کارێـــز هەڵکەندن بردوە لـــە ژێر ئەردەوە بەناو بـــەردو خاک دا بە گونج ئاوی بەکارێز لە ماوەیەکی دوورەوە لە جێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکی تر بردوە وە بنکـــەی ئاوەدانی‌و پێشکەوتنی داناوە بەم چەشـــنە کارێز هەڵکەند لە کۆمەڵگەی کوردی دا بـــە وێنـــەی دەستەیەکی پیشەیی بەهرەوەری زرنگ هاتە ڕیزی کۆمەڵەوە وە لە دۆزینەوەی ئاوو هەڵبەســـــتنی جۆگەو بیرهـــەڵکەندا دەوری تایبەتی‌یان گێـــڕاوەو ئواندوە . بێ‌گومان دوور نیە ئەو ئەندازیارانەی کـە سەنحاریب لە بواری دامەزراندنی جۆگـــەکانی‌دا ناویان دەهێنێ بریتی نەبن لـــە کارێـــز هەڵکەندن هەرچەندە ئەندازیاری ئەمڕۆ بـــە بـەراووردکردن لەگەڵ کارێز هەڵکەندا جیاوازیەکی زەق لە نێوانیان ئەبینی بە ئەندازیار تەنها بەکاری بیرو مێشـــکەوە خەریکە بەڵام کارێزهەڵکەند کاری بیرو مێشـــک‌و شان‌و بازوو پێکەوە ئەنجام ئەدا .

ئاشووریەکان بـــە شـــو ێن بێ‌هەڵگرتن‌و بە جاو لێ‌کردن لە سۆمەری ئەکەدو بابلیەکان بەپێی پێویستی ڕۆژگارو خواستی مێژوو لە هەڵبەســـتنی جۆگەو لە کارێز هەڵکەندن‌و دروســـــت‌کردنی ئەستێڵ‌و حەوز هیچ کاتی درێغیان نەکردوە بـــە تـایبـــەتی لـــە بواری مێژووی‌ی فەرمـــانڕەوایی سەنحاریب پاشادا دەوری مەزن‌و گرنگیـــان لـــە ئاوەدان کردنەوەو وە پێش‌کـــەوتن‌دا نوانـــدوە . پرۆژەی ئاوو ڕاکێشان لە چیایەکانی پشـــــت هەولێرەوە بۆ دەشتی کاکی بەکاکی هـــەولێـــر دامەزراندنی جۆگەیەك بە ناوی جۆگەی باســـتورا بە یەکێک لەو سێ پرۆژە گرنگ‌و مەزنەی چـەرخی زێڕینی سەنحاریب پاشا دائەنرێ .

جا لە بەر ئەوەی شاری هەولێر لـــەو بوارە مێژوویی‌یەدا بە پایتەختی ئایینی ئاشـــووریەکان بـــە بارەگای خوای عوشتار بـــە جێگاو شوێنێکی پیرۆز لای دانیشتوان ناوی دەرکردبو وە لـەبـەر ئـەوەی ناوچەکە بەدەست کێشەی بێ ئاویەوە ئەناڵاند .. بۆیە سەنحاریب پاشا بۆ دابین‌کردنی ئاو بۆ شـار دەستی بە دروست‌کردنی ئەم ئاوو ڕاکێشـــا ئەکرد وەجۆگەی باستورای دامەزراندو هێنایە کایـەوە . بەداخەوە ئەم پرۆژەو ئەم جۆگەی باســـتوورایە لە دوو هەزار ساڵ زیاتر لە گەرووی مێژوودا پەنگی خواردبوەوە باس‌و خواستی لەناو تەلیسمی نهێنی‌ی ڕۆژگاردا دیۆزە بە دوورخزنە کرابۆ ئەو پارچە بەرد نووسانە کە بە نووسینی میسماری ئەخش کرابو کە سەرگوزەشتەی پرشنگداری مێژوویی ولاتەکـەمانی پیشان ئەدا بەبێ ناز لەو دەشت‌و دەرەدا کەوتبوو ، شوان‌و گاوان یاری‌یان پێ‌ی ئەکرد وەهیچ بایەخێکیان پێ‌ی نەئەدا .

هەوەڵ جار لە ساڵی ١٩٣٤ دا بەرێوەبـــەری گشتی شوێنەواری کۆنی عیراق لـــە گەڕان بـــەم ناوچەیەدا چەند پارچە بەردێکی شـــــــکاوی نەخش‌کراویان لەم بەرو ئەوبەری کونێک دۆزیەوە بەڵام هەوەڵ‌کۆ نەیان توانی لـە بارەی ئـــەم بـــەرد نووسانەوە هیچ زانینێک یان دەست‌گیربێ بۆیە ئـەم زانینانە هەروا نهێنی وە لـــە دووتووی مێـژوودا مـایـەوە .

بەڵام لە ساڵی ١٩٤٦ دا چەند بەرد نووسێکی میسماری‌یان لە هەمان ناوچەدا دۆزیەوە کە لە پاش خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەو ســـــاغ‌کردنەوە بۆیان ئاشکرا بوو کە ئەم بەرد نووســـــانە بریتین لـــە نووسینێك کە سەنحاریب پاشا لە کاتی فەرمانڕەوایی‌دا نووسیوونی کە تیایا بەسەرهاتۆ سەرگوزەشـــتەی هەڵبەستنی جۆگەی باستورا پیشـــان ئەداو ڕوون ئەکاتەوە .

ڕاکیشانی ئاوی ڕووبارو چەمی چیای خـانی شادی | دیارە ئەبێ چیای شەقڵاوەو پیرمام بێ | . وەکو کردنەوەی لە چەمێك دا وەهێنانی بە کارێز بـۆ دەشتی هەولێر ڕوون ئەکاتـــەوە . جا بۆ زیاتـــر ڕوون‌کردنەوە دەربارەی ئەم جۆگەیە وا لە خوارەوە بە کوردی دەقی نووسینێکی ئەو نووسینانە کـە بە مێخی میسماری نووسراوە بڵاوئەکەینەوە .

« من سەنحاریب پاشای ئەم ســـــەرزەمینەم پاشای وڵاتی ئاشوورم لە چیای خانی کە ئەکـەوبتە وە- لێرەدا قســـــەی مامۆستایە کە دەڵێ وشەی (بەرق) هەڵەیەو دەبوایـــــە(بەرف = بەفر) بوایە ، بەڵام ئەوە ناگەیەنێ کە ئێمـــــەنەمانزانیبێ وشەی (بـــەرف) چی دەگەیەنێ بۆیە (بەرق)مان‌نووسی‌وە ، بە پێچەوانـــــە ئێمە ڕاستەکەمان نووسی‌وەبەڵام ئەمە هەڵەی چاپـــە ، هەروەها لە دەســـــــت‌نووســـەکەی شـــاعیریش (بەرف) نوسراوە ،

مامۆستا قەرەداغی دەڵێ:« (ماچۆزوان) تێکـــــڕای گۆرانەو بە (زوانی ماچز)واتە: بە شێوەی گۆرانی- کاکەیی بەشێکن لەوانە- یان بەشێك‌بوون لەوانە کە بەزوانـــی ماچز گفتوگۆیان کردووە ،گفتوگۆ ئەکەن».

و- لە پێشـــــــــەکی‌وتارەکەماندا وتمان ڕەکـــو ڕیشـــــەی (ماچزوان)دەڕواتەوە سەر (گـــۆزان) بەڵام ئەو هۆزو تیرانەی بـــە شێوەی (گۆزانی = هەورامی)ئاخافتن دەکەن جگە لـــە هۆزی کاکەیی هۆزێکی تـــرنی‌یە لە ســـەرانـــــەری کوردستان‌دا بەو زاراوەیەی‌پێی دەدوین - گفتوگـــۆ دەکەن بڵێین (ماچۆزوان) یان‌بڵێین بە (ماچز) ئـــە دەکەین.

شاعیریش بۆیە داوا لـــەیەکێ لە ســەرەك هۆزە بە ناو بانگەکانی ئەو ســەردەمـــەی‌کاکەیی (ســەی ڕوستەم ئاغا) دەکا ژنێکی بۆ بهێنێ لە (ماچۆزوان) واتە ئەو ئافرەتـــەی دەیەوێ بیخوازێ دەبێ لـــەهۆزی کاکەیی بێ ، دیارە بە تەمای ژنێك بووە لە (ماچز)زوانەکانی کاکەیی ، چونکـە هۆزی ناوبراو دەبنـــە دووبەشی ســەرەکی‌یەوە لە لایەن زمانەوە ، بەشی یەکەم بـــە(ماچز) ئاخافتن دەکەن ئـەو بەشەکەی تریشی بە سۆرانی‌کفتوگۆ دەکەن .

وەك شاعیر خۆی دەڵێ :

ئیستیدعام ئبدەن چە کار ســـازی
چە (ماچۆزوان) ژەن پەیـــم بـــوازی
(ل:٢٦)

هەروەها دێی (عـــەرەب‌کۆیی) کەوا شاعیر تێیـــدا ئبشتەجێ بووە جگە لـــــەکاکەیی گەڵێ تیرەو بەرەبابی تریشی تێدا بووە . مـــەلاخەلیل ئەو تیرەو بەرەبابانەی لە پارچە شیعرێکدا هەموو‌سەر ژمێر کردووە . بڕوانە لاپەڕەی (٧٢)ی دیوانەکە . خوێنەری بەڕێز :

وەڵامی هەندێ لـــــــەرەخنەکانیم نەدایەوە لەبـەر ئەوەی بەیوەندیان بە مامۆستا(ئەریمان)ەوە هەیە وەك :

شێوەی نووسینی هەندێ‌وشەو ڕستە لە بەراوێـــزو پێشەکی دیوانەکـــــەدا .نووسینی شـــــیعرەکەی (حەمدوون) ، دروست کردنی‌فەرهەنگۆکی دیوانەکـــــەو کەوتنی بە دوای بێـــــرستەکەوە ، بێ ژمـــــارەی بێرستەکە .

ئێمـــــە لـــــــەم وردەکاردی‌یەماندا دەکەینە ئـەم ڕاستی‌یەی دەڵێین مامۆستامحەمەد عەلی قەرەداغی لـە ڕەخنەکەیدا زۆر بـــە وردی‌کەڕاوە کەمو کورتی‌یـــــەك بدۆزێتەوەو بیخاتـــــە ڕوودەحاوی لە لاپەڕە تێـــــڕو تەسەلەکانی دیوانەکە بـــــەجارێ قوخاندووە . ئێمەیش ئامۆژگاریمان بۆ مامۆســـــتاقەرەداغی ئەوەیە لە ڕەخنەو لێکۆڵینەوەکانی ئایندەبـــــدائەوەندە خۆی ووتەنی بەڵـــە نەکاو بەسەر بێ‌ی نەچێتـــەجیهانی ڕەخنەوە .

هەردەوێل کاکەیی

وردەکاری یەك لە ڕەخنەکانی قەرەداخی

- ٢ -

دوو بارە دەڵاڵ ئاما بـــە فریـــــاد
مال فەقیرەن کـــــێ (دارۆ) زیـــاد

ئێمە دەڵێین کـــــــاك قەرەداغی هەقی‌یەتی‌و بـــۆ ئەمە لە ڕێزمانی گۆرانـــی‌دابەکار دێ بەڵام لە شـــێوەی (ماچز)دا ئـــــەم ڕیبـــــازەهەرگیزاو هەرگیز پـــێ ڕەو ناکرێ بۆ نموونە :

بۆ (متکلم) (دارۆم) یـــــــان(دارۆن‌و) بۆ (غایب)یشـــــ (دارۆ) دەگوترێ وشـــــەی(داروو) یا (داروون) لـــــە ماچزدا نی‌یە .

لە جێگایەکی تر دەڵێ :

لایەنێکی دیکەیش هەڵەیەڵە نووسین‌و ڕاستکردنەوەی دەقی شێوەکاندا ، ئەمەیش‌بەهۆی نەزانینی وشەیەك یان زیاترەوە لە شیعرێکدا وەك:

شەربەت شەکەر مێز مانگـــای زەرد
مەنۆشان (٠٠٠٠) وێنەی (بەرق) سەرد
(ل:١٣٥)

بەشی دووەم

مامۆستا ئیسان دەڵـــێ :«لە پێشەکی دیوانەکەدا باسی دەسخەتی دەفتەری ژمارەدوو کراوە دوایش لەلاپەڕە (١٣٢)دا پارچە شیعرێـــــــك‌بڵاو کراوەتەوە ، نە لەم لاو نە لەو لا حەقیان بە شاعیرو پارچە شیعرەکە نـــــەداوە ، چونکە لە شیعرەکانـــــــەوەدەردەکەوێ شاعیر کێتێـــك یـــان بڵێین کەشکۆڵێك‌ـی‌بۆ ئەمین ئاغای هەمەوەنـــد نووسیوەو لە پارچـــــــەشیعرەکەدا پێشکەشـــــی کردووە ئەم باسەیشـــــیان‌بەسەردا تێپەڕیوە ، یـــــان خۆیان بە ئارەزوو خۆیان لەفەرەی نەداوە .

و- لە پێشـــەکی دیوانەکەدالە لاپەڕەی (٢٠)دا بە چەند چەند دێرێك باسی دەفتەری(ژمارە دوو)مان کـــردووەو وتوومانە ئەو دەفتەرە (٢١٠)لاپەڕە بووە (٢٥) لاپەڕەی لێ بزر بووەو ڕزاوە تەنها (٧٦)لاپەڕەی لێ ماوەتەوە هـــەر وەها دەست نیشانی ئـــەوەوەزنراوەیەمانیشـــە کـــردووە کەوا لە لاپەڕەی (١٢٣)دا بڵاوکراوەتەوە .

مامۆستا دەڵێ گوایە ئێمەئەوەمان نەزانی‌وە کە لـــــە شێوەی زاراوەی (گۆزانی)دابۆ (متکلم) (دارو) یـــــا (داروون)و بۆ شـــــــێوەی(غائب)یش (دارۆ) یـــــا (دارۆن) دەوترێ ، هەروەهادەڵێ لە دیوانی خەلیـــــل منەووەردا پەیڕەوی ئەمـــــەبە باشی نەکراوە ئـــەم دوو خشـــــتە شـــــیعرەی‌خوارەوەیشی بۆ نموونـــــە هێناوەتەوە :

بۆ (متکلـــم)

- ١ -

سوئالێ (دارۆم) وەنەم کەر بەیـــــان
زەن فرەن یا مـــەرد نەوەنگەی جیهان

بۆ (غائـــب)

ئەزمانێ کوردی .
— باڵندێ زەر
دستربتن ل‌سەر هونـــەرا
ژکەیفادا
دڵێ من رادبیتە ســـەمـــا
ئەم هەردوو
ل‌گونەدکینە
نهێنییا مە ئەفەیـــــــە
ل‌کەل هەمە
دل خوشیامە
نازدار دئێن
ژێرا دبنە شـــقان
ل‌بن سیبەرا
دارێت ل‌ناف باغێ من‌دا
هەکە ڕێکا خو بەرزەکـر
ل‌ناف برێزا جهێ مـــــن
دێ هلکرم
بزەندکا
نافێ کوندێ من (خانجانا)
دبێژنە رویبارێ مـــەژی
(ئەنجانـــا)
نافێ من ژی هەمی دزانن
بەلێ نافێ وێ (دانجانـــا)
ئەو هەنگێن
کوم دبن ل‌ناف باغێ مـــە
ئافا کولا دمێژن
ل‌ناف باغێ‌وا
کولیلکێت وا
ئەوێت دوەرێنە رویباری
با ... پال ددەت
دا ئەز .. بێ ب شـــوم
سەری
زنجیرێت کولیلکێـــــت
هشك
ژبرێزا وا
بەرەف بازارا مە دئێـــن
نافێ گوندێ مە (خانجانا)
دبێژنە رویبارێ مـــەژی
(ئەنجانا)
نافێ من ژی هەمی دزانن
بەلێ نافێ وێ (رانجانا)

ژ توری هندێ

رابندرا ... تاغور

تاغور دئێتە هژمارتـــــن‌ژهوزانقانێت کەنکەنـــــە ل‌هندێ ئێکـــە ژپەیســـــــك‌بلندا ل‌ناف کوما تورەفانـــا ل‌وەلاتێ هندێ .

اسماعیل ڕەفەندی
دهـــوك

ساڵا ١٨٦١ز ل باژێـــرێ(کلکتا) یێ هاتیە ســـەر ڕویێ جیهانێ ژبنەماڵەکـــــاهندی ژ برایێت خو هەمیا بچویك تربو ژبەر هنـــــدێ‌نافـــــــێ وی کـــــرە (دابندرا - تاغور) ئانکـــورۆژ . بنەماڵا تاغوری هەمی هونەرمەندبون هەر ئێـــــك‌ب کارەکـــــی چـــــــترانو چژەنین‌و چنیگارچ هـــــوزان، تاغوری تور هەڵبـــــــژارد ژتوری ژی ب‌تایبەتـــــــی‌هوزان .

ل‌ساڵا ١٩٤١ز بو کوچەرژمێ جیهانێ . دەمێ مـــــری ژیێ وی هەشتێ ســـاڵبو .ئەئە ژی پارچەکە ژهوزانەکا وی مـــــن بو خاندەفانـــــاهەڵبژارتی‌و وەرکێرایـــــــە

وەکو لەلایەن پشکێنەران‌و شوێنەوار ناسانەوە دەرکەوتوەو ساغبوتەوە تەواوبوونی ئەم پرۆژەیـــــە ساڵێکی خایاندوە لە ساڵی ٦٩١ - ٦٩٠ زایینی . ئەم مێژوویەی کـــە ڕێکەوتی تەواوکردنی پرۆژەی ئاوەدان کردنەوەو ئاوراکیشان بۆ پایتەختی ئاشوور شاری نینەوا ئەکا .

بڕوانە ل ٧

غەزاڵێ

■ سەگفان یوسفی ■

غەزاڵی مازی چنێ
هەچی دارا ئـەز دچمێ
تو بێ لبنی لێ لێ‌ی .. لێ لێ
غەزاڵێ گاورێ ژ مالی فان گاورا
دێ تو رابە نەختێ خو لگەل بابێ من
قەبرە لێ لێ‌ی .. لێ لێ
چما نەکێ ئیرو ئەزێ لبە دەریکێ مالا
بابێ تـــە را بوریم
دە منێ سلافی تـــە کرێ
تـــە سلافا من ژ من نـــە ودرگرتێ
دە چنکو قوتکێ من قتیبابو
سولا من ڕەبەنێ خودێ پچیبابو
یەلگێ من ژ دارێ وەشیبابو
ستێرا من لئەسمانێ حەفتێ ڕژیبابو
دیلبەرێ لێ لێ‌ی .. لێ لێ
کوڕو دینو مالا بابێ تـــە شەوتی‌یو
دە سلافا تـــە سلافا خودێ بێ
لـــەر سەرێ من و هەردوو چافێ من و بابێ من بێ
نێ پیردك و مبردك و دەر چیران لفێرێ بون
ئەرێ گدی دا بێژن ئەف کوڕکە یارێ فێ کەچکی‌یە
لێ لێ‌ی .. لێ لێ
دیلبەرێ لێ لێ لێ لێ لێ‌ی
غەزاڵێ گاورێ ژ مالی فان گاورا
دەهیفە بمن و تـــە هیفە
چ ئێفارەکە بدرەنگیفە !
دە ئەرێ چوبیم مەحلا ژێری
بتاخێ ژوریفە
دە منێ زەریەکێ دینی بدەریفە
دە تەشی بگولیفە .. گولی بتەشیفە
تەشی لـــەر زەندێ سپیفە
زەندێ سپی ببارنی زێریفە
بارنی زێری لـــەر زەندێ سپیفە
دە زەندێ سپی بتلیوکێ شمشالیفە
تلیوکێ شمشالی بگوستیری زیفیفە
های لێ بخودێ من د هرر دکر
بەزنـــا وێ گار و تیفە
لێ‌ی لێ لێ و لێ لێ و لێ‌ی
دیلبەرێ لێ لێ لێ لێ لێ‌ی
غەزاڵێ قرکا تـــە مینافێ
قرکـــا قـــارێ و بەطێ
هەردوو چاقێد تـــە د ردەسو
مینـــا فێ
حوبرا لفێ کـــاغـــەتێ
تـــە سینگ سپی‌یێ
مینا فێ بەفرا لدورێ فێ جیفەتێ
دە دەما دەفێ خو تێکم ژ خال و نیشانا بکەردەتێ
بەلێ بخودێ ئەز دەفێ خو ژ گەردەنا ردر نابەردم
هەتا ڕوژ دەرکەفت
بێت کـــارێ قبیلەتێ
لێ لێ لێ لێ .. دیلبەرێ لێ
دێ رابە غەزاڵێ مازی چنێ
هەچی دارا ئەز دچمی
تو بێ لبنی .. لێ لێ
لێ لێ لێ‌ی

● ئەفە ژی ئێك ژ وان دەفێن فولکلوریە یێن کو مە ژ زاری « لزگین مجید عیسا » لســـــاڵا ١٩٨٠ی ل زاخو وەرگرتین .

Institut kurde de Paris

ساڵی تازەی

خوێندن و قوتابخانەی سانەوی

هەڵبجەی گیان ...

بۆ ئەوەی لەنزیکەوە سەرنجی بدەین لە بارەی خوێندن لەم قوتابخانەیدا چاومان کەوت بە بەرێز بەرێوەبەران‌و چەند مامۆستایەکی ..

لە سەرەتادا بەرێز خاتوو امتیاز اسماعیل صابر بەرێوەبەری قوتابخانە .. دەربارەی قوتابخانەکە پێی‌وتین .. قوتابخانەکەمان ئەمساڵ پۆلی شەشەمی ئامادەیی‌و وێژەیی تیا کراوەتەوە ، ژمارەی قوتابیەکانمان ٧٢٠ قوتابیە ، لە ٢٠ پۆلدا ئەخوێنن هەر چەند بینای قوتابخانەکەمان کۆنە ، ئەگەرچەوە بۆ ساڵی چلەکان ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تاقیگەو شوێنی تایبەتی وانە ئامادەکردنما هەیە ، مامۆستایانی قوتابخانەکەمان کەمن ، بەڵام جێگای ڕێزە کە بڵێم مامۆستایانی ئامادەیی هەڵبجەی کوڕان‌و ناوەندی احمد مختار ، یارمەتیمان ئەدەن . شێوازی خوێندن لە قوتابخانەکەماندا ، جۆرێکی تایبەتی وەرگرتوە ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کە مامۆستاکانمان زۆر ماندوو ئەبن ، چونکە خۆمان دوو دەوام ئەکەین جگە لەوەی سازگاری سەرەتایی‌و سانەوی شەوانیش هەر لەم‌بینایەدا دەوام ئەکەن .

● **واتە چوار قوتابخانە دەوامی تیدا ئەکەن .**

— بەڵێ ..

● **مامۆستا امتیاز ئایا بەشداری وەرزش‌و پێشنگای هونەریتان کردوە .. ؟**

— لە روی وەرزش‌و هونەرەوە ئامادەیمان هەیە ، هەر بە بۆنەی جەژنی مامۆستایانەوە پار ئاهەنگمان گێراوە ، هەموو ساڵێك بەشداری چالاکی هونەریی قوتابخانەکانمان کردوە ، شایەنی باسە بڵێم ساڵی‌پار پلەی یەکەممان لە پێشنگای وێنەدا وەرگرتوە ...

● **یەکێك لەوانەی بە ئەرکێکی سەرشانی بەرێوەبەران ئەژمێری پتەوکردنی پەیوەندی نێوان قوتابیان‌و باوکان‌و دایکانی قوتابیانە ئێوە چی‌ئەڵێن ؟ .**

— زۆر ڕاستە ، ئێمەش لەو لایەنەوە درێغیمان نەکردوە ، ساڵی سێ چوار جار پەیوەندی بەدایکانی قوتابیانەوە ئەکەین تیایدا باسی هەموو لایەنەکانی پەروەردە ئەکەین ، ئەوەشی وای لێ‌کردوین کە پەیوەندی کۆمەڵایەتیمان لەگەڵ قوتابیان‌و دایکاندا بەهێز بێت ، ئەو بڕوایە کە قوتابیان مندالی خۆمانن پێویستە لەگوش کردنیان دوانەکەوین ، وەهەموو ڕۆژانێکی پێنج شەممەش قوتابیان بۆ ئەو مەبەستە کۆئەکرێنەوە .. لە هەموو پۆلێکدا رابەر هەیە ، پەیوەندی مامۆستا و قوتابیان پەیوەندیەکی خوشکانەیە بڕوامان زۆر بە قوتابیانە .. ئەوانیش سکاڵای خۆیان بەدڵنیاییەوە لای ئێمە ئەکەن بەدڵسۆزیەوە بۆیان حل ئەکەین .

مامۆستای وانەی کوردی بەرێز حمدیە رسول عبدالکریم ووتی :-

ماوەی شەش ساڵە کوردی ئەڵێمەوە ، پێش هەموو شتێ لە هەفتەیەکدا تەنها دوو بەش بۆ کوردی دانراوە ، ئەمەش لە چاو بابەتەکانی زمانی کوردیدا زۆر کەمە .. لە زمانە سەرەکی‌و ڕەسەنەکەی خۆمانەوە بابەت هەڵبژێرن بۆ خوێندنەوە .. پاشان گیروگرفتێکی‌تر کە دێتە ڕێگای قوتابیان ، پرسیارەکانی پۆلی سێهەمی ناوەندی ، کە بەشێوەیەکی ئەوتۆ دانراوە قوتابی سەری لێ‌ئەشێوێ لە وەڵام دانەوەیان .. لە کۆتایدا ئومێدەوارم مامۆستایانی وانەی کوردی‌و هەموو مامۆستایەکی دڵسۆز ، کارامانە خۆیان ماندوو بکەن، کە ئەرکی سەرشانمانە ..

پاشان مامۆستای وانەی زینەدەوەرزان گوڵزار عبدالکریم دەربارەی کتێبخانەو تاقیگەی قوتابخانە ووتی :-

کتێبخانەی قوتابخانەکەمان زیاتر لە ٤٨٠ کتێبی تیدایە ، ئەمەش شتێکی باشە بۆ ئەوەی قوتابیان سوودی لێ‌وەرگرن ، بەڵام لەبەر کەمی ماوە ، بۆ قوتابیان زۆر کەم سوودی لێ‌وەرئەگرن ، ئەگەر تەنها لەکات نوسینی ڕاپۆرتی قوتابخانە ، وەك سەرچاوەی باس کەلکی لێ‌وەربگرن .. تاقیگەی قوتابخانەش هەموو تفاقێکی تێدایە ، بەڵام جیانین ، کە پێویستە ژوری جیابان هەبێت هەروەها کەل‌وپەلی پێویستی ئەو تاقیگانە درەنگ ئەگاتە دەستمان ، هەوڵبدرێ لەکاتی خۆیدا بمانگاتێ .

هەر لە ژوری مامۆستایاندا چاومان کەوت بە بەرێز مامۆستا فیصل یوسف مصطفی ، کە مامۆستای محاضرەو یاریدەدەری ئامادەیی هەڵەبجەی کوڕانە . بەم شێوەیە سەرنجی خۆی دەربڕی دەربارەی ساڵی تازەی خوێندن :-

ئەوەی کە لە پێش چاومە لە سەرەتای هەموو ساڵێکی خوێندندا ، ئەوەیە سەرپەرشکارانی پەروەردە ، هەموو ساڵی بەڵێن ئەدەن، لە سەرەتای قوتابخانەدا بێنەلامان‌و چەڵەمەکان شیکار کەین .. بەڵام لە کۆتایی ساڵدا ئەیان بینینەوە !

قوتابخانەکانی هەڵەبجە زۆرن ، بینای خوێندن کەمن ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو مامۆستایانەی کە بۆ هەڵەبجە دائەنرێن ، تا ماوەیەك ئەمێنەوە ، پاشان ئەگوێزرێنەوە ، پێویستە خەڵکی شارەکە دابنرێت . بوونی سانەوی‌و ئامادەیەك

بروانە ل ٧

■ **لقی سلێمانی** ■

لە نەخۆشخانەی کۆماری هەڵەبجە

لەدیدەنیەکی نەخۆشخانەی کۆماری هەڵەبجەدا ، چاومان کەوت بەبەرێزان دکتور هیوا عمر احمد بەرێوەبەری نەخۆشخانەو بەرێز دکتورە سمیرە محمد صالح پزیشکی نەخۆشخانە ...

لەسەرەتادا بەرێز دکتور هیوا باسێکی نەخۆشخانەکەی بۆکردین :-

شێوەی دروست بوونی ئەم نەخۆشخانەیە ، وەکو زوربەی نەخۆشخانەی شارەکانی‌تری کوردستانە ، کەتیایدا نەخۆش ئەبینرێ‌و ئەخەوێنرێ ، بەشەکانی ئێکس‌بەرداری « الاشعە »و تاقیگا «المختبر»و چێشتخانەو بەشی شوشتن ، کارگیری‌و کارەبایی‌و میکانیکی تیدایە.. جگە لەدەرمانخانە ، پێنج پزیشك لێرە کارئەکەن ، کەدوانیان ئافرەتن ، زۆری تایبەتمان هەیە بۆ پزیشکی دان ، هەرچەندە پزیشکی بۆدانراوە بەڵام تائێستا نەهاتۆتە سەرئێش .. کارگیرانی نەخۆشخانە زوربەیان خەڵکی شاری خنجیلانەی هەڵەبجەن ، هەرهەموو بەمانی خویانی ئەزانن‌و دڵسۆزی تەواوی بۆ دەرئەبڕن .. ڕۆژانەش دوو سوڕ کارئەکەین بەیانی‌و ئێوارێ .

● **دکتۆر لەڕۆژێکدا چەند نەخۆش ئەبینن .. ئایا شوێنی حەوانەوەو خەوتنی نەخۆش چۆنە !؟**

— لەڕۆژێکدا نزیکەی ٦٠٠ نەخۆش ئەبینین ، ٦٢ شوێنی حەوانەوەمان هەیە «٢٠»ی بۆ منداڵان‌و «٨»ی بۆ بریندارى‌و حەوانەوەی کاتی ، ئەوانی‌تر بۆ نەخۆشی جۆراوجۆر ..

● **بەوەی هەڵەبجە نزیکە لەبەرەی جەنگەوە بەشی « نەوسودو پێنجوین » ئایا شتێکی تایبەتی بۆ ئەم مەبەستە ئەنجام دراوە ؟**

— بەڵی «٨» هەشت شوێنی تایبەتیمان هەیە کە هەمیشە ئامادەیە بۆوەرگرتن‌و تیمار کردنی هەربریندارێك ، وەهەر ڕوداوێك یان کارەساتێکی جەنگ بگاتە ئەخۆشخانەکەمان چارەسەر ئەکرێت ، هەروەها هۆڵی نەشتەرگەری (صالە عملیات) مان هەیە ، کەزۆر ڕێك‌وپێکەو ئامادەیە بۆکارتیاکردن لەکاتی پێویستدا ، خوانە خواستە لەکاتی بوردومان لەلایەن ئێرانی وێرانکارەوە یان کاتی هێرش هاتنە سەر ناوچەکە پزیشکی نەشتەرگەر « طبیب الجراح» لە سلیمانیەوە دێت‌و بەکاری خۆی هەڵئەستێ . هەروەها دوو ئەمبولانس « سیارە الاسعاف »مان هەیە لەم ڕۆژانەشدا بەرێوەبەری گشتی تەندروستی سلیمانی پەیمانی داوینێ کەئەمبولانسێکی ترمان بۆبنێرن .

● **ئایا نەخۆشی بڵاو لەناوچەکەدا هەیە !**

— نەخۆشی بڵاو لەم ناوچەیەدا تەنها مەلاریا « لەرزوتا »یە ، کەهەوڵ‌و هاوکاری نەخۆشخانەی ئەوێت ، بێ‌گومان چارەسەری لای ئێمە بەدەست نیشان‌کردنی نەخۆشیەکەیە .«ودی‌دی‌تی» ڕژاندن بەشارو دێهاتەکاندا .. پاشان نەخۆشی گرانەتا کەهێزی سەرەکی لەناوی پیسەوەیە ، چونکە زوربەی خەڵکی لێرە ئاوی بیر ئەخۆنەوە بە کەمی پاکژ ئەکرێنەوە ئێمە ئەو بیرانە تاقی ئەکەینەوە ڕێگای خواردنەوەی یان بەکارهێنانی ئەدەین .

● **کوتان لێرە چۆنە ..؟!**

— لێرە هەر ساوایەك بێتە ژیانەوە ، لەگەڵ دەرهێنانی پیناسەی لەدایك بوونداً بەدەرزی سێل ئەکوترێ ، پاشان بەپێی‌ی خشتە دژی دەردە کۆپان‌و ئیفلیجی منداڵ‌و کۆکەراشەو گرانەتا ئەکوترێ . . . لەسەرەتای قوتابخانەدا قوتابیان ئەکوترێن ، وەهەر کەسێك بیەوێ دژی گرانەتا ئەیکوتین کچانیش لە تەمەنی «١٤ - ٢٠» ساڵی دژی سورێژەی ئەڵمانی‌و دەردە کۆپان ئەکوتین

بروانە ل ٧

نازاد - سلیمانی

دەورەکا بەرفرەه یا قوتابی و لاوال دهوکێ

ل ئاڤبەرا ٢١-١٠ و ٢-١١ -١٩٨٤ دەورەکا بەرفرەه یا قوتابی و لاوا ل دهوکێ هاتە گرێدان .

ل هولا ئێکەتیا بیستیمانی یا قوتابی و لاوێن دهوکێ نو ئەف دەورە هاتە قەکرن ب گوتارەکا گرنگ ژ لایێ هاورێ (شهاب احمد دلال) نهێن گرێ نڤیسینگەها قوتابی و لاو د شوبا دهوکێ دا یا پارتا بەعسا عەرەبی یا هەڤپشکی‌دا ل دەم ژمێر چواری ئێڤاریا روژا ئێکێ ، هەر وەسا ل دەم ژمێر پێنج ژ ئێڤاریا هەر دوێ روژێدا کۆڕەك هاتە گرێدان ژ لایێ هاورێ ناجی فیاض بلال سەروکێ لەقێ دهوکێ یێ ئێکەتیێ تێدا بەحسێ دەورێ ئێکەتیێ د داکرتنا جەماوەری دا کر. نو ل روژا پێنج شەمبی ١-١١ و ل دەم ژمێر نەهی سپێدێ .. هاورێ محمد سلیم امین بەر پسیارێ لیژنا کاروبارێت پێشەنگا گوتارەك پێش کێش کر ل بن ناف و نیشانێت (ڕێکێت کارکرنێ د لیژنێت بنگەهی دا) . نو ب دویف وی دا گوتارەکا دی خویندن ژ لایێ هاورێ اسحاق مرقس منصور بەرپسیارێ ل دویف چوونێ و فەکولینا ل بن ناف و نیشانێت (ڕێك‌خستن و گرنگیا وێ د بزاڤا لەقی و لیژنێت بنگەهی دا .) پاشی ل ئێڤاریا وێ روژێ جڤاتەکا دی هاتە دانان یا کو هاورێ صبیح محمد سعید تێدا بەحسێ هەڤبەندیا خواندنگەهێ د گەل لیژنێت بنگەهی کری .

نو دەمێ ئەو ب دوماهی هاتی دورا هاورێ صلاح الدین احمد عزیز هات یێ کو بەرپسیارێ روشەنبیری و راگەهاندنێیە ئەوی ژی بەحسێ وانە یا روشەنبیری کر د خواندنگەهێت سەرەتایی و نافنجی دا ، هەروەسا چەند گوتارەکێت دی هاتنە پێش کێش کرن ژ لایێ ئەندامێت لیژنێت کارو بارێت لەڤا . نو ل دوماهیێ هاورێ ناجی فیاض دەورە ب دوماهی ئینا ل دەم ژمێر دەهی سپێدێ . نو ژبو ئاشکەراکرنێ دێ بێژین کو هاورێ صلاح‌الدین احمد سەرەکێ دەورێ بۆ . نو هاورێ جمال محمد احمد هاریکارێ وی بۆ . نو هەمی ڕێڤەبەرو قوماندارێت خویندنگەه و پێشەنگا پشکداری د فێ دەورا سەرکەفتی‌دا کربۆن .

رمضان عیسی
لەقی دهوك

قوتابخانەی لادێکان

ئەگەر بەوردی چاوێك بگێڕین ، تەماشای باری هەندێ لەقوتابخانەی لادێکان بکەین ، ئەبینین لەچەند ڕوویەکی پەروەردەیی‌و کارگێڕایەتیەوە دواکەوتنی پێوە دیارە ...

ئەمەش وا لەمرۆڤ ئەکات ، هەر بەبینینی ئەو قوتابخانانە باری سەرنج‌و هەڵوێستی خۆی دەربڕێت . بێ‌گومان تەنها سەرنجدان‌و هەڵوێست وەرگرتن . . . نابنە زامن بۆ چارەسەرکردن، بەڵکو پێویستە کاربەدەستان بەشیاوەیەکی شیاو لایەك لەو قوتابخانانە بکەنەوە ، بەتایبەتی کەزۆربەی زۆری ئەو قوتابخانانە بەتەنها بەمامۆستایەك بەڕێوە ئەچێت ، ئاشکرایە کە تەنها مامۆستایەك ناتوانێ لایەنی فێرکردن‌و ئەرکی بەڕێوەبردن‌و هەڵسوڕاندنی کاروباری دەرەوەی قوتابخانەش بگرێتەئەستۆ!؟ لەبەرئەوە بەشێوەیەکی گشتی ، ئەو قوتابخانەیە هەموو ڕۆژانی هەفتە وانەکانی تیا ناخوێنرێت ، بەشێوەیەکی ڕێك‌وپێك هەرچەند. ڕۆژێ بێ‌مامۆستا ئەبن ، بەتایبەتی ئەگەر مامۆستاکە خەڵکی ئەو ئاوایی‌یە یان ئەو شوێنە نەبێت کەقوتابخانەکەی تێدایە .

جگە لەوەی کەمدەسی‌و فریانەکەوتنی تەنها مامۆستایەك نەبێتە هۆی دواکەوتنی ، قوتابیانی ئەوشوێنە ، هەرلەسەرەتای خوێندنەوە بیگرە ، بەتایبەت، دابەش‌کردن‌و وەرگرتنی پەرتوك‌و پێویستیەکانی‌تری خوێندن . ئەگەر بەراورد بکرێ لەچاو خوێندگاکانی ناوشاردا ، لێرەدا تەنها ئەوە ئەڵێم ئەگەر لادێیەك تەنها یەك قوتابخانەی تیابی‌و یەك پزلیشی هەبێت زمارەی قوتابیەکانی لەبیست . . سی قوتابی تێپەڕ نەکات ، بەتەنها مامۆستایەك بەڕێوەناچێت . !!

نازاد

قسەی خۆمان بێ

ئەمجارە بۆ خۆم دەنووسم ..

لە وەتەی ئەدیب‌و نووسەرانی کورد کۆنگرە دەبەستن‌و کۆبوونەوەو گفتوگۆ دەکەن ، مەسەلەی ڕێ‌و شوێن‌و بارەگا ، خاڵێکی هەرە گرنگی ئەو گردبوونەوانەن .. هەر لە یەکەم کۆنگرەداو تا دەگاتە دووا کۆنگرەو بەر لە دامەزراندنی یەکێتیش ، ئەگەر ئەدیب هەڵی بۆ هەڵدەکەوت ، ئەوە باسی لێوەدەکرا .

لە کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتی نووسەرانی کورد کە لە ساڵی ١٩٧٨ لە شاری هەولێردا بەسترا ، ئەم مەسەلەیە زۆر بەتوندی سەری هەڵدا .. لەوە دەچوو ، بێ ڕێ‌و شوێنی کاری کردبێتە سەر هەموو برا ئەدیب‌و نووسەرەکان‌و ئیدی ئارامیان لەبەردا نەمابوو .. هەر بۆیە هەموو داواو پێشنیارەکان هەر لە یەك بازنەدا دەخولانەوە ، ئەویش بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی نووسەرو خولقاندنی بارێکی ئەوتۆ ، کە بتوانێ بەرهەم بدات‌و جوانکاری لە بەرهەمەکەیدا ببێ .

لەبەر ڕۆشنایی ، پێشنیارەکانی ئەو کۆنگرەیە ، منیش ووتارێکم نووسی‌و نێوم‌نا « ئەمجارەیان بۆ خۆم دەنووسم »و ڕەوانەی ئۆفارێکم کرد .. بەداخەوە ئیستایشی لەگەڵدا بێ ، نەمزانی هۆی بڵاونەکردنەوەی چی بوو !

بەهەر حال .. خاڵێکی ئەو ووتارەی من ، سەبارەت بە بارەگای یەکێتی بوو . دەمگوت : خۆزگە ئەدیبی کوردیش خانوویێکی چەند نهۆم‌و پان‌و بەرینی دەبوو ، لە جیاتی تەق‌و هۆڕی چایخانەو شەڕو گێچەڵی یانەکان ، چەند سەعاتێ لەگەڵ دۆست‌و برادەرکانی دەبردنە سەر .. ئەو کاتە بەخانوویێکی یەك نهۆمیش قایل دەبووین .. هەر باشە !

ڕۆژ هات‌و شەو گوزەشت ، چەرخی ڕۆژگار جوولایەوەو بناغەی لقی یەکێتی نووسەرانیش لە هەولێردا بەرزکرایەوە .. بەخێر بانەکەیشی گیراو شووشەو دەرگای لێ قایم‌کران‌و ئەوەتا دارتەلی تەلەفزیۆن خۆی لە هەور دەدا .

خانووبەرەیەکی سێ نهۆمی ، لە سەرزەوی‌یەکی ڕووبەر پان‌و تا چاو حوکم دەکا هەر هەوە .. باخچەی دەوروبەری ئەگەر لە وەرزی هاویندا ، یەکێتی ئاهەنگ بگێڕێ ، ئەوە نەك تێرای خۆیان‌و خێزانەکیان ، بگرە تێرای نیوەی دانیشتووانی گەڕەکی (مەنتکاوە)یش دەکا !

باسی ئەو دوو نهۆمە بکەم کە کراونەتە بارەگای کۆمەڵ‌و ئەقابە هونەری‌و ڕۆشنبیری‌یەکان یا نهۆمی ژێرەوە کە جێگای لقی ساوجبلاغی کوردستانیشی زۆر بەفەراحی تیا دەبێتەوە ؟ .. سەرەڕای ئەو هۆلە فراوانەو سێ چوار ژوورە نوستن‌و ئیستراحەتی مبوان .

بەڕاستی بارەگای یەکێتی‌ی نووسەرانی هەولێر ، جێگای شانازی‌یەو ئەوانەی لەگەڵیا ماندووبوون‌و بەم حالەی حازریان گەیاند ، شایانی ئەوەن « دەست خۆش »یان لێ بکرێ ..

لەم چەند ڕۆژانەی ئەم دووایی‌یەدا . لەگەڵ چەند برایێکی ئەدیب سەردانی بارەگامان کرد .. مامۆستایەکی زێدە بەڕێز فەرمووی : لە وەتەی ئەدیبی کورد هەیە . بارەگای وای نەبووە .. ڕاستیشی دەکرد .. ئای کە بارەگای چاکە .

سـعید ...

Institut Kurde de Paris

ئەی صـــدام هەموو عیراقی‌یەکان لەگـەڵتدان ، لەســـەر ڕێگای سەربڵندی‌و سەربەرزی

سەنحاریب ـ پاشماوە

هەروەها شوێنەواری ئەم جۆگەیە ئەمڕۆ زۆر بە ئاشکرا ئەبینری چۆنکە ئەکەوێتە ئەم تەنیشت ئەو تەنیشتی گوندە بەناوبانگەکانەوە وەکو گوندی بەحرەکە (واتە بەحرە بچکولە) وە گـوندی قەڵای مورتکە وە گوندی عەنکاوە .

شیاوی باسە هونەری کارێز هەڵکەند لـــە مێژوودا بە پیشەیەکی تایبەتی دائەنرێ‌و لە ناوچەی کوردستان دا بەکاررهاتووە وە مرۆڤ بۆ دابین‌کردنی پێویستیەکانی کەڵك‌و سوودی لی‌وەرگرتووە لەبـەر ئەوە ئەتوانین بڵێین کە ئەم پیشەیە هەر لە کۆمەڵگەی کوردی‌دا باوو و بلاوبوتەوە کە ئەمڕۆش وەکـــو پیشـەکانی تر (ئاسنگەری) پینەچی ، ئاڵبەندی ، لە ڕێزی کۆمەڵانی خەڵکی‌دا شوێنی تایبەتی خـۆی گرتووە .

کارێز لە مێژوودا دەوری باڵاو تایبـەتی لـــە کوردستان‌دا بۆ دابین‌کردنی پێویستەکانی کۆمـەڵ لە پیناوی ڕاکێشانی ئاوو چ بۆ خواردنەوە بێ یا بۆ ئاودێری یا بۆ ئاش گێران بێ گیراوەو ئواندوە بۆیە هەر لە کۆنەوە دەستەیە بەناوی کارێـــز هەڵکەندن ئەم پیشە گرنگ‌و هونەریان گرتوتە ئەستوو وە لـــە پێناوی ئاوەدانی‌و پێش‌کەوتنی شـــارســـتانی لـە کوردستان‌دا دەوری باڵاو دیاری‌کراویان ئواندوە .

شوێنەواری هەڵکەندنی کـارێـــز ئەمڕۆ لـــە سەرتاپا کوردستان‌دا بە ڕوونی دیارە لە ناوچـــەی سلێمانی‌و کرکوك‌و هەولێر ، شـــنگارو ، بەدرەو ، جەسان بە زۆری دیتە پێش‌چاو . بـــە داخـــەوە دەربارەی کارێزو ژمارەی‌و ریشـــــەی مێژوویی زانینێکی ئەوتۆمان لەبەردەستدا نیە ئەرشـــیفی زانیاری کوردی لەم بارەیەوە شتێکی ئەوتۆی تۆمار نەکـــردووە وە بۆ هەڵداتەوەو دەوڵەمـند کـــردن رازاندنەوەی ئەم لاپەڕە مێژووییەش هـــەر چـاوە نواڕی کۆششی بەپیـــزو تەقەلای بێ پشـــودانی ڕۆشنبیرانی کوردین کورد واتانی تـا ئەدێت ڕەنج ناگەیت بەگەنج .

شیاوی باسە مامۆستا زبیر بلال ئیسماعیل لە گۆڤاری « کاروان » ژمارەی ۱۷ دا دەڵێت : لـــە دەوری عەباسیەکان لە ناوچەی هەولێـردا نزیکەی ۳٦٥ کارێز هەبوە هەروەها لە ساڵی ۱۹۱۹ ـ ۱۹۲۰ لە کاتی داگیرکردنی عیراق‌دا لەلایەن ئینگلیزەکانەوە لە هەولێردا وەکو میجر هالدن دەڵێت ٦۰ کـارێـــز هەبوە وە ئەمڕۆش وەکو هەندێ لە کارێز هەڵکەندەکان دەڵێن لە ناوچەی هەولێردا نزیکەی بیست کارێز هـــەیـــە .

لە دووایی‌دا ئومێدەوارین کە ڕۆشـــنبیرانی کورد بە کۆششی بەپێزترو بە لێکۆڵینەوەی قوڵتـرو بەلێکدانەوەی بایەخ‌دار تر بەرەو ناخی ئەم باســـە مێژوویە بچن تا پڕۆژەی ئاوی باســـــتوراو وە شوێنەوارەکانی ترمان بەری ڕەنجی مرۆڤی کورد لەم مەیدانەدا بخەنە بەرچاو تا گەنجینەی ســامانی نەتەوایەتیمان دەوڵەمەند بێ وە کاروانی نەسرەوتی گەلی عیراق هەر بۆ هەورازی پێشکەوتن‌و لووتکەی سەرکەوتن هەنگاوینێ .

● **تێبینی :**

زۆربەی لە گۆڤاری ســـومەر بەتایبەتی لـــە گۆڤاری ژمارەی الجزء الاول ـ کـانون الثانی ۱۹٤۷ ـ نوسینی فؤاد سفر . وەرگرتوە .

سالی ـ پاشماوە

لە بینایەکدا ناگونجێ ئەوەش کار ئەکاتە ســـەر ڕادەی دەرونی قوتـــابیـــان ئـــەو « مجمعی مختبرەی » کـــە لە ئاوەندی شارەزوردایە ، زۆر دورە گونجاوتر بوو ئەگـــەر لەبەکێ لەناو قوتابخانەکـانی شـــاری هەڵەبجـەدا بکرایـەتـەوە . لـــە روی دابەش‌کردنی کتێبەوە ، کـە درەنگ ئەگاتە دەســـتمان ، ئاوی قوتابخانەکان کە ئاوی بیر بەکاردێنن ، پێویســـتە چارەسەری بۆ بکرێ .. ئابێ ئەوەش لەبیر بکەین کەمیری هەمیشە هەوڵی داوە لـــە پێش‌خـــــتنی بـــاری ڕۆشنبیری‌و هوشـــیار کردنەوەی قوتابیان‌و خەڵکی لە شارەکەدا ، کاربەدەستان هـــەوڵی تـەواو ئەدەن بـۆ پێش‌خســـتنی قوتابخانەکان ، ئەوەتا بەهۆی دڵســـۆزی کارگەرانەوە دوو ســـاڵە بەشێك کراوەتەوە بۆ چالاکی قوتابخانەکـــان ، بەنـــاوی بەڕێـــوەبـــەری چـــالاکی قوتابخانەکانی هەڵەبجە ، کە بەهۆی هەوڵـــدان‌و کۆششی بێ‌وچانی بەڕێز مامۆســـتای هونـــەر « حمه فرج احمد حمه مراده » وە بـەڕێـــوە ئەچێت ، کە لەگەڵ هونەرو مۆسیقای قوتابخانەکانـدا ، بەشـــــێوەی ئاهەنگ‌و هەڵبژاردنی قوتابیانی خاوەن بەهرەو بەتوانـــا مانـــدوو ئەبێت ، بەیارمەتی مامۆستای مۆسیقا حکمت توفیق کـــە سەرپەرشتی ڕاهێنـــانی مۆســـیقاو هونەر ئەکات ، هاوینان دەورەی ڕاهێنـــان‌و فێرکردن بۆ قوتابیان ئامـادە ئەکەن . منیش لـــەو ڕووەوە سەرکەوتنیان بۆ ئەخـــوازم‌و سوپاسی ئێوەش ئەکەم .

وتەی هاوکاری ـ پاشماوە

مەردەکەی صدام حسین ، بۆ هەموو جیهانی سەلماند کە لە هەموو ئەوانەی پیلانی دژ دەگیرن بەهێزترو بەتوانا ترەو نایەنی خەونە چەپەڵەکانیان بێتـەدی ، وەستانی چوار ســـاڵە زیاتری ئازای لـــە بەرەنگاری کردنی گەردەلولی زەردی لە ئێرانەوە هاتوو سەلماندی گەلی عیراق مل‌کەچ ناکات‌و ڕەوتی هەر لەسەرکەوتنی بەردەوامدا دەبێت .

لەم یادە پیرۆزەدا ئەو پەری‌خۆشەویستی بـۆ ڕابەری گەل‌و ڕۆڵەی بەوەفاو بەباوەرو پاڵەوانـــــی صدام حسین‌و بۆ پێشەوە .

هـــاوکاری

دەست وەشاندنی ـ پاشماوە

بردۆتە سەر ســـــــەنگەرەنزیکەکانی دوژمن بەرامبـەر هێزەکانمان‌و مەردانـــــــەدەستیان لە دوژمـــــــن وەشاندوە .

پەندی ـ پاشماوە

دەچێتە لای ژنە گەورەکە ژنە گەورەکەش هەڵدەستێ مووە ڕەشـــەکانی ڕیشی کـابرا هەموو دەردەهێنێ تا خەڵك پێی بڵێن پیرە . شەوێکی تر دەچێتە لای ژنە بچووکەکە ژنەش بەم شـــــێوەیە هەموو مووە سپی‌یەکانی دەردەهێنێ هەتا پێی بڵێن مێـردەکەت گەنجە . لە ئەنجاما موو لە ریشی کابرادا نامێنی . ئەم پەندە لەوەوە هاتووە .

٥ ـ هەمزەکۆر دێ‌یـەکـە نزیـك ناحیـــەی « قوشتەپە »ی پارێزگای هەولێرە .

٦ ـ ئەم پەندەم لە دەمی مەلا شەریفی قادری « گۆسکەیی »م بیـــــستووە کە تەمەنی نزیکە (۸٥) ساڵێك دەبێت ، دەڵێت ..

کابرایەك لە کوردستانەوە دەچێتە حەج ، لـە شاری « مەککە » دا چاوی بە دووکاندارێکی کـورد دەکەوێ پێی شاد دەبێ پاش چاك‌و چۆنی‌و هەواڵ پرســـین کابـرا بە دوکاندارەکە دەڵێت تـۆ چـۆن گەیشتیتە ئێرە ؟

کابرای دوکانداریش دەڵێ « لـــە بـەر باڵـلا باڵلای باران‌و بینـە بینەی مـام زێندینان هـاتیمە ئێـرە » .

بە کەسێك دەوترێت لە بەر قەرزاری‌و هەژاری بۆ کاسبی ســـەری خۆی هەڵگرێت بـۆ وڵات یـا شارێکی تر .

هەڤاڵی‌یا ـ پاشماوە

وی نەبینن‌و نەکەفتە بەر دەســـتـــێ بەرگری‌یـــا ئیرانی ..

ئەفە ژی نموونەکێ دی یێ «ڕێبەرا» کو ئەو خۆ ڕێبەر ددانن بۆ مللەتێت ئیرانی‌و بۆ یاکـــو دبێژنی « کومارا ئیســـلامی‌یا ئیرانـــــی » . لێ هێڤکەنێ چەند جودایی‌و جیاوازی‌یا هەی لناڤ بەرا «ڕێبەرەکی» خۆ دمالفە قوتابیت‌و نەدەرکەفیت‌و قوماندارەکێ خـــورت‌و زیرەك وەکـــو هەقـــال صدام حسینی کو دەما هێرشەك دهێتە کرن دژی عیراقێ .. سەرۆك بخۆ دچیتە ڕێزێت نێزیـــك ژبەرەیا شەڕی‌و ئەو بخۆ نەخشا ددانیت بۆ شەڕی‌و ستراتیژی‌یا شەڕی ..

ئەفەیە مللەتێ عیراقێ یێ پالەوان‌و ئەفەیـــە قومانداری ئی مللەتی صدام حسین ..

ئو راستە دەمێ گۆتن صدام .. گۆتن هەمی عیراق .

زایونیەکان ـ پاشماوە

لە گەمارۆدانی وڵاتـــــە عەرەبەکان بە کۆمەڵـــــە وڵاتێکی دژ بە عەرەب بـۆ ئەوەی عەرەب نەتوانن خۆیان بە تەواوی دژی مەترســـی زایۆنی تەرخان بکەن کـــە لە ناو دڵی نەتەوەی عەرەبدا خۆی جێگیرکردووە .

ئەنجا ڕاپۆرتەکە ئەوەی دەسنیشان کرد کە ئێرانـــی خومەینی ئێستا پشت بـــە (ئیسرائیل)ەوە دەبەستی وەك سەرچاوەیەکی کرنگی بۆ چەك .

هەروەها ڕاپۆرتەکـــــە وتی سیاسەتی ئیســـرائیل لەسەر ئەوە وەستاوە کـــە عیراق دوورخاتەوە لە بەرەی ڕۆژەڵاو بۆ ئەم مەبەســـتە ڕۆژەڵات‌و بۆ ئەم مەبەستە شەڕی کەنداو ئەم هۆیەیەو باشترین شت بۆ (ئیسرائیل) ئەوەیە کە ئەم شەڕە تا بکرێ درێژەی پێ بدرێ .

دەست .. ـ پاشماوە

فەلەستینی‌یەکان بانگێکیان بـۆ هەموو ڕێکخراوەکـــان بڵاوکردەوە کە لە خولی ۱۷ی ئەنجومەنی نیشـــتمانی‌ی فەلەستینی‌دا بەشـــداری بکەن کە بڕیار وایـە ۲۲ی ئەم مانگە لە عەممـــــان‌دا ببەسترێ .

لە لایەکی تریشەوە فهد القواسمەی ســـــــەرەك شارەوانی شاری خلیل کـە ئیستا سەر لە میســـردەدا وتی پێویستە خێـــــرا ئەنجومەنی نیشـــــتمانی‌ی فەلەستینی کۆببێتەوە بـــۆ ئـەوەی بـــاری ناوخـــۆی فەلەستینی چاك بکاتـــەوەو هەروەها وتی بەستنی ئـەم کۆبوونەوەیە لە عەممـــانـدا شتێکی زۆر ئاســـایی‌یەو گرنگە چونکە عەممان بەسەر ٦۰۰ کیلۆمەتری ســـنووردا دەڕوانی لـــە خاکـــــی فەلەستینی‌و لـــە سێ‌یەکی گەلی فەلەستینی زیاتر لـــە ئەردەنا دەژی .

بەرەڤانیەك ـ پاشماوە

دەرکەت چو ناف ئێلا خسارکا و شێخ‌دۆدا ، ئێلا خسارکا و شێخ دۆدا دگەل ئێـــــلا چەتو ل هەف دانە شـــەڕ ، مامێ قلکێ خوە گەهـــانـــدە چەتو ، چەتو خوە ژێ پشت ڕاست کر ، وەکی مامێ قلکێ شیر حەلالە و ژێرا بیـــی پشت ، لێ مامێ قلکـــێ ب دەمانچێ لێدخە ب نەیـاری چەتو دکوژی .]

دیسا ئەفە ژی برادەری یا ژ نفشتا (سترانێ ...) ل بپ (٤۸٥) وەرگرتی بێی دەست نیشان کرن .

۳ ـ [زرکا : ئێلەکـــــە کوردە مەزن و نافـــدارە ل ڕاژورێ بـاژارێ ئامـــــەد (دیاربەکر) رودنن ، مـــالا سیف الدین پاشا مەزنـــێ وانن .]

دیسا ئەفە ژی برادەری یا ژ فەرهنگا هێژا جەگـــەر خوین ژمارە (۲) ل بپ (۱۱۳) وەرگرتی بێی دەست نیشان کرن .

٤ ـ [باخەمس : دکەفیتە ئورتا زاخو و دێرکێ .

دێرك باژارێ سوریایە ، باخەمـــس دکەفیتـــە دبـن چیایێ مەتینا .] هەر وەسا ئەفە ژی برادەری یا ژ نفشتا (سترانێ ...) ل بـــپ (٤۸٦) وەرگرتی بـــێی دەست نیشان کرن .

٥ ـ [گەوەندێ : نافـــێ چیایەکێیە .

٦ ـ حەلیمە : ژنا عەمـــێ گورێیە .]

دیسا ئەفە هـــەر دو ژی بـــرادەری یـــێ ژ نفشتا (سترانێ ...) ل بـــپ (۳۳۸) وەرگرتن بـــێی دەست نیشان کرن .

ل فێرێ هەکە مـــرروف بێت ئێ گوتارێ و گوتـــارا برادەری هەڤبەرکرت دێ بو مروڤی خویا بیت کا برادەری چەند دەست درێژی یێـــت کرین ، چار ڕێز ژ نك خـو نەنفیسینە وبێ دی هەمی ل سەر کیستێ خەلکی ..!!

بو فێ چەندێ هەتا کـــو پەیڤا (سەرپـــێ‌هـــاتیا ، دەنگبێژ ، ...) یا ژ فـــێ نفشتێ (سترانـــێ ...) ل بپ (٤۹۷) وەرگرتی .. بو برادەری (سترانێ ...) ل بپ (٤۹۷) وەرگرتی .. بـــو برادەری [ئـــەرێ مروڤ چەوا دشێت فـــێ گونەهباری‌یێ بکـەت ، مافێ ڤان هەر دو گولا (ئوردیخانێ جەلیل و جەگەر خوین) ب ئافێ دا بەر دەت ؟

یێت کو سەرێ چەنـــد سالا ڕەپخ کێشای و خوهـــ ژ ئەنیا خو مالی ژ بو بـــەر هەڤکرنا کارەکێ هوســـا یێ مەزن ..] .

ئەرێ گوتارێت هوســـا دێ چ مفایی گەهینـــــە خویندەڤانـــا ، نە ئەوە ژ زمانەکێ دی وەرگێرایە ، یان ژ زارافەکی بو زارافەکێ دی، نە ئەکـــولین لەســـــەر سترانێ ...؟

ل دویماهیکـــێ هیڤیدارم ژ نفیسەڤانێت مە خـــو ب ب وان تشتا ئەب وەستینن .. یان بنفیسن یێت کـــو خزمەتا ئەفرو بکەن .

نە هەما بێژن ئـــەفە ژ چ نەیێ چێترە ...

ژێدەر :

۱ ـ ئوردیخانێ جەلیـــل ـ سترانێ زارگوتنا کوردایە تاریقێ ـ شوکور مستەفا و ئەنوەر قادر محەمەد .

ئینایە سەر ڕێ نفیســـا ئەفرو و فەرهنگ بو دانایە ، بەغدا ـ چاپخانا کـــوری زانیاری کورد ـ ۱۹۷۷ز .

۲ ـ جەگـــەر خویـــن ـ فەرهەنگا کوردی ـ

ژمارە (۱) بەغدا ۱۹٦۲ز، ل چاپخا نا (ارشاد) هاتی‌یە چاپ‌کرن .

۳ ـ جەگـــەر خویـــن ـ فەرهەنگا کوردی ـ

ژمارە (۲) بەغدا ۱۹٦۲ز، ل چاپخانا (ارشاد) هاتی‌یە چاپ کرن .

لە یادی ـ پاشماوە

هەندێ جاریش لە ئەنجامـی لایەنی پێشکەوتوو لـــــە ئاژانسی دەنگوباس لەهەولێر ،دهۆك‌و ســـــــلێمانی هەواڵەکانیان لە ڕێگـــــەی ئێمەوە دەگەیەنن ئاژانسی عیراق .. بۆئـــــەوەی هەواڵەکان لە کاتی خۆی‌دا بگاتە بەڕێوەبەرایەتـــــی ڕۆژنامەو هۆیەکانـــــی ڕاگەیاندن ...

ـ بەڵام کاك «شێرکۆ» ئەوە دوو ساڵە هاتۆتە ئـەوێ ، چیرۆکی هاتنەکەشـــــی بەرێکەوت بو ، دەڵـــــێ : «بەرێکەوت هاتمە ئێـــرەو ئێستا پیشەی گەڕان بەدوای هیلاکی بۆتە بەشیکی گەورەی ژیانم .. هەموو ئیش‌وکارمان لەم دەزگایەدا نوێ‌یەو ڕۆژ بەڕۆژ هەست بە داهێنان‌و خۆشەویستی تازە دەکەین.. چونکە جیاوازی گەورە هەیە لەنێوان وەزیفەی ئاســـایی‌و خولیایی ...» ، هەر ئەمەشە وای لە کارگێڕانی ئـــــەم دەزگایە کردووە بەشێوەیەکی نا ئاسایی کار بکەن‌و هەموو خۆشەویستی‌و خالیـای خۆیان لە نێوان ئیش‌وکاری دەزگای ئاژانسەکە ببێنن بـۆ گەیاندنی تازەترین هـــەواڵ‌و خزمەتی باری ڕاگەیاندن...

چیرنینکۆ ـ پاشماوە

ئەنجا چێرنینکو وتـــی هەر هەوڵێ کە بـــدرێ بۆ سەرکەوتنی سوپایی بـــێ سوودەو مەترسی دێنـــێ بۆ ئەم دوو وڵاتەو بـــۆ جیهان :

چیرۆك بۆ ـ پاشماوە

هەر کە بە جووتە لـــە ماڵی مامووڕج نزیـــــك بوونەوە ، کەرویشکـــــە بچکۆلە چاوی بە مام ڕێـــوی کەوت باڵی لێ‌پەیدابـــوو بەخێرایی .کەوتە ڕاکـــردن بێ‌ئەوەی هیچ ئازارێکـــی پێوە دیار بێ .

مامووڕج سەری سوڕمـا ووتی : خۆ قاچی چـــاك بۆتەوەو مانگێکیشە لەســـەر من ئەلەوەڕێ .

لە نەخۆشخانەی ـ پاشماوە

● **لەم خستەخانەیـــەدا هیـــچ دەورەیـــــەکتان نەکردۆتەوە ؟**

ـ لەمڕۆژانەدا ئامادەیـــی تیمار سازی « اعدادیـــــە تمریض » بۆکچان ئەکەینەوە، کەکۆمەڵی کچی خوێندکـار هاتونەتە پێشەوە بۆئـــــەم مەبەستە ناویان نوســـیوە ، لەکۆتایدا ئەمەوێت بڵێـــم کاروبـــاری نەخۆشـــخانەم بەدڵە چونکە بەڕێوەبەرایەتـــی گشتی تەندروستی سلیمانی یارمەتیمان ئەدا لـــــەروی دەرمان ناردن‌و چارەســـەری چەڵەمەکان .. جگە لـــەوەی لێمـــــە زووربەمـــــان خەڵکی ناوچەکەین ، خەڵکی ئەم شارەش هۆشـــیارن بەرامبەر کارەکـــــەمان‌و بەتەنـــگ بەپیـــرۆزی کارەکەمانەوەن .. پاشـــان بەرێز دکتۆرە سمیرە محمد صالح کەیەکێکـــــە لـــــەو پزیشـــــکانەی لـــــەم نەخۆشخانەیەدا کار ئـــەکات ووتی :ـ

ئێمە لێرە تەنهـــا دوو دکتۆرەین کەنەخۆشیەکانـی ئافرەتان بەگشتـــــی‌و منداڵان ئەبینین ، ئـــەوەی ڕەچاوم کردوە لێرە تەنـگ‌و چەڵەمەمان ینیە .

● **دکتور ئێوە چارەسەری نەخۆشیەکانـــی ئافرەتان ئەکەن ، ئەو نەخۆشیانـــە چیە بەزۆری دێتە بەرچاوتان‌و چارەسەریان ئەکەن .**

ـ ئەو نەخۆشیانـــــەی بەزۆری چارەسەری ئەکەین‌و توشی ئافرەتان ئەبێت لێرە، هەوکردنـــی میـــزەڵان‌و گورچیلەیە ...

هەروەها هەوکردنـــی جگەر لەمنالدا ، کەئەمانـــە بەگشتی پەیوەندی هەیـــە بەئاوی ناوچەکـــــەوە ، هەروەکو دکتور هیـــوا فەرمـــوی ، لـــەبەرئەوە داواکاریم ئەوەیە کە ســـەوزە باش بشۆرێتەوە ، ئـــاوی بیرەکان بەیناو بەین بێـــن بۆپشکنین .. هەروەهـــا دایکان ئاگاداری پاکـــژی منالەکان بن ، بەتایبەت ئەو ئەو منداڵانەی مەمکە مـــژەو شوشەی شیریان هەیـــە ، پێویستە زۆر بەپاکـــــی ڕابگیرین‌و بەئاوی پـــاك شیرەکانیان بۆ بگرنەوە ...

● **دکتور ئایا سەر ئەدەن لەدێ هاوچەرخەکانی ئـــەم ناوچەیە ؟**

ـ بۆئەو مەبەستە ، لـــە هەر دێ‌یەکی هاوچـــەرخ مەلبەندی تەندروستـــی تایبەتیمـــان هەیـــە ، بەسەرپەرشتی معاون وقائی‌ی خۆشمان ئاگادارین لەهەموو ڕوداوێکی ئەو شوێنانـــەوە کە پەیوەندی بە نەخۆشـــەوە هەبێت .. جگەلەوە ئێمـــە ڕابەری تەندروستیمان هەیە، کەبەرێز خورشیدە بابان ، ئەرکی ئەو ڕابەرایەتیـــەی گرتۆتە ئەستۆ ، دیدەنـــی ماڵەکان ئەکاو دەوری چاکی هەیە ، لەهوشیار کردنەوەی دایکان‌و خێـــزانەکـــاندا سەرکەوتنی بۆئەخوازین .

● ژمارەی ئەو منداڵانەی لەنەخۆشخانە لەدایك ئەبێ زۆرترە یان ئەوانەی لەژێـــر دەستی ماماندا لەدایـــك ئەبن ؟

ـ ئەوەی ڕاستبێـــت زوربەی منداڵان لێرە لەژێر دەستی ماماندا لەدایـــك ئەبن ، هەندێ لەو مامانانـــە ڕێگا پێدراون هەندێکیـــان لاوەکی بەوکارە هەڵئەســـتن ، جائێمەش ڕێنمایی دایکـــان‌و خوشکان ئەکەین ، کـــــە سەربدەن لەنەخۆشخانـــــە بۆ دەستنیشان‌کردنـــی زۆر لایەنی پەیوەند بەســـك‌و منال بونیانەوە .. هەروەهـــا هەول بدرێـــت ، دەورە بۆئەو مامانانە بکرێتـــەوە ، تاشت زیاتر فێربن‌و ڕێگـای باشتریان پیشان بدرێت .

مانگرتنی ـ پاشماوە

حکوومەتی لوبنانیشـــ ئەو گفت‌وگۆیە سوپایی‌یەی ڕاگرات کە لە ناقـــورەدا دەستی پێ‌کردبوو لەگـــەڵ زایۆنی‌یەکانـــدا تـــا هاووڵاتی‌یە گیراوەکـــان بەردەدرێن .

لە لایەکـــی تـــرەوە کاربەدەستە زایۆنی‌یەکان لـــە قودسی داگیرکراودا وتیـان گیراوەکان بەرنادرێت‌و لـــە هەمان کاتدا وەزیـــری دەرەوەی قەوارەی زایۆنـی اسحاق شامیـــر وتـــی (ئیسرائیل) خـــۆی بە تەنها ئاسایشـــی خـــۆی دابین دەکا لە خـــوارووی لوبناندا‌و وتی تا نەگەیشـــە ڕێکـــەوتنـــێ لـــــە لوبناندا دەمێنینەوە .

لە بواری بەرگری‌کردیشدا هێزی بەرهەڵستیکارانـــی لوبنان هێرشیان بردەســـەر دەوری‌یەیەکی زایۆنی لـــە نزیك شاری دوشرو هەندێ زیانیان پێ‌گـــەیاندن . هەروەها لەسەر ڕێگـــای (سەیدا ـ سوور)یشـــ هێـــرشیـــان بردەسەر دەوری‌یەیەکی تـــوو زیانیان لەوانیش گەیاندو یەکێ لـــە لەوانیش گەیاند .

پێشانگاکەی ـ پاشماوە

تابلۆکانی بکۆڵێتـــــەوە زۆر شتی تازە دەســـتنیشان دەکات لەگەڵ ئەوەشـــدا ناتوانین بڵێین بابەتەکانـــی هیچ پێوەندی‌یەکـــــی بەپێشانگاکانی پێشویـــــەوە نی‌یە بەلکو بۆچونی ئـــــەم جارەی قوڵترەو هەروەهـــا زۆرێ‌ی لەسەر مەسەلـــەی مرۆڤ داگرتووە بەتایبەتـــی گۆڕانەکانی دەمەوچـــــاو ، هەروەها زۆر شتی هندسی نەماون یان کەم بونەتەوە لە تابلۆکانی ئەم جارەیـــــدا ئەگەر بەراوردی بکەیـــن لەگەڵ تابلۆکانی جارانـــــدا هەرچەندە باڵندەکـــان بەدی دەکەیـــن بـــەڵام کەمتـــر لە جاران . کەواتە ئەمانـــە هەمووی گۆڕانێکە لـــــە هونەرمەندو هەستەکانیدا کە لە دەربڕینی هورژاندنـــی دەرونیەوە گـــوڕراو بـــۆ دەربڕینێ کە لە سروشتەوە هەڵقوڵاوە هەچەندە ئـــــەم گۆڕانە ماوەیەکی کەمـــی نەویستوە .

Institut Kurde de Paris

لە یادی نوێ کردنەوەی باوەڕو بەڵێن

بەڵێ.. صدام حسین سەرکردەو رابەری گەلە

پێری ، ســـــەرتاپای وڵاتەکەمان ، یادێکی پیرۆزی کردەوە ، کە بادی بەڵێن‌دان‌و باوەری زیاتری گشت گەلی‌عیراق بوو بەسەر کـــردەو رابەری مەزنی صدام حسین

سالی رابووردووتر لـــە١٤ی تشرینی دووەمـــداسەرجەمی گەلی عیراقـــی مەزن بە کوردو عـــەرەب‌و هەموو کەمایەتیە براکانیەوەلە خۆپیشاندان‌و نومایشی جەماوەری گەورەدا ،باوەری‌تـــەواوی بەسەرکردایەتی‌سەرەکی فەرمانده صـــدام حسین نوێ کردەو بەڵینی‌دا بەسەرکردەی رەوتـــــی‌سەرکەوتومان کە هەمیشـــە لە سایەی رابـــــــەری‌سەرکەوتوونەیدا رەوتـــی‌عیراقی مەزن بەرەو لوتکەی سەرکەوتنی زیاتر بەڕێ.

سەرەکی فەرمانده صدام‌حسین ســـــەرکردەیەکی‌ئاسایی نیە ، سەرکردەیەکی هەڵکەوتوو بەهرەدارە لـــەناخی گەل‌و پێداویســـتەرەواگرنگەکانیەوە هـــات‌و ڕێگای گرتە بـــــەروسەرکردایەتی رەوتی عیراقی‌مەزنی مەردانەو لێهاتوانـــە گرتە دەست ، هەر لـــەورۆژەوە ، ئەم رۆڵـــــــەهەڵکەوتە مەزنە ، ئەرکـــی رابەری ئەل‌و رەوتـــــی‌شۆڕشی ســـــەرکەوتووی‌عیراقی گرتە ئەســـتۆ ، سەرکەوتن دوای سەرکەوتنی‌مەزن بەدی دێنی کە دووپاتی‌ئەوە دەکاتەوە بە حـــەق صدام حسین رۆڵەو رابەری‌گەلەو ئەوو ژیری‌و بەهرەی‌بە توانای ئەو ئەم قەڵاتیشك دەرەوەی بۆ عیراقی مـــزن‌بەدی هێناو هەر رابەری ئەوزامنە بۆ سەرکەوتنی زیاتر.

ئەمرۆ کە یادی ئـــــەوبیرەوەریە پیرۆزە دەکەینەوەهەموو دڵسۆزیکی ئەم گەلە، بەڵێنی خۆشەویستی‌و بـــەوەفایی بۆ سەرکردەی رەوتی‌سەرفرازی عیراق پاڵەوانـــی سەرکەوتنە مەزنەکانمـــان صدام حسین نوێ دەکاتەوەو لـــــە سایەی سەرکردایەتی ئەودا رۆژ بە رۆژ ئەم گەلـــەفەڵای بیناکاری بـــــەرزوبەرزتر دەکاتەوە ، بـــــە کۆبرایی هەموو دوژمنێکـــی‌داخ لە دڵی عیراق‌و صـــدام‌حسین لە دڵی گەلدایەو لـــە بیلبیلەی چاوەانایەو لـــــەزەردەخەنەی شیرینی ســـەر . لیوی منداڵەکانماندایـــەو هێزی بازووی جەنگـــاوەرەمەردەکانمان لەوەوەیەو کـــەدەڵێین صدام ، یانی دەڵێین گشـــت عیراق‌و سەرجەمی‌گەلی عیراق .

دلاوەر

بیرنگی راگوزاری

لەگەڵتاو .. بەڵام ...!!

هونەرمەندێکی لاوی تـــازە پێ‌گەیشتو نامەیەکـــــی نووسیوە گلەیی ئەوە ئەکا کە بەڕێوەبەریتی چەماوەر لـــە هەولێر بەڵێنی بەســـــتی کۆریکیان پی‌داوەو لـــــەو ڕۆژەدا ئەو خۆی ئامـــــادە کردوە بۆ بەستنی کۆرەگـــە پەشیمان بوونەتـــــەوەو بیانووشیان ئەوەبوو نابـــی ڕێگا بە گەنجیك بـــدری شەهادەی نیە کـــــۆری ڕۆشنبیری بیەستـــێ !! ئەگەر ئەو برا هونەرمەندەو بەڕیوەبەریتی ڕۆشنبیری چەماوەر لێمان زویـــــر ئەبن رای خۆمان لـــەم بارەیـــــەوە بەم چـــــورە دەرئەبرین [چارێ بەئیسپەت بەڕیوەبەریتی هەولیر چاتر وابوو هەر لەسەرەتا ئـــەو رایەی بەو برا هونەرمەندە بوتایە ، ئەك بەئینی باتـــی‌و کاتی کورەکە دیاری بکـــاتو ئەو ئەرکی هاتن لەسلیمانیەوە بکێشێ‌و ئەوسا رای وابـــێ ئەم گەنجە شایانی ئـــــەوە نیە کۆری بۆ ببەســـــتری بەم چۆرە ئەفسیەتی ئـــەو گەنجە ئەزیەت ئـــەدرێ .. لێرەدا لەگەڵ ئەو برایەدا گلەیەکەی کردوە ..] . بەڵام حەز ئەکەین بەویش بڵێین ئەوی راستی بێ کۆر بەستن لای «لاوەکان»بووە بە مۆدە .. دوو کتێب ئەخوێنێتـــــەوە یەکسەر داوا لەیەکێ لـــــە دەزگاو لایەنە ڕۆشنبیری‌کان ئەکات کوری بۆ ببەســـتو « محاضره » بدات . ئـــــەم رایەمان دژی چالاکـــــی « لاوان » نیە بـــەقـــەدەر ئەوەی بەتەنگەوە هاتنـــی دلسۆزانەی پێ‌گەیاندنـــی ئەوانەو بەقەدەر ئـــــەوەی بەتەنگەوە هاتنی سەرجەمـــی باری ڕۆشنبیریمانەو ژمارەی داهاتووش لەم مەسەلەیـــــە ئەدوێین .

بەهـــــزە

چاپی دووەمی دیوانی مەحوی‌و بانگەوازێك

پاش بڵاو بوونەوەی چاپی دووەمی دیوانی مەحـــوی کە ، ... لێکدانـــــەوەو لێکولینەوەی مامۆستایـــان مەلا عبدالکریمی مدرســـو محمدی مەلا کریمە ، نیـــاز وایـــــە بە ناوی مەحـــوی رابەڕەوە وەك کۆڵەکەیەکـــی گەورەی شیعری کلاسیکـــی کوردی چەند لێکولینەوەیەکی بەنرخ دەربارەی مەحـــوی‌و شیعرەکانی ئامادە بکـــرێ‌و بە چاپ بگەیەنرێ کـــــە مامۆستایان [د. عزالدیـــن مصطفی رسول ، کاکـــەی فەللاح ، صالح دیـــلان ، سوران مەهوی ، محمد امین هەورامانی ، برهان قانـــع ، کامل ژیر ، عبدالله عزیـــز خالد ، محمدی مەلا کریم] بەشداری تیا دەکەن جـــا بەو بۆنەیەوە داوا لـــــە نووسەرە بەریزەکان دەکەین ئەوانەی دەیانەوێ لەم پرۆژە ئەدەبیەدا بەشداری بکـــەن بەرهەمیان تـــا ١-٢-١٩٨٥ ڕەوانە ئەم ناونیشانە بکەن.

سلێمانی بـــــەردەرگای سەرا کتیبخانەی سلیمانـــی عبدالله عزیز خالد .

چیرۆك بۆمنداڵان

حازر خۆری بەر سێبەر

نیازی مستەفا

کردوویەتی بەکوردی

ڕۆژێکیان وورچێك پێی بە پێی کەروێشکێکدا نا ، کەروێشکەکە هاواری کرد ، لەتاو ئازار چاوەکانـــــی پڕ بوون لە فرمێســـــك ، وورچەکە زۆر بەزەییـــــی پێداهاتەوە دای بە کۆڵیـــاو بردیە ماڵەوە ؛ خزمەتێکـــی زۆری کردو هەموو ڕۆژێکیش لێی ئەپرسی : کەروێشکی ئازیز قاچەکەت چۆنـــــە ؟ ئەویش شوێنەکەی بژوێـــن‌و خۆش بوو پێی ئەووت :

– مام وورچ بڵێم چـــی هێشتا ئازارم زۆرە .

بەیانییەکیان کەروێشکەکە بە مام وورچی ووت :

– تۆ ئەزانی ئەمەنـــدەت گێژەر دامێ تا لەبەرچـــاوم کەوت ، ئیمڕۆ ئارەزووم لـــە کاهووە .

مام وورچ لێی‌دا ڕۆیشت تا کاهووی بۆ پەیدا بکات ، لە ڕێگا تووشی ڕێوی بـــوو کە لێپرســـــی : عەودالـــی چییە ؟ بەسەرهاتەکەی بـــۆ گێڕایەوە ڕێوی ووتی ، ئەم کەروێشکە بەسزمانەی لەمەڕ تۆ پێویستی بە پزیشکـــــە وەرە با بچـــین بـــۆ لای‌و ببەین پیشانی پزیشکێکـــی بدەین .

بڕوانە ل ٧

کوردستان طـــە کارزان احمد فەرمان احمد سەرکەوت جەلال

بیچمانی منداڵان

ڕۆمانی ئەوەی دبلۆماسی

لە چاپکراوەکانـــــی ئەمیندارێتی گشتـــــی ڕۆشنبیری‌و لاوانی ناوچەی کوردستان ڕۆمانی ئـــەوەی دبلوماسی دەرچووە کـــــە لەنووسینی « جیمـــــس ئولدرج »ی‌و مامۆســـــتا صلاح سعدالله وەرگیراوەتە سەر زمانی کوردی .

ئەم ڕۆمانە گەورەیـــــە بریتی‌یـــــە لە ٤٩ بەشـــو بەرهەمێکی نوێیە بـــۆ کتێبخانەی کوردی‌و ئەمەش بەرهەمـــــی چاپکـــراوی شەش‌هەمـــی مامۆســـتا صلاح ، ئەوەی شایانـــی باسە نووســـەر چەنـــــدان بەرهەمی تری وەرگیـــراوو دانراوی خۆی بەکـــوردی‌و عەرەبی بڵاو کردۆتەوە .

هەڵبژاردە لە داب‌و نەریتی گەلان

بەیارمەتی دانـــــی ئەمیندارێتی گشتـــــی ڕۆشنبیری‌و لاوانـــــی ئۆتۆنـــومی ناوچـــــەی کوردســـتان کتێبـــــی « هەڵبژاردە لە داب‌و نەریتی گەلان » دەرچووە کـــــە مامۆستا محمد بدری ئامادەی کردوەو مامۆستا مهدی مەلا کریم پێشەکیەکەی بـــۆ نووسیوە ، ئەم کتێبە لـــە ١١٢ لاپـــەڕەی قـــەوارە گەورە .

چاپکراوی نوێ

● زۆرجار نووسەرێـــك یان ڕۆژنامەنووسێك یـــان هەر مرۆڤێکی تر بێت هەوڵو کۆششێکی زۆر دەدات بـــۆ بینینی هونەرمەندێکـــی ناسراو یان زانایەك یـــان ئەکتەرێك ، ئەگەر ئەمەشیان دەست نەکەوت ڕازی دەبـــن بەبینینی ئیشەکانیـــانو کۆمەڵەی ئامادە بوان .

پێشانگاکەی ئیسماعیل خەیات و ڕووبەکی نوێ

بەڵام نازانـــم چی وام لێ‌دەکات کە هەرگیـــز پێشانگایەکی هونەرمەند کاك اسماعیل خەیات لەدەســـت نەدەم ، ڕەنگـــە ئەمـــە پێوەندیەکی نادیاری هەبێ بەمنداڵێمەوە کە بەبێ‌ئاگـــا هەستم ڕادە کێشی بـــۆ وردبوونەوە لە هەمـــــوو تابلۆیەکی بەلکو هەمـــــوو بابەتێکی ناو تابلۆکە ، یـــان لوتم وا هەست دەکـــــات کە بۆنی خۆڵ‌و ئەرزو بەردو پـــڵ‌و پوشەکان دەکـــات ، قاچەکانم ڕادەکەن وا دەزانن دەتوانن بڕۆنە ناو تابلۆکان ، گوێم لە مۆسیقای باڵنـــدە جوانەکانە ، ووشەکانی ئەو ماشقە هـــەر لـــە گوێمـــدا دەزرنگێتەوە ، وا هەســـت دەکەم ئازارەکانی مەســـیح هەموو لە خۆمدا ڕەنـــگ دەدەنەوە ، بەڵام لە پـــڕ هۆشم دێتەوە بەخۆمـــداو دەزانم ئەمە خەیاڵ بـــوومنـــی بردە نـــاو ئـــەم تابلۆ جوانانەو بەدەســـتی‌خالی دەگەڕێتەوە دوا بەڵام ئەگەر ڕۆژگار وا یکـــردوەلەش نەگەڕێتـــــەوە دواو بۆ هێڵاوم کە هەســـــت‌بەبێ‌ئەوەی پاسدارەکان پێی بزانن دەمێنێتەوەو هەرگیـــز خـــوڵ بارین ناتوانێـــت بیشارێتەوە .

ئەمە دیمەنێك بوو لـــــەپێشانگای کاك اســـماعیل خەیات وەك خـــۆم هەستم پێ‌کرد کە سەر لە ئێوارەی ڕۆژی ٦-١١-٨٤ بـــەچاوەڕێیری بەرێز لطیف نصیـــف جاسم وەزیری ڕۆشنبیری‌وڕاگەیاندن لە بەغدا لە هۆڵی ڕەشید کـــرایەوە بـــــەئامادەبوونی کۆمەڵێکی زۆر لـــــە هونەرمەنـــــدان‌وڕۆشنبیران .

ئەوەی شایانی باســـــەئەمـــــە سیانزە هـــەمین پێشانگای هونەرمـــــەندەو پێشانگای ئەم جارەشـــی بیست‌و سێ تابلۆی تێدایـــە بـــەڵام وەك جـــــاران هونەرمەند قەڵەمی ڕەشـــی بەکارنەهێناوە بەلکو قەڵەمـــی ڕەنگاورەنگ هەر ئەمەشـــی جێگای سەرنجـــی زۆر لـــەئامادەبوان بـــــوو ئەمە بە شێوەیەکی گشتی ، بەڵام ئەوەی بەوردی لـــــە

سەرگول تەیمور
وێنەی غازی طلوب

بڕوانە ل ٧

هاوکاری

دەزگای
ڕۆشـــنبیری‌و بڵاوکردنەوەی
کـــوردی

شەقامی الخلفاء
مەیدانی الخلانی

تەلەفۆن
٨٨٧٥٧٩٥
٥ خەت

شیعر بۆ منداڵان ..

ڕاستگۆ

عمر محمد برزنجی

منـــداڵینـــــــە

نـــەکـــەن نـــەکـــەن درۆبکەن
خـــەڵـــك‌و خۆتـــان تەفرە بـــدەن

پێ لـــە تـــەختـــەی چـــروك مەنێن
هـــەتـــا مـــاون ڕاســـتی بڵێن

ڕاســـتی بەهرەی کردگـــارە
دروشـــمێکی بەرزو دیـــارە

مرۆڤی ڕاســـت ســـەرفرازە
هـــەمـــوو دەمێ چـــاکـــە خـــوازە

کەســـەك زەمی لەســـەرنایە
خۆشـــەویستی هـــەمـــوو لایە

ئێوەش تێـــکڕا هـــەر ڕاستگۆین
خـــاوەن وادەو گفـــتی خـــۆیـــن

Institut Kurde de Paris